# کـــــــــەژاڵ

کۆچیرۆك

# کــــــەژاڵ

محەممەد مەسعوود کیایی

وەرگێڕانی

محەممەد عەلی کاکەیی

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

- **کەژاڵ (کۆچیرۆك)**
- **نووسینی:** محەمەد مەسعود کیایی
- **وەرگێڕانی:** محەممەد عەلی کاکەیی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران رواندزی
- **بەرگ:** جیێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١١
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لاوان (هەولێر)
- **لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦٩٥)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦١٦)**

ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی
رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە
**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**www .Kurdchap.com**
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


لەجیاتی پێشەكی ........................................ ٧
لەیاد و بیرەوەریمدا دارێك بچێنە ........................................ ٩
دایەگەورە ........................................ ١٦
شمشێرێك لەكالاندا ........................................ ٢٣
خواوەندی خەون و خەیاڵ........................................ ٢٩
ئەوكەسەی كە دوا ڕۆژێكی نەبوێ ........................................ ٣٩
تورە بوو نێكی شاراوە........................................ ٤٥
ڕۆژێك ئەوین و خوشەویستی دەستی جوانی هەڵدەگوشی........................................ ٥١
خاسە ژن ........................................ ٥٩
كەژاڵ ........................................ ٦٨
وەرزی كۆچ ........................................ ٧٤
خەمی نان........................................ ٧٧
كاتێ كە مەرگ بەخشەری هێمنی و ئارامییە ........................................ ٨٩

# لەجیاتی پێشەکی

ناوچەی کوردنشنی کرماشان لـە درێـژایی مێـژوودا کانگـای چـاند و کولتـوور و هونـەر بـووە و ناوبانگی ئەم مەزنایەتییەش لە هەموو سەدەکانی مێـژوودا دەدرەوشـێتەوە و بـەم بۆنەوەیـە کـە بـە کرماشان دەڵێن «لانکەی شارستانییەت». سـەرهەڵدانی یەکـەمین سـەرەتاکانی ئـەدەبیات و وێـژەی کوردییە لە ١٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا و گەلێك قسەی دیکە.

ئەوەی کە لێرە باسمان لە سەریەتی چیرۆك و چیرۆکنووسییە کە ناوەندێکی گەورەی چیرۆکنووسـییە لە ئێراندا و گەلێك کەڵەنووسەری بەهێز و هێژا لەم ناوچە دیرۆکییـەدا سـەریان هەڵـداوە یـەکێك لـەم نووسەرە پڕهەست و مرۆڤدۆستانە، بەڕێز **محەممەد** مەسعوود کیاییە.

**محەممەد** مەسعوود کیایی لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٨ کۆچی هەتاوی ڕێکـەوت لەگـەڵ ١٩٥٨ی زایینی لە شاری سەرپێڵ زەهـاو چـاوی بـە ژیـان هـەڵهێناوە لـە سـاڵی ١٣٥٧-١٩٧٨ نیشتەجێی کرماشان بووە. گەلێك ساڵانە کە ئەویندارانـە خـەریکی مەلەوانییـە لـە ئوقیانووسـی چیرۆك و چیرۆکنووسیدا، لە ٢٥ ساڵی بەر لە ئێستا لە گۆڤارەکانی «کەیهان و ئافرەتان» یەکـەمین چیرۆکەکانی بڵاو بوونەتەوە لە ساڵی ١٣٦٣ ١٩٨٤ چیرۆکی «دایەگـەورە»ی نووسـیوە و بـەردەوام پەرەی بەم کارە داوە.

دوو کۆمەڵە چیرۆکی بە چاپ گەیاندووە بە ناوی «لە یـاد و بیرەوریمـدا دارێـك بچـێنە»، دووەم «کاتێ کە مەرگ بەخشەری هێمنی و ئارامییە» و لە داهاتووشدا سێیەمین بەرهەمیان دێتە چـاپ و بڵاوکردن. تۆخمی سـەرەکی کارەکـانی سـەرنج و دەرخسـتنی راسـتییەکانـە کـە لـە شـارەکانی کرماشان، قەسری شیرین، سەرپێڵیزەهاو خۆی بینەری ئەمانە بووە. خۆجەییکردن و خۆماڵیبـوون

له مۆرکە تایبەتییەکانی ئاسەواری محەممەد مەسعوودکیایین. باس لەسەر کۆمەڵگای خۆی، ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان، ئازارەکانی، خەم، هەژاری لە ناوەرۆکی هەموو بەرهەمەکانیدا بەرجەستەیە و گەلێك قسە و وتەیتر...

لێرەش جێگەی سپاسە لە بەڕێز ئیرەج قوبادی کە منی لەگەڵ محەممەد مەسعوود کیایی -کە بە راستی مرۆڤێکی بە ئەمەك و دڵۆڤانە- ئاشنا کرد و یادی ئەو ئێوارە بە سۆزەی کە پێکەوە لە پاڵی کێوی بێستوون و ئاو و کانییەکەی و شەویش لە ماڵی کاك محەممەد مەسعوود کیاییدا بەسەرمان برد هەر زیندووە.

هەر بژین، هەر بمێنین، بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

**محەممەد وەلی کاکەیی**
**٨٩/٢/١٦ کۆچی هەتاوی**
**١٦ی خەرمانانی ٢٧١٠ی کوردی**
**٨ی جولای ٢٠١٠ی زایینی**
**شاری سنە- کوردستان**

## له یاد و بیرەوەریمدا داریك بچێنه

لەسەر «تەپەعیسا»[1]وە راوەستاوم، لە فێنکایی دەمەو ئێوارەدا لەبەرچاوم گەلێك تەپۆڵکەی شینی دیواندیو دەبیندرێن. بچووك و خۆڕاگران. پێکەوە بەستێنێکیان داگرتووە. لێرەوە وەکو هێڵگەلی گەورە لەسەر دەشتێکەوەن بە رەنگێکی شینی تۆخ.

دەزانم کێن. بچووك و پشتاوپشت پێکەوە، تژی لە چیرۆکی سالآنی لە مێژ کە بە پەلە تێیان پەڕاندووە.

لە لای راستەوە، دارەنەمامگەلی کالیپتوس بە هێمنی سێبەرەکانی خۆیان کۆ ئەکەنەوە تاکو ئەم پاشنیوەڕۆە بسپێرنە باوەشی ئێوارە.

لەم لاوە رێگایەکە کە بەرەو «نەفتشار»ە[2] خاکی و خۆلآوی و شپرزە لەسەر سنگی دەشت و تەپۆڵکە بچووك و رزاوەکانەوە، لە ژێر و لێواری ئەمانیشەوە «ئەڵوەند»[3] کەوانی خۆی راکێشاوە، لە لێواری تەپۆڵکەکەوە دەسووڕێتەوە، لە نێو باخ و کێڵگەکانی میوەی ئەملا و ئەولایدا، لە ژێر «پردی تاڤگەوە»[4] تێدەپەڕێ، لێوی خۆی نزیکی بەردی ماڵەکان دەکاتەوە و وەکو تیرێکی هاوێژراو کە لە «دالآهو»ە[5]وە دەداتە نێو «قەسر»دا[6] کۆتایی پێ دێنێ و لە «قەرەنتینە»[7]وە دێتە دەرێ. دیسانەوە ئەملاوئەولای تژییە لە داری لیمۆ و دارخورما.

ئەڵوەند لە هێڵی تێپەڕینی خۆیدا لە خۆڕاگری و بەژن زراڤی دارخورماکان و لە پڕسەمەری

---

١- ناوی تەپۆلکەیێکە لە نزیکی شاری قەسری شیرین.

٢- ناوی شارێکە لە نزیکی قەسری شیرین.

٣- ناوی چۆمێکە کە لە قەسرەوە دەگاتە خانەقین.

٤- ناوی پردێکە لە شاری قەسری شیرین.

٥- ناوی چەم و دۆڵ ناوچەیکی کوێستانییە لە رۆژئاوای پارێزگەی کرماشان.

٦- شاری قەسری شیرین لە رۆژئاوای کرماشان.

٧- ناوی نەخۆشخانەی قەسری شیرینە.

لیمۆکان ڕیز دەگرێ. لەسەر تەپەعیساوە بووم، دەمەو ئێوارە بوو. هێشتا «وەرزی خورماپـەزان»[٨] نەهاتبوو. ئەو لەسەر دیواری نزمی باخچەکانەوە دانیشتبوو. بۆی ڕوانیم.

لەوەی کە ئەمبینی، شاگەشکە ئەبووم. بە هەستەوە سەرنجیم ئەدا. دەمویست بزانم کە ئایـا لە دڵی ئەویش وەکو من هەستێك بزاوتووە؟ ئایا ئەوەی کە مـن دیتوومـە، ئـەویش دیویـەتی و چێژی لێ وەرگرتووە؟ جوانی ئاسمانئاسای تەپۆڵکەکان، دارەکان و ئەڵوەندیش، کە بـە دڵپـاکی و بێگرێ هەموان تێر ئاو دەکاتەوە. ئەو دانیشتبوو، بێدەنگ. سەرنجی بڕیبووە هەر ئەو شوێنە. بۆ تەپۆڵکەکان، بۆ شینایی بێوێنە و دڵڕفێنی و ڕیزبەنـدی و پشتاوپشـتی هێـڵ و چـاڵەکانی. بـە پەشۆکاوی و هەستەوە بۆی دەڕوانیم. دەمەویست پرسیارێ بکەم، بەڵام لـە دڵـدا شـکم هـەبوو. دەترسام کە وەرەز و ناڕەحەت بێت. بە شـێوەیەکی تایبەتـەوە بێـدەنگ بـوو، و بـە شـێوەیەکی تایبەت دەیڕوانی و سەرنجی ئەدا. ئەم پێ و ئەوپێم دەکرد. سەری سووڕاند و سەرنجی شاری دا کە لە ژێر تیشکی ئێوارانی هـەتاوەوە دەدرەوشـایەوە. ماڵـە خشـتییەکان، سـەربانە کاگڵییـەکان، هێشووە مەیلەوزەردەکانی ئاوێزان بە دارخورماکانەوە. هێشتا وەرزی خورماپەزان نەهاتبوو.

لەپڕ هەڵگەڕایەوە و بە بزەیەکی خەمینەوە سەرنجی منی دا. تێگەیشتم کە ئەویش لـەم جوانییـە چێژی وەرگرتووە و خەریکی دۆزینەوەی ئاسەوارەکانیەتی لە مندا، دەیویست بزانێ ئایا منـیش وەکـو ئەو شادمانم؟ چونکە دڵنیا ببوو، ئاخێکی هەڵکێشا و هەستایەوە و وتی:

- بریا وێنەکێش بووما.

بێ وستان وتم:

- ئەرێ! منیش گەلێك هیوا و ئـارەزووم هەیـە و لـە دڵمـدا دووپـاتی ئەکەمـەوە. ئـەو هیوایانەی کە ڕەنگە بە مێشك و بیری هیچ کچێکی خەیاڵپەروەردا نەهاتبێ.

وتی:

- بریا دەمتوانی هەر لێرەوە وێنەی قەسر بکێشم، ماڵـەکان، باخـەکانیش بکێشـم و لـە نێوانیەوە ئەڵوەند تێپەڕێنم.

وتم:

- کالیپتوسەکان! موجتەبا! کالیپوسەکان!

- بەڵێ، کالیپتوسەکانیش دەکێشم.

دیسانەوە چاوەکانی بە وردی نواڕییە ئەو تابلۆوە بێوێنەیەی بەردەمی.

---

٨- وەرزی گەیشتنی بەری خورما، کۆتایی وەرزی هاوین.

- ماڵەکان ئەبینم کە سنگ بە سنگی یەکەوە و لە نێوانیاندا دارەکـان سـەوزی خۆیان دەنـوێنن، سـەرنجی ئـەوێ بـدە! قسـەی قوتابخانـەی «دواناوەنـدی» دەکـرد. ئەیبینی؟ ئەوەش ماڵەکەمان. پلیکانەکانیشی ئەبینم. پلیکانەکـە دەکێشـم کـە تـا ئەو بەرزاییە تا ئاسمان درێژەی هەیە و بە جێگەی حەسار و دیوار، دارخورما لـەملا و ئەولایەتی. کۆڵانەکەی خۆمان دەکێشـم، تەسـك و قەرەباڵغـە. منـاڵان خـەریکی فووتبالێن و دەنگیان وەکو دەنگی نێو کوێستان دەنگ ئەداتەوە. ئەوەش دارهـەناری نێو حەوشەکەمان. ئەوەش کۆترەکانی حەسەن لەسەربانەوە.

چاوەکانم تیژتر دەکەمەوە، بڵاوتریان ئەکەمەوە، بەڵکو وەکو ئەو ببینم، ناتوانم ئەم شتانە وەکو ئەو بە باشی بیانبینم. ملکەچ ئەبم بەوەی کە مافی خۆیـەتـی کـە هیـوای وێنەکێشبوونی هەبێ. باشتر ئەبینێ. لێی ویستم کە بگەڕێینەوە. دەستمی گرت و بـە توندی هەڵیگووشی:

- پەلە مەکە!

هێشتا هۆگر و تامەزرۆی ئەوێ بوو. واق رامابوو. سەرنجی لەسەر شار لابرد و خستیە سەر ئەو تەپۆڵکانە و جادە خاکییەکەی نەفتشـار. لێـرەوە سسـتی و سـاردی رێگاکـەیم هەسـت پێدەکرد، غوربەت و نامۆیی لە وڵاتی خۆیدا.

ئاخێکی هەڵکێشا. لەو پاشنیوەڕۆە هاوینییە لەرزیم. بە هۆی سەرماوە نەبوو، بەڵکو لە دەرککردنی هیواکانی و لە ئاخ و داخی ئەو کە سەرنجی ئەو جـادە خاکییـە و دەشـتە چۆڵانەی ئەدا. دەمزانی بە هیوا و ئارەزووەکەی. چەندین جار وتبووی، لە ئـاوەدانبوونی. لەوەی کە رۆژێك دابێ شین و ئاوەدان بێتەوە. تژی لە دار، هەر وەکو لێوارەکانی ئەڵوەند. دەیگوت:

- ئەگەر هەرکامان و دارێك بچێنین، بەسیەتی. تەنیا دارێـك. هەرکـەس و بیرەوەرییـەك، هەرکەس بۆ شادمانی دڵی کەسێکیتر.

دوایین کاتەکانی راوەستانی هەتاو لەوپەڕی رۆژئاواوە بوو، ئـەو کاتـەی کـە نـوقمی سـووری خۆیەتی و رووخساری درەوشاوەی خۆی بڵاوە پێ کردووە، ئیدی نییە تاکو هەڵبنیشێت.

تەپۆڵکەکان نزم و کورتن و دەشتەکانیش پڕدەرەتان. تا دوایین کات دەتوانی بینـەری هەتاو بیت. بریقەی تیشکەکەی لە نێوان دار و گەڵای دارخورماکانەوە خۆی دەنوێنی، ئەو کاتەی کە تیشکە زێڕینەکانی لە نێـوان دڕك و چـڵی دارخورماکانـەوە تێدەپـەڕێ وەکـو

شمشێرگەلی تیژ و ناسك وەدیار دەكەون. هێشتا وەرزی خورماپەزان نەهاتبوو. گەڕاینەوە لەو ڕێگەی كە پلیكانی زۆری هەیە و لە سەرووی جادەكەوەیە لەولای باخچەی ((فەلاحەت)).

رامان دەكرد. لەكانی سەر پلیكانەكان خشەخش دەنگیان دەهات. رامان دەكرد و دەستی یەكترمان دەگرت و دیسانەوە هەر رامان دەكرد، پلەبەپلە و بەرەو دوا هەڵدەگەڕاینەوە و سەرنجی سەر و پشتمان دەدا. پشوویێكمان دەدا و رامان دەكرد لە ڕێگایەك كە لە نێو دارگەلی كالیپتوس و سنۆبەرەوە تێدەپەڕی. سروەی بەرەبەیان شنەی دەهات و دەی دا بە رووخسارمدا. ئارەقم كردبوو و هەناسكەهەناسكم دەكرد. ئەویش سوور و ئارەقاوی لەگەڵ مندا رایدەكرد، پێدەكەنین زۆر بەرز، بەرزتر لە دەنگی بای نێوان چڵی دارەكان، بەرزتر لە دەنگی شەوانەی ئەڵوەند لە بارینی باراندا. لە تەپۆڵكەوە هاتینە خوارێ. هەنووكە لە سووچی جادەكەوە بووین. خەڵكی پۆل پۆل دەڕۆیشتن، و پۆل پۆلیش دەهاتنەوە. هەموویان شادمان و پڕ هیوابوون. بە رووخساری هەموویانەوە تیشكی رووناكی ئومێد و هیوا دەدرەوشایەوە. دەتتوانی تیشكەكەی ببینی. منالان بە خۆشی و شادمانییەوە رایان دەكرد، دەكەوتنە بەردەمی گەورەكانیانەوە، پێكەوە كێبەركییان دەكرد و لەو لای تریشەوە هەناسكەهەناسك رادەوستان، تاكو گەورەكانیان پێیان بگەن و بێژن:

- بەرمەكەون، ون ئەبن!

رووخساری منالان تژی لە بزە، تژی لە خۆشحالییەكی بێگەرد بوو. ئاخ! ئەو دەمەو ئێوارە، دەمەو ئێوارەی پێنجشەممە بوو، ئەو ئێوارەیە كە پێی دەڵێن شەوی هەینی.

چوینەتە ناوەوە. ئێستا لە لێوار و روخی ئەڵوەندین. پۆلپۆل دەچینە ناوەوە. تۆزاوی و دڵ پڕ لە هیوا، پاش ئەم هەموو ساڵەی دووری و دووربوون. تۆزاوی و ماندوو. بەلام خۆشحاڵم. بە دوژمنمان پاشەكشە كردووە.

پێ ئەكەنم، لەوەی كە ئەبینم حەز دەكەم كە بگریم. دارێك نییە. ماڵێك نییە. هەموو تەپۆڵكە، پشتاوپشت، خاك و خۆڵە، خاكی ماڵەكان. هەندێ دار ماونەتەوە، وشك و داڕماو.

لە هەڤالانی هاوپۆلم جودا ئەبمەوە. خەریكی گەڕان بۆ پەیداكردنی چوارڕێیانی تاقگەم. دەبێ بە بەڵێنەكانم وەفا بكەم. دەمەوەێ ماڵی باوكم بدۆزمەوە و وەفاداری پەیمانم بم. ئەو پەیمانەی كە لەگەڵ موجتەبادا كردبووم!

چەند دژوارە كە نەتوانی ماڵی باوكت بدۆزیتەوە. گەڕان بە دووی كۆلانی منداڵی، بەلام

پەیدانەکردنی. لە کوێن؟ بەڵێنم بە براکەم داوە، لەگەڵ موجتەبا، ماڵی باوکم لە کوێیە؟

تاکو بە بەڵێنەکانم وەفادار بم. ئەو کۆڵانەی کە هەر ڕۆژ لەگەڵ موجتەبا لەوێوە، گوزەرمان دەکرد... دەمەوێ...

بۆ شوێنی ڕێگەکەی باوکم دەگەڕێم. پرسیار لە کێ بکەم بۆ گەڕان بە دووی کۆڵانی منداڵیم؟ لە ماڵی باوکم ئاسەوارێك نەماوە.

ئەو دارە بییەی کە موجتەبا لە نێو هێلانەکانی «هێلکەی مەلووچ»[٩]ی دەدزی لە کوێیە؟ دیوارە کاگڵیەکانی نێو کۆڵانەکەمان، تەشاوی نێو دیوارەکان، لەو بەرزاییە کە چۆلەکەکان هێلکەیان دەکرد، و هێلانەیان بوو لە کوێیە؟ موجتەبا وتی:

- دێیت بچین بۆ دزینی مەلووچ؟ بەیانی کە نانم بە دەستەوە بوو بینیم کە هەڵهات بۆ دەرەوە.

وتم:

- گوناهە.

وتی:

- هەندێ ئەملا و ئەولای پێدەکەم و پاشان بەرەڵای دەکەم.

دەنگێکی زل و نەپۆڕ ئەبیسم، خۆم بە ئەرزێدا ئەدەم. گوللەی قومپارە، تەپۆڵکەی خاکەکان، کە ڕۆژێك شوێنی ماڵ بوو، تێکدەدا و دیسانەوە قومپارەیەکی دیکە... هاواری هەڤاڵانم ئەبیسم. بانگی یەکتر دەکەن و دەڵێن:

- دەبێ لە پشتی قەسرەوە سەنگەر بگرین. ئێرە لە بەر چاوی دوژمنەوەیە.

چلۆن تەمای لێ ببڕم و بچم؟ بە تازەیی شارەکەمم پاش چەندین ساڵ دۆزیوەتەوە! بە نەدۆزراوەیی شوێنی بیرەوەرییەکانی منالیم بەجێ بهێڵم؟ بێئەوەی دارێکم ناشتبێ؟

لە شوێنێکەوە کە هەستم کرد شوێنی بازاڕ بووە دەچمە خوارەوە. برێك لە دیوارێك و کەلاوەیەك ماوەتەوە، نیوەی دیوارێك کوتە سەرمیچێکی نەڕووخاو، ماڵێکی کۆن.

دەگەمە ئەوپەڕی بازاڕەکەوە. بەرەولای گومرك ناچم. لە لای چەپەوە، ئەو شوێنەی کە زەلەکانی لێواری ئەڵوەند ئەبینران. ریزی ماڵەکانی لای پاڵی، هەموویان رووخێنراون. تەواوی دیوارەکان وەکو دڵی خاوەنەکانیان کە لە غوربەت دایە رماو و تێکدراون. دەگەڕێمەوە. لە گەڕان بۆ ماڵی باوکم تاکو بتوانم بە بەڵێنەکەم پابەند بم.

بە دووی کۆڵانەکەدا دەگەڕێم، نییە! بەڵام دەبێ هەر ئالێرەدا بێ. سەردەمێك هەر لێرە بوو. هەر

---

٩- لە زاراوەی کرماشانی، سنەیی و هەورامیدا بە چۆلەکە دەڵێن: مەلووچ، مەلووچك، مەلیچە.

لێرە کە دار و چێوەکانی سەرمیچی ماڵەکان و خشت و گەچ هەڵڕژابوون، نە کۆڵانێك هەیە و نە ماڵێك. ئەو سەردەمە ئالێرەدابوو. لە تەپۆڵکەی خاکەکانەوە دەچمە سەرەوە، دەچمە خواریّ، دەچمە سەریّ! نا، لە ماڵەکانەوە دەچمە سەرەوە. ئەمانە هەموویان ماڵ بوون. کووچە و کۆڵان بوون، ئێستاش تەپۆڵکەیەك لە خاکن. موجتەبا هاواری ئەکرد:

- بۆ کویّ؟ ئاهای های بۆ کویّ دەچی؟

- دەمەویّ بچم لە عەباس وانە بپرسمەوە.

- وەرە لە کۆڵانەکەوە بچۆ، بۆ سەربانەکەوە؟ دەکەویت...!

- نا، ناکەوم. بەم شێوەیە باشترە.

بانی ماڵەکان پێکەوە لکابوون. لە ماڵی ئێمەوە تا ماڵی عەباس و ئەوان. کیّ تاقەتی هەبوو لە نێو کۆڵانەکەوە بچێت؟ لە کۆڵانگەلی تەسك و دیوارگەلی بەرز! سەربانی ماڵەکان پڕ دەرەتان و دڵگیربوون. کۆترەکانی حەسەنم دەفڕاند، دەیان دا لە شەقەی باڵ، چەند هەنگاوێك لەوبەرەوە دەنیشتنەوە. لەسەر دیوارەکەوە هاوارم دەکرد:

- عەباس! عەباس! لە وانەی «تەسمیم کوبرا»[١٠] چەند جار بنووسمەوە؟

کاتیّ کە دەگەڕامەوە، موجتەبا دەیووت:

- ئاخرەکەی هەر دەکەویت. کەم بچۆ سەرەوە.

دەمگوت:

- حەزم ئەوەیە کە لە سەرووی بانی ماڵەکانەوە بگەڕێم.

ئێستا لە سەرووی بانی ماڵەکانەوەم، لە سەرووی بانە ڕووخێنراوەکانەوە. کۆترەکانی حەسەن نین تاکو بیانفڕێنم. عەباس نییە تاکو لە سەربانەکانەوە بانگی بکەم. دوایین جار کە بانگی عەباسم کرد و وەڵامی دامەوە لە یەکێك لە شەڕگەکان بوو، بۆ چەند خولەك دەنگی تەقە لەو سەنگەرەی کە ئەو تێیدا بوو نەمبیست. نیگەران بووم. هاورام کرد:

- عەباس! عەباس! چییە فیشکەت نەماوە؟!

وتی:

- هەمە! زۆریش!

دەنگی ئەوم بە کزی ئەبیست:

- بریندارم!

---

١٠- ئاماژە بە وانەیەکی قوتابیانی سەرەتایی لە خوێندنگاکانی ئێراندا.

ئێستا عەباس نییە. موجتەباش نییە. خاك و خۆڵی ماڵەكان هەیە و دار و چێوە رماوەكانی سەرمیچی ماڵەكان. خۆ موجتەباش كە تەنانەت شوێنی گۆڕەكەی ون و نادیارە. فرمێسكم دەڕژێتە سەر ئەم خاكانە. لەسەر ئەم خاكەی كە رۆژێك سەرپەنا و ماڵی ئێمە بوو، دیواری كۆڵانی سەردەمی منداڵی ئێمە بوو.

لە سەری دائەنیشم و دەیخەمە نێو مشتمەوە. بێشك رۆژانێك باوكم یان باوەگەورەم ئەمەیان لە مشت ناوە، بێژنگیان كردووە، كردوویانە بە خشت و بە بەرهەمیان هێناوە و منیش ئێستا لە سەر خاكی داڕووخێنراوی دانیشتووم. ئەمەیە میراتی من؟! ماڵی باوكم لە كوێیە تاكو بە بەڵێنەكەم پابەند بم؟

بە ئاسانی دەنگی موجتەبا لەم وردەوردەی خاكەدا ئەبیسم. وتی:

- لە یاد و بیرەوەریمدا دارێك بچێنە، لە نێو باخچەی ماڵەكەمان.

وتم:

- موجتەبا! كێ ئەزانێ؟ تەنیا خوا ئەزانێ! تۆ بە ئەم بەڵێنەت پابەند بە.

- من بۆچی؟

- باشە!

پاش رزگاركردن هەركامەو ماینەوە، هەركاممان هەبووین، هەركامەو توانیمان هەڵگەڕێینەوە! بە حەتم هەڵگەڕێینەوە و لە یادی یەكتردا دارێك لە باخچەدا بچێنین.

- بە هاریكاری خوا هەموو پێكەوە دێینەوە.

هەڤاڵانی هاوپۆل و پۆلەكانی دیكە نابیندرێن. هەڤاڵانم منیان بەجێهێشتووە، منیش بە سەر ئەم تەپۆڵكانەوە بە دووی ئاسەوار و نیشانەكاندا ئەگەڕێم. دەنگی تەقەی دوژمن و نەیار ناوەستێ و هەر ساتێ جێگەیەك دەڕووخێنێ و پتر ئاسەوارەكان بزر دەكاتەوە. دەبێ بگەڕێمەوە دەزانم ئەگەر جارێكی دیكە بێمەوە رەنگە ئەوەش نەدۆزمەوە.

كە وایە بە ئاخ و كەسەرەوە بەجێی دەهێڵم، بەڵام بەردەوام هیوادارم، جارێكی دیكە بگەڕێمەوە و دارێكی بۆ بچێنم، بۆ موجتەبا كە لە دەشتەكانی باشووردا ون و بزر كرا! و دارێكیش بۆ دایك و باوكمان كە ئێمەیان بەجێهێشتووە. دارگەلێك بۆ ئەوانەی كە لە ئاخ و داخی خاكی قەسردا كۆچی دواییان كرد.

بەدڵنیایی و بە حەتم دەگەڕێمەوە و بە بەڵێنەكانم پابەند دەبم، ئەمەیە دڵم پێم دەڵێ و مزگێنیم پێ ئەدات.

# دایەگەورە

لەم هاڕووهۆڕەی بۆردوومانەدا بۆ جارێکیش هاتی کە بپرسی «عەزیز»[11] چی دەکات؟ خۆ من بێجگە لە ئێوە کەسوکارێکم نییە. بۆچی دەنگوباسێکتان لێم نەدەپرسی؟

خۆ ئەگەر ڕۆژانی بەر لە ئێستا بوایە قسەیەك نەبوو. لە لایەکەوە سەدامی یەزید[12] بۆردوومانی مووشەکیمان ئەکات و هەموان هەڵاتوون و شاریش چۆڵە و هەرکەسەو هەرشتێکی بە نرخی هەیە هەڵی دەگرێ و شار بە جێ دێڵێ. لە لایەکی دیکەشەوە من بێجگە لە ئێوە کەسێکی دیکەم نییە. ئەوەش ئێوە دەنگ و باسێکمان لێ ناپرسن کە مردووە یا زیندووە؟ چی لێهاتووە؟! خۆ دایەگەورەتانم، دەبێ سەردانی یەکتر بکەین.

ئەگەر لەم ماوە نەدەهاتمە ئێرە، بە هۆی هۆکارێکەوە بووە. دڵم خۆی ڕانەدەگرت کە بێمە ئێرە و بمێنمەوە، یانی دایکتان لەگەڵم سازگار نەبوو و هەر قسەی خۆی دەکرد و خۆ هیچ هۆیەکی نەبوو کە لێرە بچم؟ نەدەچووم و پێکەوە دەژیاین، بە لای کوڕەکەمەوە، بە لای ئێوەوە کە زۆر خۆشتانم دەوێ؟ بە خودا هەمیشە لە بیرتان دام.

بەڵام، بێهۆ نەبوو کە لێرە ڕۆیشتم. ئیدی ئەوقاتم تاڵ ببوو لە کردەوەکانی دایکتان. ئاخر ئێوەیش ئینسافتان هەبێ، من کوڕم گەورە کردووە کە گوێڕایەڵی ژنەکەی بێت؟ بابەت ئەوەیە کە ڕوحی کوڕەکەمی تێکداوە. ئیدی من بۆ ئەسغەر بێکەڵك بوومەتەوە و گوێڕایەڵی قسەکانم نییە. هەرچیم دەگوت هەر وەکو قسەکانی «شمری زیلجۆشەن» سەرنجی دەدا و بە پێچەوانەوە کردەوەی ئەنواند.

بە کورتی باسی بکەم، ئیدی قەرار و ئارامم نەما. شتێکی لێ نەمابوو کە کوڕەکەم بە ڕوومەوە بوەستێت. دانیشتم و کڵاوی خۆمم کردە قازی. بەڵام باشتر وابوو کە بچم. وابیرم دەکردەوە کە من نەبم باشترە. لانی کەم شتێك نابینم، نابیسم و خەیاڵم ڕاحەتە. هەرچی ئەبێ

---

١١- لە کرماشان بۆ ڕێزگرتن لە دایەگەورە پێی دەڵێن عەزیز.

[12] مەبەستی سەدام حوسێنە، سەرۆکی پێشووی عێراق، ئەم وتەیە باکراوەندێکی شیعییانەی هەیە، د.

بابێت. لەم کۆتاییی تەمەنەدا توانای سەروزمان لێدانم لەگەڵ بووك نەمابوو تا بگاتە ئەوەی کە کوڕەکەشم لەگەڵی یەکدەنگ بێت.

پاش ڕۆژێکی دیکە کە بە توندی ئارامم لێ بڕابوو بە ئەسغەرم وت:

- ڕۆڵە[١٢] گیان! سوێند بێ بە خوا، من گەیشتووەتە گیانم. وەرە و بۆم ژوورێك ئیجارە بکە، لە لایەکی دیکە، تاکو کردەوەکانی ژنەکەت نەبینم. سەبری ئەوەم نییە کە هەر ڕۆژەو خەفەتێك بخۆم. هێزم لێ نەماوە هەر سەرنجی کردەوە و ئاکاری ژنەکەت بدەم و ئاخ و داخ هەڵ بکێشم. بۆم ژوورێك بگرە کە ببم بە کرێنشین. من کە شتی زۆرم ناوێ. ژوورێکی بچووکم بەسە. هەندێکش پارەم بدەیە کە بە ئەندازەی خواردن و نەمردنێ بەسمە. تا خەمی کەم بخۆم. کەمتر خەمی تێکچوونی دارایییەکەت بخۆم. ئەو کاتەش ژن و منداڵەکەت هەرچییان دەوێ بیکەن من نایبینم، هەرچییان دەوێ بیڵێن، نایبیسم.

بە کورتی بڵێم، قەبووڵی کرد و من لەلای ئێوەوە چووم. لێگەڕێن لەو کاتەی کە چۆن رامبوارد. چەند ڕۆژێ بەر لە جێژنی نەورۆز بوو. کاتێ مووشەکباران کرا، زۆر ترسام. پەشووکابووم. ویستم خۆم کۆبکەمەوە و بێمەوە لای ئێوە. دڵم رازی نەبوو. دیسانەوە ڕۆژ و ڕۆژانی دیکە... دیسانەوە دانیشتم. بەڵام دیم کە هەر ڕۆژە یا چەند ڕۆژە جارێك بۆردوومانی شاردەکرێت. دڵم نەیدەهێشت. خەڵکی دەستیان کرد بە چۆڵکردن. سەرەتا تاك تاك، بێدەنگ، پاشان دیم، نا، هێدی هێدی ئەملاوئەولامان خەریکە چۆڵ دەکرێ. هەربەم چەشنە خەڵکی گەڕەکیش خەریکن تاك تاك دەچن و هەرکامەوە و بەرەولایەك. تا ڕۆژێك وریا بوومەوە و دیم کە خاوەن ماڵەکەش خەریکی چۆڵکردنە کە بچێت. بەمنیشیان وت:

- دایە گیان تۆیش بچۆ، ناوەندی شار ئاسایشی نییە، یان بچۆ ماڵی کوڕەکەت کە لە قەراغی شارە، یا لەگەڵ ئێمەدا وەرە.

وتم:

- خوا لە گەورەیی کەمتان نەکات. دەمێنمەوە و بزانم خوا چیمان پێدەکات.

من دەمامەوە و ماڵی چۆڵ و عەلی مایەوە و حەوزەکەی. دەمەویست بیری لێ نەکەمەوە و بە هەر شێوەیەك بوو بمێنمەوە. بینیم کە شەوانە زۆر خۆفناکە، هەر جارە دەچمە مەبال، دەبێ سەدان بسم‌الله و قول هوالله بێژم و بلەرزم بە خۆمدا. تازە خۆ لە ماڵی چۆڵ، ژووری

---

١٢- ئەم وشەیە بە زۆری لە ناوچەکانی کرماشاندا بە کاری دێنن. ڕۆڵە=ڕوولە.

تەنیا! بزانی کە کەسێك نییە زۆر ترسێنەرە. بە خۆمم وت:

- ڕێگە چارە نییە منیش دەچم. بۆ کوێ؟

چوومە ماڵی پەری خانم برازای ئەکبەرخان. نوور بباریێتە قەبری! ڕۆیشت و منی لەم ڕەنـج و ئازاری ژیانە هێشتەوە. ئەوان مابوونەوە، چونکە شوێنێکیان نەبوو کە بچن. شەوی نەورۆز لەوێ بووم. تائەوەی کە جارێکی دیکە مووشەکباران کرا. زۆر توند و خەسارەتی زۆری لێکەوتەوە. من کە نەمدی تەنیا دەنگیم دەبیست و لە ترسان هەناسەم بڕا. دەیانووت چەند شوێنی دارِماندووە. ویستم هەستمەوە و بێمەوە ماڵی ئێوە، دیسانەوە رووخساری دایکتان کەوتەوە بەرچاوم. سەرنجم دا کە دیدار لەگەڵ عزراییل ئاسانترە لە دیتنی ئەم بووکە لەخۆباییە. نازانم چیم پێ وتووە، هەرکاتێ ئەیبینم بە چەشنێ سەرنجم ئەدا گوایە سەرباری ماڵیانم. تێپەڕین. ئێرەم بۆ هاتنەوە لەبیر بردەوە.

پاش دوایین مووشەك، پەری خانم و ئەوانیش خۆیان کۆ کردەوە کە بچن. لە شەقامی «کەشمیر»[١٣] چادر لێبدەن. بە منیشان وت وەرە. بیرم لێ کردەوە و وتم:

- چادرێك و ئەم هەموو مرۆڤە؟

دەبوومە موزاحیم، قەبوولم نەکرد. لە دراوسێکانم بیستبوو کە هەندێك ڕۆیشتوونە شارۆچکەی بێستوون و لەوێ ماڵیان بەکرێ گرتووە. بە لای خۆمەوە وتم:

- منیش بچمە ئەوێ بەڵکو ژوورێك وەدەست بخەم، دابنیشم و بزانین خوا چی گەرەکە، بارودۆخ چۆن ئەبێت. بە منیش کە زووتر ژوور بەکرێ دەدەن، ڕۆستەمە و چەکەکەی، خۆم، نە قاڕوواڕێ، نە منالێ، نە دووێ، نە گسکێ، لە هەر کونێکدا جێگەم ئەبێتەوە. باشتر بوو کە هەر لەم سەرەتاوە دەچوومە ئەوێ، خەیاڵی خۆمم ڕاحەت دەکرد، موزاحیمی کەسیش نەدەبووم.

سەرتان نەیشێنم، بەرەبەیانی ڕۆژی کەوتمە ڕێ و چوومە شارۆچکەی بێستوون و لە ماشێنەکە دابەزیم و پرسیاری شارۆچکەی بێستوونم کرد. وتیان:

- لە خوارترە.

منیش تا ئێستا نەچووبوومە ئەوێ، چیم دەزانی، تەنیا لە دەمی ئەم و ئەو بێستبووم، چیم ئەزانی ئەو خوارە چەندە ڕێگەیە.

---

١٣- یەکێك لە شەقامەکانی شاری کرماشان.

نیوەڕۆ بوو و برسی ببووم. چوومە بەردەمی نانەواخانەیەك و نانێکم کڕی.کاتێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئەکبەرخان -کە هەزار ساڵی خاکی گۆڕی ئەو تەمەنی ئێوە بێت- دەهاتینە بێستوون، ئاوی هەبوو، داری هەبوو. شوێنێکی زۆر خۆش بوو. بە خۆمم وت:

- لە ژێر دارەکانیەوە نانەکەم بخۆم و بچمە شارۆچکە بە دووی ماڵدا.

لە کەسێك پرسیارم کرد:

- سەراوەکەی[١٤] لە کوێیە؟

وتی:

- تۆزێ خوارتر.

کەوتمە رێ. خوا خێری بدات رەنگە ناشارەزا بووە ئەدرەسی پێچەوانەی داوە، ئەم تۆزە خوارترە بووە چەند فرسەخ و نەگەیشتم. لە پاڵی پەیکەری «منالّی هێرکوول»[١٥] گوزەرام، لە ناو دارەکاجەکانیەوە و هەر هاتم، هەر هاتم، بەڵام نا، خەبەرێك لە سەراوی بێستوون نەبوو. نەڵێی کە دەمەوێ بەرەو شارۆچکە بچم و خۆم نازانم.

بایش دەهات و ئازارمی ئەدا. نیوە پاکەتێ جگەرەی «هۆما»م[١٦] کێشا، لەپێ کەوتم و نەگەیشتمەوە ئاوەکە. لانی کەم پێنج جار دانیشتم و وچانێکم دا. بە خۆمم وت:

- ئەم ئاوە، هێنانەوە فەرهادی کوشت، ئێستا نۆرەی منی پیرەژنە. هەر بەم جۆرە دەهاتم و نانم دەخوارد و جارجارێکیش جگەرەیەکم دادەگیرساند. ماشینەکانم ئەبینی و کە پڕ بوون لە کەلوپەلی ناوماڵ و شاریان چۆڵ دەکرد. دوایین کەڕەت لە بەردەمی ماشینێکەوە راوەستام، خەبەری سەراوی بێستوونم پرسی. وتی:

- دایە! لێی تێپەڕیوی. خەریکی بەرەو شارۆچکە ئەچی.

دیم کە نانەکەمم خواردووە و ماندووم، سوار بووم، شۆفێرەکە پرسیاری کرد:

- دایە بەتەنیا بۆ کوێ ئەچی؟

وتم:

---

١٤- شوێنێ کە ئاو و داری زۆری هەیە. مەبەست کانییە.

١٥- پەیکەرەی منداڵێکی بچووك کە لە پاڵی چیای بیستوونە و ئاسەواری مێژووییە.

١٦- چەشنێ جگەرەی ئێران.

- دەچمە شارۆچکە کە ژووریٚ بەکریٚ بکەم.
شۆفێرەکە بەسەرسوڕمانەوە وتی:
- دایە! بێهۆ مەچۆ. ئەوەنـدە خـەڵك ڕژاوەتـە ئـەویٚ کـە حیسـاب نـاکریٚ... کولانـەی مریشکیشیان بە کریٚ داوە. بێهۆ خۆت ئازار مەدە، ماڵت دەست ناکەویٚ.
بە کورتی! ڕاستەکەی بڵێم، لەپیٚ کەوتبووم، ئیدی حەوسەڵەم نـەمابوو کـە بکەومـە نـاو کۆڵانەکان بە دووی ماڵە چۆڵدا. هەر ماشینەکە گەیشتە «لەبئاو»[(17)] دابەزیم.

چی بکەم؟ چی نەکەم؟ چوومە تاقەوسان. ترسام بێمە نـاو شـار، بچـمە ماڵـەوە، سـەر شێواو ببووم. پیرییە ئیدی. بە خۆمم وت:
- هەرچی ئەبیٚ با بقەومیٚ! بچمە تاقەوسان. ئەم هەمووە ڕۆیشتوون منیش لەسەر ئەوان. ڕەنگە بۆ منیش ژوورێك دەست بکەوێت.
ئیدی بیرم لیٚ نەکردەوە کە:
- ئەی ژنی «پۆپ چەرموو»[(18)] سەرپەنات لە کوێیە؟ چلۆن ئیمشەو دەگوزەرێنی؟
هەر بە خۆڕای سواری تاکسی بووم و چوومە تاقەوسان. دیم کە هەی هەی تـەنیا جێگـەی خواجە حافیز خاڵییە. شتێکیان وتووە و ئێمە بیستوومانە. شـوێنی داکـەوتنی دەرزی نییـە. خەڵکی وەکو مێرووڵە و کوللە تێکەڵاوی یەك ببوون. تـەنیا لـە لای تاقەکـەوە کەسـیٚ نییـە چونکە حەساریان گرتووە.
پێکەنینم هات، بە خۆمم وت:
- لە چەپەڵی ئەم سەدامە، خەڵکی چۆن لێرە ئاپۆرەیان کردووە.
بەڵام بیٚکەڵك. بە ترس و لەرزەوە، دڵێك لێرە و دڵێك لە ماڵەوە بە لای کـەلوپـەلی ناوماڵەوە. ئەمە خۆ ژیان نییە، ئەویش لە نـاو چـادر، نـە مـەبالیٚ، نـەپارێزگارێك بـۆ بنەماڵەوە، کە گیانی خۆیان بەم چەشنە پاراستووە. لە ژێر دارەکان بە چـادر و بیٚچـادر دانیشتبوون. بایش، هەر دەهات. چ بایەك! مرۆڤی دەشەکاندەوە. تەپوتۆزی کردبوو! تۆزیٚ گەڕام بە ناو چادر و حەسارەکاندا. ئاشنایەکم نەدی. چوومە ژێـر دارێکـەوە دانیشـتم و

---

١٧- ناوی گەڕەکێکی کرماشانە.
١٨- قژ سپی، لە زاراوەی ناوچەی سنەدا.

ئیدی زۆر ماندوو ببووم. لەپێ کەوتبووم. لە خەفەتی دەربەدەری، ماندووبوون، نازانم خۆم بە سەرزەویدا پان کردبووە، چارشێوەکەم دایە سەرمدا و راکشام. نازانم چلۆن بوو کە خەوم لێکەوت. لە خەونمدا بینیم کە گەنجم و لەگەڵ عەلیئەکبەرخاندا هاتووینەتە تاقەوسان.

یادی بەخێر بێ هەندێ جار ئێمەی دەهێنایە تاقەوسان، دەوروبەری دارەچنار و سنۆبەرەکان. مەلافەمان دەکێشا و چەند رۆژێ دەماینەوە و برێ جار چەند بنەماڵە، لەگەڵ خزمەکان یان دراوسێکان دەهاتین. ئەو کاتە ئەم کاج و سەروانە نەبوون، داری بی و چنار بوو کە هێشتا چەند داری لێ ماوە. لە جێگەی ئەم حەوزەدا جۆگەلەیەکی گەورە هەبوو کە ئاوی کێوەکەی لێوە دەهاتە خوارێ و لە نێوان ئەم باخ و چنارەدا تێدەپەڕی.

خەریك بوو دەمووت خەوم دی، لە نێوان ئەو چنارانە، لە لێواری جۆگەلەکەوە دانیشتبووین. ئەسغەریشمان هەبوو. ئەسغەر لە نێوان دار و ئاوەکاندا کایەی دەکرد. ئێمەش پەتوومان بڵاوە کردبوو و دانیشتبووین. باوکتان، ئەسغەر، تازە دارەدارەی دەکرد. هەر ورجەورجەی دەکرد و دەڕۆیشت. دەستی دەگرت بە دارەکانەوە لە نێو ئەم جۆگە و ئاوەدا دەچوو...

خۆی لە پشتی دارەکانەوە دەشاردەوە و ئەکبەرخانیش لەگەڵی «تایتای»[١٩] دەکرد و ئەوی دەکەناند. لە بیرم نییە کە لە ئەکبەرخان پرسیاری چیم دەکرد یان ئەو خەریکی چی بوو، زۆر وریا نەبووین.

یەکڕا سەرنجم دا کە ئەسغەر نییە. پەشۆکام و هاوارم کرد:

- ئەکبەرخان! ئەسغەر نییە!

پەشۆکا و دەرپەڕی و هاواری کرد:

- ئەسغەر... ئەسغەر...

ئەگەر بە هۆی ئابڕوو نەدەبوو هەر لەو دەقیقە قژی خۆمم دەکەندەوە، گاڵتەکاری نەبوو، هەر ئەو منداڵەمان بوو. خواخوام دەکرد کە نەکو قەرەچییەکان دزیبێتیان. ئەسغەریش هەزار ماشەڵڵا سوور و جوان بوو. دیم کە ئەکبەرخان خەریکە لە ناو چنارەکانەوە رادەکات و بانگی بەردەوامی ئەسغەر ئەکات. دارەکانیش زۆر بوون و خۆیشی لەوپەڕەوە ونبوو. خوایە! خوایە چی بووە؟! خەریك بووم کە سەکتە بکەم. هەر

---

١٩- شێوەیەکی کایە و گەمەی منداڵانی کرماشانە.

خەریکی سەرنجی ئەملا و ئەولا بووم، هەڵدەستامەوە، دەستم دەخستە سەر دەست دا. نەمدەوێرا کە بچم بە دوویدا. خەریك بوو لە ترسان زاڵەترەك ئەبووم. چونکە هەردوویان نەمابوون. دەنگم لە قوڕگم گیری کردبوو. لە ئاکامدا هاوارم کرد:

- ئەسغەر، ئەکبەرخان...

کە بە یەکجارەکی لە خەو راچڵەکیم و دانیشتم.

شوکر بۆ خوا کە ئەمە خەون بوو، رەنگە دەمردم، دیم کە نەباوا ئێرە تاقەوسانە و بێدار بوومەتەوە و ئیدی خەبەرێك لە چنار و جۆگەلەکان نەماوە، هەموو شتێ گۆڕاوە، تا چاو بڕ دەکات داری کاج و بییە و منیش لە ژێر یەکێ لە دارەکانی فەزای سەوزی نوێدا دانیشتبووم. خەڵکیش لە ناو چادری دەوروبەردا ئاپۆڕەیان دابوو. بایش هەردەهات و خاكوخوڵی دەکردە سەر خەڵکیدا. سەرنجی ئاسمانمدا کە گوڵەگوڵەیەك لە ئاسمان لەناو دارەکانەوە دەبیندرێ. بەرەو ئێوارەبوون ئەچوو و سەرمایەکی زۆریش دەهات. هەوایش هەوراوی بوو و وادیار بوو کە خەریکە باران بباری. دەنگی با دەهات و لە ناو دارەکاندا هوو هووی دەکرد. بینیم کە شوێنی من ئێرە نییە و دڵم بۆتان تەنگ بووە. سەرنجی کاری خوا بدە، ئەو خەوەم بینی، تا بێمە ئێرە لای ئێوە. بەڵام کاری خوا لەسەر حیکمەتە. خەونیش خۆ بە خۆڕایی نییە. کاتێ گەیشتمە چەقی دەرگاکە، خەریکبوو کە نەزەرم بگۆڕێ و هەڵبگەڕێمەوە، هەندێ ئەم پێ و ئەوپێم کرد. دەمزانی لە ماڵەوەن، هەر جۆرێك بێت ماڵی ئێوە لە پاڵی شارەوەیە و مەترسی کەمتری هەیە ئەو بێئیمانە زۆر بۆردوومانی ناوەندی شار ئەکات، تا ئێستاش بەم چەشنە بووە.

نزیك بوو کە پاشگەز ببمەوە و هەڵگەڕێمەوە، بەڵام هەتاو نیشتبوو تاریکی دادەهات. بە خۆمم وت:

- ئەگەر نەیدەویست کە بێمە ئێرە ئەو خەونەی رێك نەدەخست. چ شوێنێ باشتر لە ماڵی کوڕەکەم.

ئێستا هەرچەند سەختیش تێپەڕێ گرینگ نییە و بێگرێیە تاکو بزانین خوا کەی شەڕی ئەم سەدامە و ئاژاوەیە لە سەرمان لا ئەبات. باشە رۆڵە گیانەکانم! شوکر بۆ خوا کە هەمووتان ساغ و سەلامەتن! منیش هەر ئەوەم دەوێ.

**نەورۆزی ١٣٦٤ی**

**کۆچی هەتاوی**

# شمشێرێك له كالاندا

هەرچۆنێك بێت، دەبێ ئەمڕۆژە چارەنووسی خۆم لەگەڵ ئەم شمشێرە روون بکەمەوە و خۆم لە دەستی رزگار بکەم... دەبێ بیرێکی بۆ بکەمەوە. پتر لەمە نابێ بە تەما بمێنمەوە و ئیزن بدەم کە هەستەکانم تێك بدات. ئێستا لەسەر ژمارەی ئەمڕۆژ، دەبێتە چوار رۆژ کە لەسەری داشبۆردی ئۆتومبیل(ماشین)ەکەوەیە و سەدان کەس بگرە زۆرتریش سواری ئەم ماشینە بوونە و دابەزیون، بەڵام هیچ کەسێ ئاماژەیەکی پێنەکردووە و تەنانەت کەسێکیش پرسیاری نەکردووە کە بۆچی ئەم شمشێرە پلاستیکییە درێژە لێرەیە، ئەم شمشێرە شینە دەسك جوانە بە غەلافەوە.

چەندە مرۆڤەکان کەم بەرپرس و کەمتەرخەم بوونەتەوە، ئاخۆ مرۆڤ ئەوەندە کەم سەرنج؟ هیچ کام پرسیاریان نەکرد بۆچی ئەم شمشێرە غەلافدارە لە بەرووی تەکسیەکەی منەوەیە؟ و عەجیبتر ئەوەیە کە هیچ پێی ئاشنانەبوو و رواڵەتی ئەم شمشێرە کەسی رانەچڵەکاند، وێدەچێ کردبێتی و من نەمزانیوە و موسافیرێك بە رواڵەت ئاماژەی پێ نەکردوو بە رووی خۆی نەهێناوە. چ سەردەمێکە کە وا شمشێرێکی غەلافداری پلاستیکی، هیچێ لە دڵی موسافیرێك راناچڵەکێنێ، هەستێ، بیرەوەرێك، بێلاخەرە شتێك جیا لە مەلالەت و ماندووبوونی رۆژانە و دووپاتبوونەوەی کارە هەمیشەییەکان و بیرەحسابیەکان بێت، شتێ لەوپەڕی ئەم سەردەمە، شتێ تێکەڵاوی بەزەیی و میهرەبانی و پڕ بیرەوری، بیرەوەرییەکی شیرین یان تاڵ، بەڵام لە هەناوەوە پڕهەست.

ئایا ئەبێ دڵی مرۆڤەکانیش وەکو ئەم شمشێرە، پلاستیکی بێت و لە غەلافدا بێ؟ نا ئەمە حاشاهەڵنەگرە! مەحاڵە! تەنانەت ئەم شمشێرە لە غەلافیشدا بێ هەستبزوێنە و بیرهێنەری رۆژانێك، سەردەمانی شیرین و جارجارێ خەمین. بۆ من کە وایە. خۆ نابێ لە موسافیرەکانم گلەیی بکەم. رەنگە ئەم شمشێرەی (یاری منداڵان) لەوان هەستگەلێکی بزاوتبێ و بناغەی راچڵەکاندبێ، بیرەوەرییەکانی رابردووی کۆن بێت و منیش خۆ بێئاگاداری ماومەتەوە و تێنەگەیشتووم. هۆکەشی روونە شۆفێری لەو شەقامانە، ئەوەندەش ئاسان نییە، کە من بە تەواوی هۆش و هەواسم سەرنج رادەری نیگاکان یا ئاخ و کەسەری موسافیرەکان بێ کە بتوانم بە

چەشنێ سەرنجی رroومەتی ئەوان بدەم کە لە هەستەکانیاندا لە ئاستی ئەم شمشێرە غەلافدارەوە تێبگەمگرێ.

دیار و بەرچاوە کە شوفێریکردنی تەکسی لە شارێکی پڕقەرەباڵغ لەگەڵ شەقامگەلی بچووك و درێژ کە لە هەر دوو لایەکەوە ئوتومبیل پارك کراوە، ئەوەندە ساکار نییە، ئەوەش لە شارێکی پڕ قەرەباڵغی وەکو کرماشان لەگەڵ رێبوارانی بە پەلە و جەنجاڵی.

لە درێژایی ئەم چوار رۆژەدا رووخساری میهرەبان و ئازاردیتووی دایەگەورەم لەبەرچاوە و دەنگی چەکوشی بەردتاشەکانیش لە گوێم دایە. دەپرسن ئەم دوانە چ پەیوەندیکیان پێکەوە هەیە؟ ئێستا دەڵێم، هەر جارێك کە ئەم شمشێرە ئەبینم دایەگەورەم وەبیر دێنمەوە کە دەستمی گرتووە. هێمن، بە شێوەیەك کە دەستم نەهێشێت و منی لەگەڵ خۆی دەبردە لای بەردتاشەکان. ئەو شوێنەی کە داری هەبوو چەندین بەردی مەزار لەسەر یەك دانرابوو، بەردەوام دەنگی چەکوشی نەدەبڕایەوە.

دایەگەورەم زۆر بەساڵاچووبوو. جلوبەرگی کوردی لەبەردەکرد. لەچکی لەسەر بوو و چارشێویشی بەسەر دەکرد. کورتەباڵا بوو، بە ئەوەی کە دایکم بە شۆخییەوە دەیگوت:

- دایکە! سیا دێرێ چنە تۆ بوود[٢٠]

دایەگەورەم زۆر خۆشحاڵ ئەبوو و پێدەکەنی. دەمی بە تەواوی دەکردەوە و باوەشی ئاوەڵا ئەکرد و منی لە نێو دەست و باوەشی ئیسقانی خۆی هەڵدەگوشی و چەند جاریش سەرمی ماچ ئەکردەوە و ئەیووت:

- برای باوکم ماشاءالله پیاێ بیدە[٢١]

ئەو هەرکەسی کە زۆر خۆش ئەویست بە ناوی «برای باوکم» بانگی ئەکرد. لە درێژایی ئەو ساڵانەی کە تێپەڕی و دایەگەورەم ئیدی نەبوو، بیرەوەرییەکانی هەر لەلام مابوون و هەمیشە لەگەڵ جوانترین یادگارییەکانی منداڵیم هەر لەگەڵم بوون. قسەی شمشێر رەنگە تەنیا بابەتی پڕداخ و خەم بێت کە لەگەڵ یاد و ناوی ئەو هاوتەرییە. ئەگەر ئەم شمشێرە پلاستیکییە لە نێو تەکسییەکەمدا نەدەدۆزرایەوە، رەنگە ئەم تەنیا نموونەی خەمە کە لەگەڵ بیرەوەری ئەودا هاوڕێیە، نەدەکەوتایەتەوە یادم و بۆ هەمیشە یاد و بیرەوەریم دەردەچوو و لەبیر ئەکرا. هەر بەم

٢٠- لە زاراوەی کرماشانی بە مانای: دایکە سیامەك خەریکە دەبێتە بە ئەندازەی تۆ.

٢١- برای باوکم، شوکر بۆ خوا وەکو پیاوێ گەورە بوویتە.

بۆنەوە ئێستا ئەمەوێ ئەم شمشێرە لەبەرچاو نەمێنی تا بۆ هەمیشە یادی دایەگەورەم لەگەڵ بیرەوەرییە جوانەکان هاوڕێ بێت و ئەم دانەیەش وەبیرم نەیەتەوە.

بە هەر شێوەیێکە، دۆزینەوەی ئەم شمشێرە، ئەو بیرەوەرییەی زیندوو کردووەتەوە. لەبیرم دایە کە لە شوێنی بەردتاشەکان چەند دار هەیە و منداڵانی هاوتەمەنم لەوێ یارییان دەکرد. زۆربەی رۆژان دەمەوئێواران دایەگەورەم منی دەبرد بۆ ئەوێ. گوایە نێوان ئەو و بەردە تاشراوەکانی گۆڕ کە لەسەر یەکەوە هەڵچنرابوون، پێوەندییەك هەبوو. ئەو لەو سەردەمە و لەسەریانەوە دادەنیشت و ئێستا ساڵانێکە لە ژێر یەکێك لەوانەوە نووستووە. تا دەگەیشتینە ئەوێ خۆی دادەنیشت. ئافرەتانی دیکەش لەگەڵ مناڵەکانیان دەهاتن لە پاڵیەوە دادەنیشتن. من تێکەڵاوی مناڵان ئەبووم تا نزیکەی تاریکی هەوا خەریکی کایە و یاری ئەبووین، لە کۆتاییش کە دەگەڕاینەوە چونکە ماندوو بووم لە درێژەی رێگادا نقەنقم دەکرد و بیانووم دەگرت و ئەویش هێزی ئەوەی نەبوو کە لە باوەشم بکات هەر خەریکی وتنی «بە سەدەقەت بم». بە قسەی خۆش منی سەرگەرم دەکرد تا ئەگەیشتینە ماڵەوە و هیچ کاتیش تووڕە نەدەبوو. سەردەمی ئەم یارییە ئێوارەیانە ئەوندە رای بواردووە کە ناوی هەڤاڵەکانم لە بیر نەماوە. دارەکان و بەردەتاشەکانم لە بیرە و دەنگی چەکوش و بەردەتاشراو و هەڵچنراوەکان، و پتر لە هەموان دایەگەورەم، جلوبەرگە کوردییەکەی، ئەو لەچکەی کە دەیدا بە سەریدا و روومەتی لاواز و ددانە لەقولۆقەکانی لە بیرەوەریم ماونەتەوە پتر لە هەموو شتێ شمشێرێکی پلاستیکی. هەر وەکو ئەم شمشێرە کە ئێستا لە بەرووی ئۆتومبیل(ماشین)ەکەمەوەیە و هەر خەریکی گەڕان بە دووی خاوەنەکەیەوەم.

هەر ئەم شمشێرەیە کە منی خستەوە یادی ئەو سەردەمە و گەلێك شتی لەبیرکراوی ئەو سەردەمەی دیسانەوە لە مێشکمدا زیندوو کردووە. شمشێری من زۆر لەم شمشێرە دەچوو و تووشی چارەنووسێکی وەکو ئەمە هات. شمشێری من جێماوە و ونبووە و ئەم دانەیەش بەجێماوە و بۆ خاوەنەکەی ونبووە.

رەنگە ئەو منداڵەی خاوەنی ئەم شمشێرە، رۆژێك شمشێرێك وەکو ئەم هی خۆیە بدۆزێتەوە، هەر وەکو من، بەڵام چ کەڵکی هەیە! ئەو شمشێرەی کە لە سەردەمی مناڵیدا ون ببێ لە کاتی گەورەبووندا تەنیا هەر ئامێری ئاخ و داخە.

وەکو خۆشەویستترین شتەکان شمشێرەکەم خۆش ئەویست و چ شتێ ببووە هۆی ئەوە کە ئەوەندە خۆشیم بوێ، نازانم. رەنگە چونکە بەنرخترین ئامێری یاریکردنی منداڵان بوویێت کە تا ئەو کاتە بۆم کڕیبوویان. باوکم کاتێ کە ئەمەی بۆم کڕی چەندە رێنمایی و قسەی کرد زۆر؟

دەمبەست بە کەمەرمدا. چونکە درێژ بوو و لە تەنیشت پامەوە هاتبووە خـوارێ. لـە مێشـك و خەیالّم خۆم وەکو شەرڤانێك وێنا دەکرد. شمشێرەکەم لە غەلاف دەردەهێنا و هێرشم دەبردە سـەر دوژمنە خەیالّییەکان. هەرکاتێ دەگەیشتم بە درکێ بە شمشێرەکە سەری ئەو درکـەم دەپەڕانـد و لەگەلّیان وەکو شەرڤانی دوژمن کردەوەم دەنواند.

ڕۆژێك لەگەلّ خۆم بردمە شوێنی بەردتاشەکان. دایەگەورەم لەسەر هەندێ لـە بەردەکانـەوە و لە پالّی چەند کەسێ لە ژنەکان دانیشت، منیش بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی لەگەلّ هـەڤالانی خـۆم یاری بکەم، شمشێرەکەم نایە نێوان دوو کۆپلە بەردی گۆڕەکان لە نزیکی دایەگەورەمەوە و ئەوەندە بە گەرموگوڕ یاریمان دەکرد کە فەرامۆشم کردبوو کە ئەمم لەگەلّ خۆم هێناوە.

ئێوارەش وەکو جاران بە ماندوویی چووینەوە بەرەو مالّ. لە نزیکـی مالّـەوە تێگەیشـتم کـە شمشێرەکەم جێهێشتووە. وەکو ئەوەی کە دونیا بە سـەرمدا رمابـێ. بـە زۆری گریـام و هـاوار و گرموڤالێکم خستە ئەو مەحالّە کە هەر نەدەبڕایەوە.

پێم بە ئەرزیدا دەکۆتا کـە دەبـێ بگەڕێینـەوە و شمشـێرەکە بێنینـەوە. لەگـەلّ دایەگـەورەم گەڕامەوە. لە مەودای ڕێگەکەدا هەر رام دەکرد و دەگریام و دایەگـەورەم دەلـەنگی، بـە دژواری رایدەکرد و ئەیگوت:

- چاوەکەم، خۆشەویستەکەم قەیدی چی ئەکات؟

و دیسانەوە ئەیووت:

- برای باوکم پەیدا بوو، مەگیر! بووس وە گەرد یەك بچیم.[٢٢]

گەیشتینە لای بەردتاشەکان. شمشێرەکە نـەبوو. بێهـۆ ئـەملا و ئـەولای هـەموو بـەردەکان گەڕام. دەگریام و دەگەڕام، نەدۆزرایەوە. شمشێرە جوانەکەم ون ببوو و دایەگەورەشم هەردەیگوت:

- قەیدی ناکات، دانەیەکی دیکەت بۆ دەکڕم.

بەلاّم مندالّ هەیە تا کە نەزانێ کە کڕینی شمشـێرێکی پلاسـتیکی، ئـەوەش دووبـارە حاشـا هەلّنەگرە. ئەو جارە باوکم لەسەر نرخی گرانی قسەی دەکرد و ئەوەی کـە دەبـێ وریـا بم، وەکـو ڕۆژی ڕووناك بۆم دەرکەوت کە ئیدی شمشێرەکەم نابێتەوە و کەسێکی دیکـە ناتوانـێ دانەیـەکی دیکەم بۆ بکڕێ. بۆ هەمیشە شمشێرەکەم لەکیس دابوو.

هەر دەگریام و لە کۆتایی خۆم کوتایە ناو خاکوخۆلّدا و بێهیوا هاوار و شیوەنم ئەکرد. شـەو

---

٢٢- برای باوکم، مەگری، راوەستە پێکەوە بچین.

بوو و شەبەحی کورتی دایەگەورەم لەبیر دایــە. چارشــێوەکەی کــەوتبوو بەســەر شــانیدا و گرێــی لەچکەکەی کراوەتەوە، بەسەر سەرمەوە راوستابوو و دەیەویست دەستم بگرێت بــەرزم بکاتــەوە. بەڵام من دەستم دەخست بە پشتدا، پێم دەکوتا و شیوەنم ئەکرد و ئەمگوت:

- شمشێرەکەمم دەوێ!

دروستە کە ئەو کاتە منالْ بووم، بەڵام ئەوەم دەزانــی کــە دیســانەوە شمشــێرم بــۆ ناکڕنــەوە. ئامێری یاریکردن شتێك نییە کە باوکم هەر رۆژ بتوانێ بۆم بکڕێتەوە. بەڵێ بە دۆزینــەوەی ئــەم شمشێرە لە نێو تەکسییەکەمدا، تێگەیشتم کە وێڕای تێپــەڕینی ئــەم هــەموو ســاڵە، دیســانەوە شوێنی بەردتاشەکان، بەردە تاشراوەکانی هەڵچنراو، دەنگی تاشینی بەردەکان، ئەو یارییانەی کە لەگەڵ منالّەکان ئەمانکرد لــە نێــو دارەکانــدا، دایەگــەورەم، ســەروێن و جلــە کوردییــەکانی و چارشێوەکەی و ئەو شمشێرە کە پێی دڕکەکانم دەقرتاند، بۆ هەمیشە لــە مێشــکم ماونەوتــەوە و ئەگەریش شمشێرەکەم لە یاد بردۆتەوە بەم هۆیەیە کە هۆکارێك بۆ وەبیرهێنانــەوەی نەڕەخســاوە، بەڵام بە دۆزینەوەی ئەم شمشێرە، ئەو بەشە ونبــووەی رابــردووی دۆزرایــەوە و پێوەنــدی کــرد بــە دیکەی ژیانمەوە. ئەم شمشێرە بە دەستی منالێکەوە کە لە تەمەنی ئەو ســەردەمی مــن بــوو کــە شمشێرەکەم ون کرد، هاتە نێو تەکسییەکەمەوە و لە درێژایی ئــەم چــوار رۆژەدا مــنی بــەرەولای وەبیرهێنانەوەی ئەو ســەردەمە، وەبیرهێنانــەوەی گــەلێك بــیرەوەری کــە لەگــەڵ بیرەوەرییــەکانی دایەگەورەم تێکەڵاون، کشاند.

چوار رۆژی بەر لە ئێستا ژنێکــی چارشــێو بەســەر لەگــەڵ منــالێکی کــەم تەمــەن ســواری تاکسییەکەم بوون. دایکی کوڕەکەی نایە ناوەڕاستەوە و خۆی بە لای دەرگەکــەوە دانیشــت. ئــەم شمشێرە بە دەســتی ئــەو منالــەوە بــوو، بــەڵام لــە نێــو غەلافەکــەی، ئــەو کــوڕە منالــە هــەر دەیسوڕاندەوە و چەند جاریش نووکی شمشێرەکە خواردی بــە ســرمیچ و شووشــەی ماشــینەکەوە. سوێند دەخۆم کە نە بە بۆنەی تانەوتەشەر و پیشاندانی ئیعتراز، ســەرم هەڵگەڕانــدەوە تەماشــام کرد رەنگە شمشێرەکەی برووسکەیەکی لە مێشکم دابێ، بــەڵام قــەرەباڵغی شــەقام و ترســان لــە کارەسات، دەبووە لەمپەر بۆ ئەوەی ئەو برووسکە ببێتە ئاگرێك و بمخاتەوە نێــو بیرەوەرییــەکان. دایکی منالّەکە گوایە کە منالّەکەی خەتایەکی کــردووە، پەشــۆکا، شمشــێرەکەی لــە کوڕەکــەی وەرگرت و وتی:

- لە ناو ئۆتۆمبێل شوێنی یاریکردن نییە.

سەرنجم لە سەر شوفێرییەکە بوو. ئەوان لە بازاڕ دابەزین. پاشان چــەندین موســافیری دیکــە

سواربوون و دابەزین. پاش کاتژمێرێك، موسافیرێك کە لە پێشەوە دانیشتبوو لەژێر پێیەوە ئەم شمشێرەی دەرهێنا. شمشێری ئەو منداڵە بەجێمابوو. ئاخوداخ لە هەناومەوە هەستا. رووخساری ئەو کوڕە منداڵە لەبەرچاو زیندوو بووە و بەدوویدا، بیرەوەری ونبوونی شمشێرەکەی خۆم و ئەو شەوە لێزمەی فرمێسکەکانم.

موسافیرەکانم دابەزاند و گەڕامەوە نێو بازاڕ، چەند مەودای شەقامەکەم تێپەڕاند و گەڕامەوە. تەنانەت چوومە شەقامی «نەواب، مەیدانی وەزیری و بەرزەدەماخ»[23] تاکو بیاندۆزمەوە. بێهۆ بوو. پاشماوەی ئەو رۆژە ئیدی نەمتوانی کاری کرێچی موسافیری ئەنجام بدەم.

داخی ئەو ئێوارەیە کۆنە زیندوو ببووەوە و بە تەواوی ئازاری ئەو شەوەم هەست دەکرد. شمشێرەکەم لە دەستدا بوو، بە فرمێسکەوە چووبوو، بە خەمێکی دیکەوە هاتبووە لە سەردەمێ کە ئیدی دەنگوباسێ لە دایەگەورەم نییە خۆی و لەچکەکەی و جلەکوردییەکانی کەوتوونەتە نێو مێژووی پڕشکۆی ژیانی عەشایرانی کوردەوە. لە سەردەمێ کە گەلێك ساڵە لە شوێنی بەردتاشەکان ئیدی خەبەرێك نییە و دەنگی چەکوشەکەیان کوژاوەتەوە.

کاتێ کە لە منداڵیم زۆر ساڵ تێپەڕیوە و تەنیا ئاسەواری ئەو بەجێماوە و بیرەوەرییەکانی.

ئاخ! کە منداڵان چەندە کەمفیکر و هۆشن! و چەندە یادگاریگەلی جوان و شیرین لییان بزر ئەبێ، ونی دەکەن و ئیدی قەت نایبیننەوە. لە مەودای ئەم چوار رۆژە زۆر نفرینم لە کەمهۆشی سەردەمی منالّی خۆم کردووە لەسەر پڕبایەخی رۆژانی ربواردوو و خۆشەویستانی کۆچکردوو، وەکو دایەگەورەم ئاخ و کەسەرەم هەڵکێشاوە.

هەر بەم بۆنەوە ئیدی نامەوێ ئەم شمشێرە ببینمەوە. رێگەکەیشم دۆزیوەتەوە. دەیدەم بە سەندیکا. دەپاڕێمەوە هەرکامەو لە ئێوە ئەگەر منالّێکتان بینی کە شمشێری ون کردبێ، ناونیشانی سەندیکای شۆفێرانی تەکسی پێ بدەن تاکو بچێت و وەریبگرێتەوە، چونکە نامەوێ ببمە خاوەنی شمشێری کەسێکی دیکە. ئەویش منالّێکی کەمتەمەن کە لەگەڵ ژنێکی چارشێوی بووە. نامەوێ هەمیشە ئەم شمشێرە ببینم و لە داخی بایەخی شمشێری لەکیس چوو بگریم و چەمەری بکەم. نامەوێ دیسانەوە منالّ بم و شمشێرەکەم ون کردبێ، ئەویش شمشێرێك کە بۆ جاری دیکە ناکرێتەوە و دەست ناکەوێتەوە و تەنیا خەم و پرسەی نەبوونی لە دڵ دەمێنێتەوە.

شمشێرێکی شین لە ناو غەلاف!

---

٢٣- ناوی چەند شەقامی شاری کرماشانە.

# خواوەندی خەون و خەیاڵ

## بەشی یەکەم:

لە دەرگای زۆرخانەکەوە[24] چوومە دەرێ. کزەیەکی سارد دەهات. ئەم زستانە ساردترە لە ساڵانی پێش. شاڵگەردنەکەم بەست بەسەرمدا و جانتاکەم کردە شانم. شەوێکی تاریک بوو. گاریچییەکانی سەر «کووچەی لەکەکان»[25] هێشتا خەریکی کار بوون. لە ژێر ساباتی گارییەکانەوە لە پاڵی میوە جۆراوجۆرەکاندا چراتۆڕی داگیرسابوو. دەستم کردە نێو گیرفانی سەرسنگی ئوڤێرکۆتەکەمدا. جگەرەیەکی وینستۆنی -کە پاش نیوەڕۆ- بەرلە ڕۆیشتنم بۆ زۆرخانە لەگەڵ حەشیش تێکەڵم کردبوو، دەرهێنا. چوومە نزیکی یەکێك لە گارییەکانەوە و نووکی جگەرەکەم چزاندە سەر چراتۆڕییەکەوە و نەفەسێکی توندم لێدا. جگەرە داگیرسا. هەروەها کە نەفەسی توند و بەردەوامم دەدا لە جگەرەکە، لە نێو تاریکاییەکی زۆردا چوومە نێو کۆڵانی لەکەکانەوە. لەگەڵ هەر نەفەس لێدانێ تاریکایی لێواری شۆستەکان و سێبەری دارەکان تاریکتر ئەبوو و تیشکێك کە لە هەندێ دوکانی کراوەوە دەردەهات رووناکتر بەرچاو ئەکەوت. هێدی هێدی توندتر نەفەسم لێدا، وەکو ئەوەی کە هیچ هەوایەك بەدی نەکرێت.

لەوپەڕی شەقامەوە چرایەکی مەیلەوسوور لە پاڵی حەمامەکەوە رۆشن بوو و لە قەراخی ئەودا سێ کەس تێکەڵوپێکەڵ بەرۆکی یەکیان گرتبوو. جلوبەرگەکانی هەر سیانیان پیس و شڕۆڵ بوون لەگەڵ قژی گژکراو و رەق. رەشایی چڵکی روومەتیان منی دەخستەوە یادی خولی فێرکاری سەربازی «ئێستتار» و لەم وێناکردنە تێکرا پێکەنیم و راوەستام. دوو کەسی دیکە لەبەردەم دوکانی جەرگفرۆشتنەکە راوەستابوون و بە کردەوەکانی ئەوان پێدەکەنین.

---

٢٤- زۆرخانە، ئەو شوێنەیە کە لەوێ پاڵەوانبازی دەکرێ.

٢٥- ناوی گەڕەکێکی کرماشانە. لەك یا لەکی زاراوەیەکی کوردییە.

جگەرەکەم گەیشتبووە کۆتایی. فڕێم دا و سەرنجم خستە سەر ئەوان. یەکێ لەوانم چەندین جار لە مەیدانی «جەوانشیر»[٢٦] دیبوو. موعتادی هرۆئین ببوو. زۆربەی کات لە ژێر سێبەری دارەکانەوە داکەوتبوو و نووستبوو. لەگەڵ کۆتێکی شڕ و پیس و لەش و روومەتی چەور و رەش ببوو و پانتۆڵی زل و بێکەڵکی لەبەر بوو. گەنج بوو. رەنگە پتر لە بیست ساڵی هەبوو. ئەو دوو دانەکەم کەم دیبوو. زۆر بەرچاو نەدەبوون. رەنگە شوێنی راوەستانیان جێگەیەکی دیکەی بووە کە شوێنی رێبواردنی من نەبوو. هەرکامەو بە سستی و بێهێزی ئەوی دیکەی بەرەو لایەکی دیکە رادەکێشا و کەسی سێیەم لە ناوەڕاستدا کەوتبوو بێهێزتر لەوان تەقەلای دەکرد کە ئەو دوانە لەیەك جیا بکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی.

یەکێك لەوان ئەوی دیکەی بەرەولای خۆی رادەکێشا و دەیووت:

- پەنجا تمەنی هی من بووە.

ئەویش تێدەکۆشا کە لە دەستی خۆی رزگار بکات و دەیووت:

- بێخاوەن، هی خۆمە و لە بەیانی تا ئێستا تێکۆشاوم و رام کردووە تا وەدەستم هێناوە. وادەزانی دەیدەمە بە تۆ؟

لە پاڵ مەنگەڵی ئەو دوکانەوە دانیشتم. لەگەڵ خەڵوزەسوورەکانی مەنگەڵ، جگەرەیەکم داگیرساند و دیسانەوە خەریکی تەماشای شەڕوجەنجاڵی ئەوان بوومەوە. یەکێك لەوانەی کە لە بەردەمی دوکانەکە دانیشتبوو و خەریکی سەرنجی جەنجاڵی موعتادەکان بوو بە هاوڕێیەکەی وت:

- نازانم بۆ کۆیان ناکەنەوە. ئەمە ساڵێکە کە پرۆژەی «والعادیات»[٢٧] دەستی پێکردووە. بەڵام ئەمانە هەمیشە لەم دەوروپشتە بڵاوەیان کردووە. شەوانەش لەسەر پارەی کەمی هرۆئین خەریکی شەڕ و ئاژاوەن.

دەمەویست بچمە پێشەوە و لە یەك جیایان بکەمەوە، ترسام کە خومار بوونەکەم لە کەللەم دەرپەڕێ و بێهەست رابکەوم. بە باشم زانی کە دەست تێوەردان نەکەم.

سووڕێکی دەور مەیدانەکەم دایەوە، راوەستام کە بزانم بۆ کوێ ئەچم. جانتاکەی سەر شانم

---

٢٦- گەڕەکێکی کرماشانە.

٢٧- گەلاڵەیەك بۆ سەرکوتکردنی قاچاخچی و موعتادەکان.

قورسایی خۆی دەنواند و سەریشم هەر شۆڕ دەبوو. لـە ڕۆیشـتن بـۆ مـاڵ پاشـگەز بوومـەوە. سواری تەکسی بـووم و چـوومە مـاڵی فـەتحوڵڵا. هـەر چـوومە ماڵـەوە خـەریکی خـواردنی مەشرووب بوون، بوتڵی مەشرووبەکە لە ناوەڕاستی سینییەك لەگەڵ دوو ئیسکان و کاسـەیەك ماست و پەنیر و نان. پاش خواردنەوەی دوو سێ ئیسکان، فەتحوڵڵا ئەو شووشەیەی کە جێگەی مورەباخۆری بوو هێنایە خوارێ بۆ تریاككێشان. ژوورکە گەرم بـوو، چـراگازێکی بچـووك لـە ناوەڕاست و لوولێك تلیاك لە پاڵیدا.

نازانم بە تەواوی کاتژمێری چەند بوو کە لـە مـاڵی فـەتحوڵڵا هاتمـە دەرێ. دڵـۆپ دڵـۆپ بارانیش دەباری. هەوا وەکو کاتی شەو سـارد نـەبوو. سـەرخۆش بـووم و بێخـەیاڵ و لەسـەر هەستێ کە ڕێنماییمی دەکرد چـووم بـەرەولای شـەقام و ڕێگـای مـاڵم گرتەبـەر. کاتـێ کـە گەیشتمە ماڵەوە، هەموان نووستبوون. چلۆن هاتبووم؟ لە بیرم نەمابوو. پانتۆڵەکەم پڕ ببوو لە قوڕ، کۆتەکەم تەڕ ببوو و سەرم مەنگ و خومار و قورس، لەشم شل و تەڕ بوو. یەکرا چوومە مەبال. کاتێ کە هاتمە دەرێ دایکمم بینی کە لە نێو هەیوانی ماڵەکە ڕاوسـتابوو، چـاوەکانی خەواڵوو ڕوومەتی تژی لە خەم بوو. وتی:

- حەبیب موعتاد نەبوو‌بیت. ئیدی خۆ کردووتە کاری هەر شەوەت؟

تێکۆشام کە بە ڕووی دایکمدا پێکەنم، دەستم بە سستییەوە بەرز کردەوە و وتم:

- نە بە گیانی دایکم. من و ئەم قسانە؟!

پاشان سەرم داخست و خۆم خستە نێو ژوورەکەوە کە بنووم. دەبـێ سـبەینێ، بەرەبـەیانی زوو، هەڵدەستام، دەچوومە پادگان. هەرچەندە کە بـە باشـی ئـەمزانی وەکـو شـەوانی دیکـە دەبـێ تـا بەرەبەیانی هەر وەنەوز لێبدەم و لە نووستنی کامڵ و تەواوی بێوەری بم. رادیۆەکەم کردەوە و گـوێم سپاردە بەرنامەی «ڕێبوارانی شەو» و ڕۆیشتمە نێو خەون و خەیالگەلی درێژەوە، لە یەکێکـەوە بـۆ یەکێکی دیکە و هەموانیش بێسەرەتا و بێکۆتایی.

## بەشی دووەم:

لە ماڵی فەتحوڵڵادا چوومە دەرێ، خومار بـووم و سـەرخۆش، تێکـەڵاوی دووکـەڵ. شـتێ بەسەر دڵمەوە قورسایی دەکرد و جگەرەیەکی داگیرساوم لە دەستێ بوو، کاتێ چـوومە مـاڵی فەتحوڵڵا، نیوەڕۆ بوو. ئێستا دەبێ دەمەوئێوارە بێ. نەمدەزانی سەعات چەندێکە، کاتـژمێرم

نەبوو. ئەوەم فرۆشتبوو. کاتێ کە پارەیەکم نەبێ تلیاکێ بکڕم، کاتژمێرم بۆ چییە، هەر ئـەوە باشترە کە نەزانم کات چییە و سەعات چەندە. مەگـەر کـاری دائیرە(ئیـدارە)م درەنگ(دێـر) ئەبوو. خۆ ئیدی مووچەخۆر نەبووم و نیگەرانی سەری سەعات رۆیشتن بۆ کارکردنم و فەرمان و ئەمری هیچ فەرماندەیەکم نەدەبیست.

ئەونده دێر چووبووم بۆ پادگان و تەئخیرم کردبوو لە ریـزی پشـتەوە منیـان خسـتە ریـزی بەرەوە. لە منیش هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر دووپاتی بکەمەوە دادگایی دەکرێم.

کاتێ کە منیان ناردە نێو بەرەی شەڕەوە، زۆر ناڕەحەت بووم. دوورکەوتنەوە لە کرماشـان بە مانای دوورکەوتنەوە لە هەموو شتێکە. تەنیا هەر جارێ کـە دەهاتمـەوە پشـوودان خـۆمم رێکوپێك و تەیار دەکرد و کەمێکیش تریاکم لەگەڵ خۆم دەبردەوە بـۆ شـوێنی سـەربازییەکەم (مەنتەقە) تا کەمتر خومار بم. لە سەرەتاوە کە چووبووم بەهار بوو و هەواش خـۆش، کـەژ و چیا بۆم زۆر دڵگیربوون و پڕچێژ. بەڵام کە گەیشتینە مانگی جۆزەردان، گەرما هێـزی خـۆی نواند. تاقەت و سەبرم نەمابوو. تەنانـەت بـە کێشـانی تریـاکیش سـەرخۆش نـەدەبووم. هەموو شتێ تاقەتپڕووکێن و پڕئازار ببوو، مەجبوور کرام کە خۆم رزگار بکەم. بایـەخم نەدەدا بە قسە و هەڕەشەکان. نەچوومە سەرکاری سەربازی بە باشی دەمزانی کە بە پێنج رۆژ غـەیبەتی بێهۆ، کەسێکی ئەرتەشـی دەبێتـە گرووپـی هـەڵاتوان و منـیش هـەڵاتم، مووچەکەشم بڕا.

ئیدی تەسمیمی خۆم گرتووە. ناگەڕێمەوە هەرچی ئەقەومێ با بقەومێ.

لە بنەڕەتدا لەگـەڵ سیسـتەمی ئەرتـەش و ئـەم پێشـە گاڵتەجاڕییـە کـە بـە هـۆی گەمژەییەوە هەڵم بژاردووە پاشگەز بوومەتەوە. ئەگەر سەوزەم بفرۆشتبا ئێستا میلیونێر (سەرمایەدار) بووم. دەبێ کارێکی دیکە بدۆزمەوە. ئـاخ! پێسـتی قامکـەکانم سـووتا. جگەرەکەم تەواو ببوو و لێی تێنەگەیشتم. جگەرەکەم تووڕدایە پاڵی دیوارەکە و لە نێـو داڵانەکەوە تێپەڕیم. دوو کەسی هرۆئینی (موعتـاد) لـە پـاڵ یەکـدا دانیشـتبوون و بـە ئەسپایی پچەپچیان دەکرد. پاش داڵانەکە کۆلانێکی تەسك و باریکە کە لـە دوو لایـەوە دیوارگەلی گڵی سەریان بەرز کردۆتەوە. بە تێکڕا بەشێك لە دیـوارە گڵییەکـە رمـابوو. کۆڵانەکە رووخسارێکی کۆنی (مێژوویی) هەیە لە یەکێك لە کۆڵانەکانی «عەلافخانە»[٢٨]

---

٢٨- ناوی گەڕەکێکی کۆنی شاری کرماشانە.

سەرەوخوارییەکی لێژی هەبوو. وریابووم کە نەکو پێم گیر بکاتە نێو تیکە بەردەکانەوە، هەموو شتێ بە لێڵی دیاربوو، وەکو ئەوەی کە ئێوارە بوو و هەواش بەرەو تاریکی دەچوو.

دوو کیژۆڵە لە بەردەمی یەکێك لە ماڵەکانەوە راوستابوون. ماڵەکە، دەرگایەکی گچکە و دووتایی هەبوو کە لە داری کۆن دروستکرابوو. کیژۆڵەکان بلووز و داوێنی بە رەنگی رۆشنیان لەبەر کردبوو و بزەیان دەکرد. لە نێو دڵم شادییەکی زۆر چەکەرەی کرد. بە دەمیانەوە پێکەنیم، یاکو رەنگە خۆم وا مەزندەم کردبێ. یەکێکیان سێوەسوورێکی لە دەست بوو. بە دیتنی من بە بزەیەکی شیرینەوە، سێوەکەی خستە بەرەو کچۆڵە هاورێکەی. بەلام سێوەکە کەوتە سەر ئەرزێ و لە نێو لێژایی کۆلانەکەدا بەرەوخوار سوورایەوە. دەمەویست سێوەکە بگرمەوە بەلام هێزی دانواندن و جوولانەوەم نەمابوو. بە هێمنی هەنگاوم دەگواستەوە. کچەکان بە دەنگی بەرز قاقایان دەکرد و تلانەوەی سێوەکەیان سەرنج ئەدا. روانیم بۆیان کە هیچ کامیان سەرنجی سێوەکە نادەن و سێوەکە دەتلایەوە توندتر لە هەنگاوە سستەکانی من.

سەرنجم حەیرانی تلانەوەی سێوەکە بوو. دەستم گرتە دیوارەکەوە، هەندێك راوستاوم، پاشان درێژەم بە رێگەکەم دا.

گەیشتمە خواروی کۆلانەکە. سێوەکە لە پاڵ بەردێکەوە گیری کردبوو و ئیدی. سوور نەبوو، سێوێك بوو، ئالوودە و پیس، بەو چەشنەی کە هیچ رێبوارێك هەڵی نەدەگرت و بە کەڵکی هیچ کەس نەدەهات. بە سستی لە پلیکانە بەرز و لێژەکانەوە چوومە خوارێ و بۆ ماوەیەك سەرنجی پەنجەرەکانی نهۆمی سێیەمی پاساژی «تلووع»م دا. پاشان بە ئەسپایی چوومە ئەوبەری شەقامەکەوە. سواری تەکسییەك بووم، بەرەو گاراج[٢٩]، لەوێشەوە بەرەو ماڵ...

**بەشی سێیەم:**

لە دۆخێکی نالەباردا بووم، نەبوونی پارە، بێکاری، خومـاربوونی بەردەوام، پشتمی چەماندبووەوە. لە دەرگای ماڵی فەتحوڵلاوە دەگەرێمەوە. ژنەکەی بە لالووتییەوە وتی:

- لە ماڵەوە نییە، چووەتە دەرێ.

٢٩- گۆرەپانی ناوەندی شاری کرماشانە.

پرسیارم کرد:
- کەی ئەگەڕێتەوە؟
ڕوومەتی خۆی تاڵ کرد و لە حاڵێکدا کە خەریکی داخستنی دەرگاکە بوو وتی:
- نادیارە وابزانم نایێتەوە.

سەرم داخست و هاتمەوە. دەزانم بۆ وا قسەی دەکرد خۆ بەم چەشنە بەدخولق نەبوو. جاران تا دەرگای دەکردەوە بانگێشتی ماڵی دەکردم. بەردەوام دەیگوت:
- بە خێر هاتی. ماڵمانت ڕووناك کردەوە.

دیارە بۆچی ئەمڕۆژ زۆر کەمسەرنج بوو. قەرزاری فەتحوڵڵام. مووچە وەرناگرم. پارەم نییە کە خەرجی بکەم و تلیاك وەربگرم و ئەو کاتە کە هەمووی پارەکانم دەکردە خەرجی تلیاکی خۆم و فەتحوڵڵا، هەنگاوەکانم بە سەر چاویان بوو، بەڵام ئێستا لەبەردەم ماڵەوە تووڕم ئەدەن. شتێکم نییە دەزانن کە دەستم خاڵییە. پارەم نییە کە بیدەم بە فەتحوڵڵا زۆر بخۆلێتەوە بچێت تلیاك بکرێت.

فەتحوڵڵا بەو ڕوەخسارە ئێسقانییە ڕەشە سووتاوەکەی کە وەکو لوولی تریاك خۆی دەنواند و ئەو ژنە قەڵەوە بێکەڵکەی بوونەتە مرۆڤێ بە شارستانییەت خۆیان دەنوێنن و خۆبایبوون لە ئاستی منەوە دەزانم خۆ ئەو فەتحوڵڵا بێخاوەنە لە ماڵەوە بووە و خۆی بە ژنەکەی وتوویەتی کە وەڵامم نەداتەوە و ڕەدم بکات، خۆ ئەو جێگەیەکی نییە کە بچێت. بچێتە هەر کوێ زوو دەگەڕێتەوە، تا ئەم چەند مانگەی پێش ئێستا، هەر کاتێ دەچوومە بەر دەرگای ماڵیان ئەگەر خۆیشی لە ماڵەوە نەبوو بە ویستی ژنەکەی دەچوومە ماڵەوە و تا چایەکم دەخوراد، فەتحوڵڵاش دەگەڕایەوە، ئەی بێباوك. کۆڵانەکانم تێپەڕاند و ئێستا لەسەرووی پردە هەواییەکەم. ماندوو، ئارەقکردوو، هێزی ڕۆیشتنم نەماوە.

خۆم دەخەمە پاڵ حەسارە ئاسنییەکانی پردەکەوە و کەمێك سەرنجی خوارەوە ئەدەم... لە ژێرەوە ماشینەکان دەهاتن و دەچوون و دارەکانیش تۆزاوی ببوون و لە ژێر هەتاوی پڕگڕەوە هێزی جووڵانەوەیان نەبوو. خۆم دەلکێنم بەم حەسارانەوە خوماربوون هێزی لێ ئەستاندووم. توانایی ڕۆیشتنی ماڵەوەم نییە و بەم دۆخەی کە هەمە هێزی ڕۆیشتنم نییە. هیوای وەرگرتنی پارەشم لە کەسێ نییە. لەم چەند ماوەیەی کە مووچەم وەرنەگرتووە لە هەرکەس و ناکەسێك قەرزم وەرگرتووە. بە دە شێوە بەڵێن و وەعدەم داوە. باش ئەزانم کە هیچ کەسێك بە من متمانەی نەماوە. هەموان ئەزانن دەرکراوم و مووچەکەم بڕاوە و ئێستا پارەم دەوێ بۆ تلیاك.

تەنانەت دایکیشم بەزەئیم پێناکات، هەر رەخنەم لێ دەگرێت. لە کاتێك کە رادیۆزەبتەکەی ماڵەوەم برد کە بیفرۆشم، لێم وەرەز بووە. لە کاتێکەوە دەچمە ماڵێ تا کاتی چوونە دەرەوم، بە چوارچاوی چاودێری من دەکات ئەڵبەت لەژێر چاوەوە. وەکو دیلم لێهاتووە. دەرەتانم لێتەسك بووەتەوە و خۆ ئێستاش کاتی رۆیشتن بۆ ماڵەوە نییە.

زۆر زۆر کەسەر و بێحاڵم. وەکو ئەوەی کە تەواوی لەشمیان کوتەککاری کردبێ، شڕ و وڕم، ئاخ! ئەگەر ئەمتوانیبا بنوم چەندە باش ئەبوو. جاران، کاتێ مەشرووبم ئەخوارد، دوو تا سێ سەعات پاش ئەوە دەچوومە خەوێکی قورسەوە، بە چەشنێ کە رۆژی دوایی بە دژواری ئەمتوانی خۆم بگەیێنمەوە سەربازخانە، خۆ ئەگەریش ئەفیونم دەکێشا ئەمتوانی بنوم. تەنیا زۆر تینوو ئەبووم و بۆ خواردنەوەی ئاو هەڵدەستامەوە. بەڵام لە کاتێکەوە کەوتوومەتە نێو ریزی تریاکییەکانەوە خەوم لێ زڕاوە. کاتێ کە ئەیکێشم بێ خەوتن دەمێنمەوە، ئەگەریش نەکێشم ئێشی کەمەر و پێ ناهێڵی کەمێك بنوم تەنیا ئەکرێ وەنەوز لێبدەی، وەنەوزگەلی کورت لەگەڵ خەونگەلی تێکەڵ و پێکەڵ.

لە سەرەتاوە، هەندێ جار، لە سەر مەشرووبیشەوە تریاکم ئەکێشا. هاوڕێیان ئەیانووت:

- تریاك لە سەر مەشرووبەوە سازگارە، پێکەوە یەك دەگرن و مرۆڤ پتر سەرخۆش ئەکەن.

دوایی زۆرترم دەکێشا، زۆرتر و زۆرتر، و درەنگ(دێر) تر دەگەیشتمە دۆخی سەرخۆشی.

ئێستا لێی ماوەمەتەوە و نازانم چی بە خۆم بکەم؟ لەگەڵ لێرە وەستان، لە ژێر ئەم هەتاوە پڕگڕەی هاوین، لەسەر ئەم پردەوە، کە دروست نابمەوە، لە دوورەوە مەیدانی جەوانشیر[٣٠] دیارە.

بیرۆکەیەك دەگاتە مێشکم. گەلێك لەم موعتادانە دەچنە پەناگایەك کە بۆ شوێنی سەربازخانەکانی کۆن دروستیان کردبوو. چۆن ئەبێ بچمە ئەوێ تاکو لە کەسێك شیرە (تریاك)ێ، سووتراوەیەك، شتێ وەربگرم. بەڵام وا باشترە رێکەوم.

دەچمە نێو پەناگا بتوونیەکەوە. دەستی کەم هەموو لای تاریکە و بۆنی شێدار دێت، بۆنی شێدار و شتی گەنیو تیکەڵی بۆنی چیمەنتۆ. بە دەست خشاندن هێدی هێدی دەچمە پێشەوە. لە

---

٣٠- ناوی مەیدانێکی کرماشانە.

پاڵی دیوارەکانەوە راوستاون، تاکەکەسی، دووکەسی و چەند کەسی، کۆبوونەتەوە. لە پاڵ دیوارێکەوە دائەنیشم و کز ئەکەم، گەنجێکی گرمۆڵەکراو لە بەرانبەرمەوە لە پێی دیوارە، دانیشتبوو و شقارتەی خستبووە ژێر زەڕوەرەقە، نایناسم و لەبیرم نییە کە لە شوێنێ دیبێتم. کاغەزێکی لوولکراوی خستە سەر لێوی و چاوی بڕیە جوولەی زەڕوەرەق و شتێك کە لە نێویدا دەتلیاوە، دێ و دەچێ و لەگەڵی شقارتەکەش رادەگرێ. پاشان شقارتەکە دەکوژێتەوە. سەری بەرز ئەکاتەوە، بە ژێر چاویەوە سەرنجێك ئەدات و شانێك دەجوولێنێتەوە. پاشان سەرنجی راست رادەگرێ و دەڵێ:

- خوماری برا؟

نازانم چی بڵێم. بێدەنگ ئەبم.

- لاالەالاالله ئەگەر حەز ئەکەی فەرموو.

بە پرتەپرتەوە دەڵێم:

- ئەگەر سووتراوێك، شیرەیەك (تریاك)، هەتە حەز دەکەم.

دەڵێ:

- نە برا! ئەو جۆرانەم نییە. ئەگەر حاڵت پەرێشانە وەرە ئەمرۆژ بە ئەمە خۆت تەیار بکە، بەیانی خوا کەریمە.

چاوەڕوانی وەڵام ئەمێنێتەوە، شتێ ناڵێم. نازانم چی بکەم. ئەهێنێ و دەڵێ، هەڵئەستێ لە پاڵمەوە جنچووك ئەدات:

- وەرە کاکە! مرۆڤ نابێ نینۆکوشك بێت، فەرموو تۆیش سەر خۆشێك بکە.

- تا ئێستا نەمکێشاوە.

- مەترسە چاودێرتم. خۆم بۆت رایدەگرم.

کاغەزی لوولەکراوێکم بۆ رادەدێرێت. وەریدەگرم و دەیخەمە نێوان دوو لێومەوە.

شقارتەکە دادەگیرسێنێت. کەمێك دەوا (هرۆئین) لە سەر وەرەقەکەوە ماوە، سێ جار دەیکێشم، کۆتایی پێدێت. دەڵێ:

- زانیت کە قسەی تێدا نییە. ئاسان و بە پەلە مرۆڤ تەیار ئەکات. ئێستا ئیدی بوویتە زاوا و چوویتە نێو پەردەوە.

پاشان وەکو ئەوەی کە دەنگی لە قووڵایی چاڵێکە دەبیسم کە دەیووت:

- ئەم پیرەژنەی عەجوزە، بووکی هەزار زاوایە.

کتوپڕ هەستی ئەوە دەکەم کە سووك بوومەتەوە، سووك، سووك، وەکو گەڵایەکی نێو با، وەکو ئەوەی کە هەر بوونی نەبێت، وەکو ئەو کۆترانەی کە فەتحوڵڵا دەیانیفڕاندە نێو ئاسماندا، ئارام باڵیان دەگرتەوە. لە نێو دڵمدا ئاژاوەیەك روو دەدات، شتێ تا نێو قوڕگم دێتە سەر و دووبارە دەچێتە خوارەوە. دەمەوێ بیهێنمەوە، بەڵام نایێتەوە. هەست بە خنکان ئەکەم. حەزم ئەوەیە کە لە نێو هەوای ئازاددا بژیم. هەڵدەستێم. دەستم دەگرمە دیوارە چیمەنتۆییەکە و بتوونییەکەوە دەچمەوە دەرێ. سووك و بێخەیاڵم. بارم سووکی سووکە. خەمێکم نییە تا حەزیش بکەی تینووم، تینوو تینوو.

وەکو ئەوەی کە ساڵانێکە کە ئاوم نەخواردبێتەوە، ئاخ! خۆش بە حاڵی ئەوانەی کە ئێستا دەمیان لە نێو ئاوی ساردداية، ساردی سارد، وەکو سەهۆڵ. و بریا ئێستا لە نێو ئاوی قەرەسوو[٣١] بوومایە، لە ژێری چەناکەم، تا ژێر لووت و سەرنجی ئەملا و ئەولام ئەدا، سەرنجی بیەکانی ئەو دەڤەرە و شۆڕبوونەوەیان. وەکو ئێستا کە هەناسەم سوار بووە و توند توند لێدەدا، ئەو کاتەش هەناسە بکێشم. ئاخ! داخ لەم هەوا بریا هەوایەکی توند دەهات تا هەموو بکێشمە نێو سییەکانمەوە، چەندە تینووم، لێو تینوو. هەست دەکەم کە سەر و لەشم پێوە نییە، هەر خۆم بوونم نییە. روحێکی بێلەش، شێواو، تینوو و تامەزرۆی هەڵمژینی هەوا، تینووی هەوا، و ئەم روحەش هەموان ئەبینێ.

شل و سست هەر دەچم. خاكوخۆڵی مەیدانی جەوانشیر لە ژێر پێمەوە دەخزێن و لەگەڵ هەر هەنگاوێك تۆزێك هەڵدەستێتەوە. شێری (بەلووعە) ئاوەکەی ناو مەیدان دەکەمەوە. دەخۆمەوە. چەند مشتێ دەپڕژێنم بە دەموچاومەوە، سەرم بەرز ئەکەمەوە، جووڵەی ئاو لە ریخۆڵەکان هەست دەکەم کە لە ژێر چەناگە، لەسەر ملەوە تا سنگەوە دەخزێن و ئێستا فێنکم. ئیدی ئاژاوەی دڵم نەماوە. دارەکانی ناو مەیدان جوانن... دەوراندەوریان جادەیە... بێهۆ پێدەکەنم. رەنگە تەنیا بزەیەکم کردبێ و هەست دەکەم پێکەنیوم. دیسانەوە سەرنجی ئەملا و ئەولا ئەدەم، دیسانەوە هەر وا دەکەنمەوە. هەموو شوێنێ سێبەرە، کورت و درێژە، پان و تەسك، هەموو جۆرێ.

پشت ئەدەمە دارێکەوە دەخشێمە خوارەوە. بێشك لەسەر ئەرزەوەم، لەسەر خاکی

---

٣١- ناوی چۆمێکی کرماشانە.

نەرم‌ونیان پشت بە دار، پێیەکانم کراوە و درێژ. چاو ئەبڕمە بەرەوە، وێڵ و ئارام و بێ‌نیگەرانی. کەمێك لەولاتر لە پێی دارێکەوە لە ژێر سێبەر، پیاوێك بە دەمەوە کەوتووە، بە لایەکی روومەتی لە سەر خاکەوە نووستووە. رووخساری ئاشنایە، بەڵێ هەر ئەوەیە کە شەوێك لە کۆڵانی لەکەکان بە هۆی پارەوە خەریکی شەڕ و ئاژاوە بوو، بە قژی درێژ و شێواو و تۆزاوی و لکاو لەگەڵ ریشی درێژ و چەور، تێکەڵی خاك و خۆڵە و لە قەراخیدا کۆتێکی شڕ داکەوتووە. ئەوندە راحەت راکشابوو و نووستبوو کە وەکو ئەوەی کە هەرگیز بێدار نەبوو. لەم وێنایە خۆم بە خۆم پێدەکەنم. هەستی سەرخۆشی ئەکەم. دۆخێکی خۆش، چاو ئەبڕمە ئەوبەری جادەکەوە، لەو پلێکانانەی کە دەچن بەرەوبان بۆ «سەرتەپە»[٣٢] خەیاڵم دەفڕێت بۆ هەر شوێنێ کە دڵم حەزی پێ‌بکات جار هەیە هەم، جاریش هەر نیم.

**١٣٦٩ی کۆچی هەتاوی**

٣٢- ناوی گەڕەکێکی کۆنی شاری کرماشانە.

# ئەو کەسەی کە دواڕۆژێکی نەبوێ

هەندێك لە دەوری «کوڕمەلك» ئاپۆڕەیان کردبوو. ئەو نێوقەدی خۆی بە بـان رووت کردبـووە و لەشی برۆنزە و ماسولکەیی خۆی خستبووە بەرچاوی بینەران. پاش نیوەڕۆیەکی پاییزی بوو. هـەتاو تازە لەسەر بەڕێوبەرایەتی پۆست «POST» رەد ببوو و کوڕمەلك لـە پـاڵ دیـوارەی سـەدەکەوە، راست لە بەرانبەری بەڕێوبەرایەتی خەریکی پاڵەوانبازی بوو.

وێڕای هەبوونی کورتە بالآیی، هەنگاوی درێژی دەهاویشت. لە ناوەڕاستی دائیرەکەی بە تونـدی دەخولایەوە. دەستەکانی لە یەك دەدا و شیعر و پیاهەڵدانی دەخوێندوە بـە چەشـنێك کـە رەفتـاری پێکەنینی بوو. و پێکەنین لە سەر لێوی تماشاڤان دوور نەدەکەوتەوە. بەڵام ئەو بە رووخسارێکی زۆر جیـددی هەنـدێ تـووڕە و برۆکـانی داکـەوتبووە خـوارێ، لـە ناوەڕاسـتی دائیرەکـەی بـە پەلـەوە سووڕایەوە... دەست و پێی بەرەو ئەملا و ئەولاوە دەبرد و سنگی لە هەناسەکێشانی بە پەلـەی پـڕ و خاڵی دەکردەوە و تیکڕا دەیووت:

- بە من دەڵێن پاڵەوان مەلك!

پاش چەند جار سووڕ خواردنەوە راوستا و وتی:

- هەموو خەڵکی ئەم دەڤەرە من دەناسـن. تەمەنێکـە کـە مـن پیشـەم پاڵەوانکارییـە. بـۆ سەلامەتی خۆتان سەڵەواتێ هەڵبدەن!

خەڵکی سەڵەواتیان هەڵدا. پاشـان لـە سـەر کەلوپـەلی کارەکـەی کـە لـە ناوەڕاسـت دابـوو ئاماژەیەکی کرد و وتی:

- ئەم دوو وەزنە (کێشە) هەرکامیان ١٥ کیلـۆن. دەیانخەمـە بـەرز، زۆر بـەرز. ئـەم سـینییە دەسووڕێنمەوە و دەیگوشم. ئەم زەنجیرە دەپچڕم. راوەستن و سەیر بکەن. وا بیر مەکەنەوە پیر بوومـە و هێزم نەماوە. دووکەڵ لە سۆمپا هەڵدەسێتەوە و... سەروەرم عەلی[٣٣] پارێزەرمـە. خـوا زمانـت لاڵ نەکا سەڵەوات هەڵبدە. تماشاڤانان سەڵەواتیان نارد.

---

٣٣- مەبەست حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالبی قورەیشە.

- باش نەبوو. ئەگەر ئەتانەوێ سالم بهێنمەوە سەڵەواتێکی بەرز هەڵبدەن.

و دیسانەوە ئاپۆڕەی خەڵکی، بە پێکەنین لە سەر لێو دەنگی سەڵەواتیان بەرز کردەوە.

ئەو کات کوڕمەلك وەکو دایکێ کە بە تێکڕایی بە خۆی تێك بسووڕێنێتەوە لە نێو هەوادا فڕی و خۆی هەڵگەڕانەوە. لە سەر دوو پێی ڕاستی ڕاوەستا و بە پەلە هاواری کرد:

- عەلی پارێزەرتان! سەڵەوات هەڵبدەن.

دەنگ لە نێو هەوادا دەنگی دایەوە. بەدوویدا کوڕمەلك هەڵفڕی و خۆی هەڵسووڕاندەوە. دیسانەوە لەسەر دوو پێی، ساغ و سالم ڕاوەستا. پاشان بە هەمان ڕووخساری جیددی و تووڕەییەوە خەریکی خۆخولاندنەوە بوو. بە توندی هەناسەی دەکێشا و سنگە قەڵەو و دەرپەڕیوەکانی بەرەو دوا دەچوون. لەشی ڕێكوپێك و ئەندامەکانی وەکو پاڵەوانێکی گەنج بوون و لەسەر ئەم لەشە ماسوولکەییە و بەهێزە، ڕوومەتێکی سست و بەساڵاچوو لەگەڵ سەرێکی بێقژ کە زۆر نالەبار بوو. بە پێچەوانەی لەشی پڕماسوولکەیی، ئێسقانەکانی ڕوومەتی دەرهاتبوون و ئامێرەکانی دەمی چووبوون بە ناودا. بە چەشنێ کە ریشەکەی نەیدەتوانی چاڵەکەی پڕ بکاتەوە. لە هەموو خراپتر دەمی بۆشایی تیدابوو و خاڵی بوو. ئەوندە بە ددانەکانی کاری کردبوو کە هەموویان وەری بوون.

هەمووی خەڵکی ئەم دەڤەرە بینیبوویان یان بیستبوویان کە کوڕمەلك، تەنافی خستووە دەوری ملی کەر و بە ددان بەرزی کردۆتەوە و چەندە مێڵەی ئاسنینی کە بە ددان نەچەماندۆتەوە! ئێستا لەو ددانە پولاًیینە ئاسەوارێك نەماوە. بە ڕوومەت وەکو مرۆڤێکی ٥٠ ساڵە بە چاو دەهات و ئەمە درۆ نەبوو. لەم دەڤەرە لە هەر کەست دەپرسی لەبیری نەبوو بۆ جاری یەکەم کەی دیویەتی.

هەر کەسێك، هەر چەندەکو بۆ پاش دەگەڕایەوە دیسان ئەوی دیبوو، کە نمایشی پاڵەوانبازی دەکرد، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە. سەرەتای کارەکەی نادیار بوو. کەسێك نەیدەزانی کە چلۆن فێری ئەم کارە بووە و چلۆن کەوتۆتە نێو ئەم کارەوە... و هیچ کەس ناوی بە دروستی نەدەزانی. تەنیا هەموان ئەیانزانی کە لە ئەسڵدا قەسرییە.[٣٤] باوکی «مەلك»ی ناو بووە. بێجگە لە پاڵەوانبازی هیچ پیشەیەك نازانێ و هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ بژیوی نییە.

کوڕمەلك یەکێك لە وەزنەکانی بەرز کردەوە و وتی:

- بە دەستی براوی ئەبولفەزل سوێند بێ ١٥ کیلۆ کێشیەتی.

---

٣٤- مەبەست شاری قەسری شیرینە.

سەنگەکەی خستە هەوادا و چەند جار...
یەکێك لە نێو ئەو ئاپۆڕەیەدا وتی:
- دوو دانەیی هەڵیخە. دوو دانەیی...
کوڕمەلك بەرەو ئەو شوێنەی کە دەنگەکە هاتبوو و هەڵگەڕایەوە و وتی:
- هەموان ئەزانن کە هەزاران جار دوو دانەم هەڵخستووە و گرتوومەتەوە. بەڵام ئێستا...
لەو کاتە ساتێك بێدەنگ مایەوە و پاشان وتی:
- ئێستا دەمەوێ ئەم سەنگە بکوتمە سەر باسکەکانمدا. ئەگەر ئەتانەوێ ئەم باسکانە ورد نەبن سەڵەوات هەڵدەن.

تا دەنگی سەڵەوات بەرز کرایەوە، سەنگەکە خرا بە هەوادا و باسکی راستی خستە ژێر سەنگەکە. سەنگەکە داهاتە خوارێ و کوترا بە باسکیدا، کەوتە سەر خاك و تلایەوە. لە زۆری ئێشی، باسکی پەڕی بە هەوادا، بۆ ساڕێژبوونی هەنگاوی درێژی دەوری گۆڕەپانەکەی دایەوە. دیسانەوە سەنگەکەی هەڵگرت، هەڵیخست، ئەم جار باسکی چەپی خستە ژێری، سەنگەکە کەوتە سەری و ئەویش وەکو ئەوی دی پەڕی بە هەوادا و پاشان دەسووڕایەوە. و دەستی دەخولاندەوە. لەو کاتە راوەستا، پەڕی بە هەوادا و هەڵگەڕایەوە. هەندێ لە تماشاڤانەکان چەپیان بۆ لێدا. کوڕمەلك ورووژا. چەمایەوە دوو سەنگەکەی لەسەر دەستەوە بەرز کردەوە. بەڵام بەرەو ئاسمان هەڵی نەخستن.

ئەوانی چەند خولەك لەسەر دەست و بانی راداشت. ئێسقانەکانی سنگی دەرپەڕیبوون و هەناسەی سوار بوو. ئاپۆڕە چەپی لێدا و چەند کەسێك فیکەیان هەڵکێشا. سەنگەکانی بە پەلە کوتایە ئەرزدا، بە توندی دەورێك سووڕایەوە و زنجیرێکی ئاسنینی لە نێوان کەلوپەلەکەیدا دەرهێنا.

نزیکی تماشاڤانەکان بووە. زەنجیرەکەی بەرز کردەوە و هەروەها دەسووڕایەوە و هەر ئەوی پێشان ئەدا و دەیووت:
- سەیری بکەن! ساغ و سەلیمە. هیچ شوێنێکی پچڕاو نییە و ئەگەر هەیەتی بڵێن. بەڵام من بە هیممەتی سەروەرم «عەلی» دەیپچڕم. تۆی لاو! وەرە پێشەوە ئەم زنجیرە بخە دەوری سنگمەوە.

ئەو لاوەی کە بەردەنگ بوو هاتە پێشەوە لە حاڵێکدا کە بزەیەك بە لێوەیەوە بوو ویستی کە زنجیرەکە بخاتە دەوری سنگی پاڵەوانەوە.
کوڕمەلك وتی:
- توند و قایم بیخە دەوری سنگم.

هەناسەی لە نێو سنگی خۆی بڕی و لەشی خۆی کۆ کردەوە. لاوەکە زنجیرەکەی خستە دەوری باڵ و سنگی و خۆی هاتە پاشەوە. زنجیرەکە ئەوەند توند هەڵبەسرابوو کە کاتێ کوڕ مەلێك هەناسەی بەردایەوە ئاڵقەکانی چەقینە نێو گۆشتی لەشیەوە و تەواوی سنگی سوور بووەوە. وادەردەکەوت کە زنجیرەکە بەربەستە بۆ هەناسەکێشانی. چەند جار بەردەوام هەناسەی بە دژواری هەڵکێشا و لە حاڵێکدا کە دەمی کلیل کردبوو پێکی چەماندەوە و گوشاری هێنا. زنجیر نەپچڕا و ئەویش هەناسەی بەندکراوی خۆی ئازاد کرد.

خۆی چەماندەوە و دڵۆپێك کە لە سووچی چاوی هاتبووە خوار بە پشتی دەستی پاکی کردەوە. وتی: ئەگەر دەتانەوێ منی پیرەپیاو شەرمەندە نەبم لە دەستی ئەم زنجیرە خۆم رزگار بکەم سەڵەواتێکی پیاوانە هەڵبدەن. خەڵکی سەڵەواتیان هەڵدا.

- بە خوا ئەگەر بۆ تیکەنانێك نەبێ مرۆڤێك خۆی ناخاتە ناو وەها زنجیرێکەوە. پارە چڵکی دەستە، بەڵام سلامەتی گرینگترە ئەگەر بچێت ئیدی ناگەڕێتەوە. خوایە دەستان لەبەردەم هیچ ناپیاوێك درێژ نەکەنەوە، سەڵەواتی دیکە هەڵبدەن.

ئاپووڕە سەڵەواتیان هەڵدا.

- ئاهای گەنجەکان یا خوا بە حەقی عەلی، هیواردارم کە هەموو کاتێ ساغ و سەلامەت بن. کەمێك پەلە مەکەن و وابیر مەکەوە کە سواڵکەرم، بەڵام پێویستیم هەیە دەستم رەد نەکەنەوە. پێنج تمەن، یەك تمەن هیچ کەسێکی چارەڕەش نەکردووە. ئەگەر ئەتانەوێ کە زەحمەتەکانم بێئاکام نەمێنێتەوە دەست بکەنە نێو گیرفانتان... خوا بێپاداشتتان ناهێڵێتەوە... لە باتی ئەمە چەند بەرابەری وەردەگرنەوە.

چەند کەسێك لە نێوان ئاپۆوڕەدا پارەی پێنج تمەنییان ئاراستەی کرد. کوڕمەلك لە حاڵێکدا کە باڵەکانی لە بەندی زنجیردا بوو. بە دژواری چەمایەوە، کاسەیەکی هەڵگرت و بە دەورە خولایەوە.

- خوا لە باتی ئەمە چەند بەرانبەری بداتەوە پێتان. بە خوا ئەمە زۆر بە کاریگەر ئەبێ و یارمەتییەکی خواویستانەیە.

- خوا پارێزەرتان بێ... خوایا تەمەنت تا ساڵانی پیری بڕوات ئەی گەنج خوای گەورە هەزار بەرانبەری ئەمە بداتەوە پێت... خوا ساغ و سلامەتت بکات، مناڵ... عەلی دەستت بەرەو ناپیاو درێژ نەکاتەوە، برا... خوا ئاتاجت نەکات گەنج...

ئەو کاتە سەرنجی ئەملا و ئەولای دا، ئیدی هیچ دەستێك کە پارەی تێدا بێت ئەوی بانگ نەدەکرد، کاسەکەی لە ناوەڕاست، لە پاڵی سەنگەکان دانا. پێیەکی هاوردە پێشەوە. چۆکی

چەماند. ناو دەستی نایە سەریانەوە. سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و هاورای کرد:

- یا... عەلی...

و گوشاری هێنا. ئالقەکانی زنجیر لە نێو گۆشتی لەشی زۆرتر چەقین، بەلام نەپچڕا. دیسانەوە هەناسەی لە سنگی بەند کرد و دەستی کرد بە زۆر کردن. بێئاکام مایەوە. هەستایەوە و بە پشتی دەستی، ئاوی چاوی کە ڕێگای گرتبوو، سڕییەوە و دەستی کرد بە هەنگاو لێدان. دڵۆپەکانی عارەق لەسەر لەشی دەدرەوشانەوە. ئاپۆڕە بێدەنگ بوون و چاوەڕوان. بایەکی ئارام بوو و دەنگی خوڕەی چۆمەکە دەهات و لە پێچی قەلای گەبری[٣٥] تێدەپەڕی.

بڕێ جار ماشینێك تێدەپەڕی و تۆز و خاکی بەرز دەکردەوە.

کوڕمەلك چۆکی دادا. ناو دەستەکانی بە مانای ویستنی شتێ کردەوە و هاورای کرد:

- ئەی خوا! لە بەردەم ئەم خەلکەوە خەجالەتم نەکەی.

دەستی نایە سەر چۆکەکانی و تا ئەو رادەیەی کە دەیتوانی گوشاری هێنا. بە چەشنێ کە دەمارەکانی مل و روومەتی دەرپەرین و دلۆپی عەرەق لەسەر روومەتی و لەشی دەرکەوتن و ئالقەکانی زنجیرەکە تەڕ و لە ژێر تیشکی هەتاوەوە کە خەریك بوو بەرەو کۆتایی شار کەج ئەبوو و ئەدرەوشایەوە، بەلام زنجیر نەپچڕا. لە زۆری ئێش کە هەمووی دەماری و ئەندامی دەیەویست تێك بدرێ، پەڕی بە هەوادا. هەوایەکی زۆری هێنایە نێو سییەکانیەوە و بۆ ئەوەی کە ورەی خۆی نەشکێنێ سنگی دایەبەرەوە.

دەنگێك لە نێو ئاپۆڕەدا بە گوێی گەیشت کە:

- ئەگەر ناتوانی بۆ ئێمەت لێرە داناوە. ڕێك و ڕاست بلێ و کاتمان بەفیڕۆ مەدە...

ئێشێکی سەدان بار دژوارتر لە ئێشی گوشاری زنجیر لەسەری دلی گوشاری هێنا و قوولایی روومەتی زۆرتر بووە و چاوەکانی لە تووڕەیی درەوشانەوە. شریخاندی و وتی:

- کێیە کە نەزانێ من هەزار جار زنجیرم پچڕاندووە...

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو کە هەر ئەو دەنگە وتی:

- بەلێ کردووتە! ئەوە رابردوو بووە. ئێستا بیکە!

کوڕمەلك دیسان شریخاندی:

- ئێستاش دەتوانم پیشانتان ئەدەم.

---

٣٥- پاشماوەکانی قەلای کۆنی شاری سەرپێل زەهاو.

له کەمەرەوە چەمایەوە و لە نێوان ددانە کلیلبووەکانیەوە هاواری کرد:
- یا...عەلی...

سنگی دەرپەڕی و ئاڵقەکانی زنجیر پتر لە هەر جارێ چەقینە نێو لەشیدا، بەڵام نەپچڕا. ئاوێک کە لە سووچەکانی چاویەوە دەتلایەوە لەسەر پێستی قاوەیی روومەتیەوە وەکو چڵك وەدەرکەوت. لەم کاتە هەندێ لە تماشاڤانەکان بە بۆڵەبۆڵ رۆیشتن. یەکێك هاواری کرد:
- ئەو پارەیەی کە دامان، بێتە ژارت، پاڵەوانە درۆزنە!

کورمەلك بە تووڕەبوونێکی شێتئاسایی‌یەوە دیسانەوە تێکۆشایەوە. بەلاّم بێکەلّك مایەوە. ئەم زنجیرە وەکو تەلیسمێك هەر نەدەکرایەوە و نەدەپچڕا. عەرەق تەواوی لەشی داگرتبوو و بەردەوام لە رێژەی تماشاڤانەکان کەم دەبووە. لە ئاکام لەسەر دوو چۆکی دانیشت و چەند هەناسەیەکی قووڵی کێشا و لە نێو سنگی بەندی کرد و بە تیکڕا گوشاری هێنا. لە توندی ئێش لە جێیدا دەرپەڕی. بەلاّم زنجیرەکە هەر بەستراوی باڵ و سنگی بوو. لە کتوپڕ لە حاڵ چوو. لەسەر چۆکەکانی چەمایەوە، کەوت و سەری چەماندەوە. لە لووتی سەری عەرەق دەجۆشی و لە روومەتیەوە دەتلایە خوارەوە. بەو چەشنەی کە نەدەکرا کە فرمێسکێك کە لە چاوانی دەهاتە خوارێ لێی جیا بکەیتەوە و تەنانەت بیبینی. ئەو ئاوە سوێر و سووتێنەرە لەسەر سنگ و باڵە ماسوولکەییەکانیەوە دەتلایەوە و لە ژێر قایشە پلاستیکە پانەکەی بزر دەبوو. ئیدی هیچ جووڵەیەکی نەکرد، وەکو ئەوەی کە تەواوی هێزەکانی لەگەڵ عەرەقە بەردەوامەکان کە دەڕژایە دەرێ ببووە هەڵم و لێی تەنیا پاشماوەکانی مابووە.

ئەوەندە چەماوە و سەری شۆڕ ببوو کە دوایین تماشاڤانیش رۆیشت.

بە رواڵەت ئەمە دوایین نمایشی پاڵەوانبازی ئەو بوو. چونکە پاش ئەو رۆژە، ئیدی کەسێك نەیدی کە کورمەلك نمایشی پاڵەوانبازی بکات، بەلاّم، پاشانیش هیچ کات کەسێك ئەوی نەدی. کەسێکیش پرسیاری نەکرد کە چی لێهات و بۆ کوێ چوو. تەنیا بزر بوو، هەر ئەمە.

**١٣٦٩ی کۆچی هەتاوی**

# تووڕه بوونێکی شاراوه

چوار گەنج لەوپەڕی قاوەخانـەی ئیقبـال دانیشـتبوون و وەکـو ڕۆژانـی پێشـوو خـەریکی کایـەی شقارتەبازی بوون و بەردەوامیش چاییان دەخواردەوە. شقارتە لە دەستی مەجیدەوە بوو و هەڵێخستەوە. شقارتە بە درێژایی کەوتە سەر مێزی ئاسنی بەرهەمی کارگەی «ARG» و وەزیری هێنا. دیسـانەوە هەڵێخستەوە، دیسانەوە بە درێژایی‌یـەوە داکـەوت. گـەنجێك کـە لـە بەرانبـەری مەجیـدەوە لەسـەر سەندەڵییەکی ئاسنی کەسك‌ڕەنگ دانیشتبوو و دەستەکانی نابووە سەر مێزەکە بە شادمانییەوە وتی:

- تۆ لە وەزارت سەرتر ناچی. بیدە بە من.

خۆی لەسەر سەندەڵییەکەوە ئەملا و ئەولای کرد و لەسەر شقارتەکە دەسـتی ڕێکوپێـك کرد و بە یاسای ئەم کایە دەستەکانی بەرەو دووی کردەوە و شـقارتەکەی بـە بـەرزایی کـەم هەڵخست. شقارتەکە کەوتە لای پانیدا، هاواری کرد:

- شا!

و پێکەنی و وتی:

- بەم چەشنەیە کوڕەکە.

مەجید وتی:

- ئەم پاشابوونە پێشکەشت. لە ئێراندا خۆ کەسێك بە شا نابێت. شا هەر یەکێکە کە هەمانە، ئەگەر پیاوی ببە بە وەزیر.

گەنجێکی دیکە وتی:

- تۆ خۆ لە بەیانییەوە تا ئێستا وەزیری، وریای وەزارتەکەت بە، دوا نەکەوی.

مەجید بە دەستی کوتایە سەر شانی ئەو گەنجەی کە ئەم قسەیەی کرد و وتی:

- قسەی بێخۆ مەکە. لە تۆش کە باشترم. لە بیرت بێ پارەی چایەکانت دۆڕاندووە.

چوار گەنج لە سبەینێوە خەریکی کایە ببوون. یەکێك لەوان پارەی چایەکانی دۆڕاندبووو و خەیاڵی ئەوانی دیکە لە بابەتی ئاکامی کایەکە راحەت بوو تەنیا کاتیان رادەبوارد.

لە دەرگای پشتی قاوەخانەکەوە کـە بـەرەو حەوشـێکی بچـووك کرابـووەوە، لـەوێوە چۆمەکە دیار بوو و بایەکی فێنك دەهاتە ناوەوە.

یەکێك لە گەنجەکان بە کاتژمێرە «western watch»ەکەی سەرمەچەکی کە بەندێکی زنجیری زیوی هەبوو تەماشای کرد وتی:

- کاتژمێر دوانزەیە، نیوەڕۆیە ئیتر.

مەجید هەستایەوە و وتی:

- بەهارە. بچینە سەر پردەکەوە هەندێك راوەستین تا کەمێك هەوا هەڵمژین.

دەستی بردە نێو یەخەی کراسەکەی فووی کردە نێو سنگیەوە و بە خۆبایی‌یەوە وتی:

- ئاخ مردین لە دیپلۆمی بێکاری. ئەوندە لێرە دانیشتووین گەنیوین. زوو کەن هەستن.

چاوەڕوان ما، ئەو گەنجەی کە پارەی چایەکەی دۆڕاندبوو بکەوێتە پێشەوە، پارەی چایەکان بدات و ئەوانیش لە پشت سەریەوە رۆیشتن.

جلوبەرگی چوار گەنجەکە بێجگە رەنگ و جێنس، نموونەی یەك شێوە بوون. هەموویان شەڵواری دەرقاچە بلاو کە لە سەر چۆکەوە بەرەوبان تەسکتر دەبووەوە لەبەریان کردبوو، بەم شێوەیەك کە ئەگەر جووڵەیەکی توندیان بە پێیەکانیان ئەنجام بدابا شەڵوارەکانیان لە ناوەڕاستەوە دوونیوە ئەبوو. کراسی تەسکیان لەبەر کردبوو و دوگمەی سەروویان ئاوەڵا کردبووەوە. هەر چوار گەنجیش دەستی‌کەم قژی درێژیان هەبوو کە بەرەو لای چەپی سەر شۆڕیان کردبوونەوە. تەنیا لە رووخساری روومەت و قەڵەوی و لەڕی لەشیان پێکەوە جیاوازییان هەبوو. هێشتا کچەکانی قوتابخانەی دوا ناوەندی «دوکتۆر هوشیار» تەرخیس نەکرابوون کە لەوبەری پردەکەوە، پیاوێکی چوارشانە و بەهێز دەرکەوت. ئەو پانتۆڵێکی کوردی زۆر بلاوی لەبەر کردبوو. سەری داخستبوو، لە ژێر چاویەوە سەرنجی پێشەوەی ئەدا، سەروێنێکی زۆر زلی لەسەر کردبوو و کەوایەکی تەسکی کوردی لەبەر کردبوو و لە دەستێکیەوە دوو شیشی ئاسنی، یەکێك کورت ئەوی دی درێژ بوو. سەری شیشەکان بە چەشنی گۆچان لار بوو و نووکەکەیان تیژ.

مەجید هەرکە ئەوی دی گاڵتەیەکی پێکەنیناوی کرد و وتی:

- دەورێش غەفوور هات. ئێستا روحی تێك دەدەم.

یەکێك لە گەنجەکان رووی کردە مەجید و وتی:

- مەگەر نەخۆشی، کوڕە هەر وەختێ ئەیبینی ئازاری ئەدەی. کەم ئێش و ئازاری بدە، بۆت گێچەڵ دروست ئەبێ... ها! ئەو شێتە. رەنگە جارێك گێچەڵێك بکات بە تووشتەوە!

مەجید وتی:

- غەڵەت دەکا، قژە درێژەکانی دەپێچمە دەوری سەریدا.

پیاوە دەروێشەکە نزیکی ئەوان ببووەوە، گەنجەکان خۆیان کشایە قەراغەوە تاکو ئەو رابوێرێت، مەجید بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و سووکایەتییەوە وتی:

- چلۆنی مەشکەڕەش.

پیاوی دەروێش تووڕە بوو و قیڕاندی، سەری داخراوی هەندێك بەرز کردەوە، کەمێك راوەستا، بە چاو رقەوە سەرنجی ئەوی دا. چاوەڕەشەکانی درەوشان و دەستەکانی هەندێ بەرز کردەوە، لێوەکانی گوشی بە یەکدا و دیسانەوە قیڕاندی. پاشان سەری داخستەوە و بە چاوانێکی سەرەوبان کە لێیان غەزەب و تووڕەیی دەباری درێژەی بە رێگاکەی دا.

لەو ماوەیەی کە پیاوی دەروێش، سەیری مەجیدی ئەکرد، مەجید پشتی خۆی لکاندبووە حەسارە ئاسنییەکانی پردەکەوە و بە بزەیەکەوە ترسەکەی خۆی حەشاردابوو، سەرنجی ئەوی دا پتر لە هەموو شتێ بەو شیشانەی کە لە دەستی دەروێش گوشرابوون واق مابوو. ئەو شیشانەی کە دەیزانی لە «مەراسمی زکر»[٣٦] دەیچەقێننە نێو مل و زگی خۆیان، بێئەوەی خوێنی لێی بێت یان بریندار بکرێت.

هێشتا پیاوی دەروێش چەند هەنگاوێك دوور نەکەوتبووەوە کە مەجید بەخۆ هاتەوە و لە پشتی سەریەوە هاواری کرد:

- ئاهای... مەشکەڕەش...

بە قاقاوە پێکەنین. دەروێش رانەوەستا و بە سەروملێکی داخراوەوە هەر دەڕۆی، لە حاڵێکدا شیشەکانی وەکو چەکی شەڕ لە نێو دەستەکانی هەڵدەگوشی.

دەروێش غەفور لە سەرانسەی شاردا بە شیشە درێژەکانی دەستی و سەروێنە زلەکەی سەری و قژە درێژەکانی پیاوێکی ناسراو بوو. جیا لە ناوی «غەفور» کەسێك بە دروستی نەیدەزانی کێیە، لە کام گوندەوە هاتووە، ماڵومناڵی هەیە یان نە، رابردووی چی بووە. پیاوێکی بێئازار و لەسەرخۆ و هێمن بوو. هەرچەندە هەیکەلی بەهێز بوو، بەڵام کاری نەدەکرد و داهاتیشی نەبوو، سواڵیشی نەدەکرد. جارجارێ دوکاندارە کوردە «ئەهل سونەت»[٣٧]ەکان پارەیان پێئەدا و ئەویش بێ سپاس وەری ئەگرت. لەگەڵ کەس چاك و چۆنی

---

٣٦- رێ و رەسمی عارفانەی دەروێشەکان.

٣٧- دانیشتوانی کرماشان هەموویان کوردن، بەڵام لە ئاستی ئایینییەوە شیعە و سونی و ئەهلی حەق و... هتد ن.

نەبوو، هەڤاڵێکی نەبوو و شێوەی روومەتی پانی و بورنزەی کە برۆە لار و چاوە درەوشاوەکانی لەبەر گرتبوو. دەمارگرژێکی نهێنییان دەدرکاند و بە شێوەیەك کە هەر کەسێ ئەگەر لە بەرانبەریەوە بە ئەو چاوە هەمیشە درەوشاوەکانی سەیری بکردایە دەترسا، وێڕای ئەوەی کە هەموان ئەیانزانی ئەو تا ئێستا ئازاری بە کەس نەگەیاندووە، بەم پێیە هەر کاتێ سەری هەمیشە داخراوی بەرز دەکردەوە، بینەر راستەوخۆ هەستی دەکرد کە دەروێش لە هەر ئەوەی کە لەم جیهانەیە تووڕەیە و دەمارگرژە. لە تەواوی هەبوونی تووڕەییەکی چەقیو و شاراوە هەیە و هەر کاتیش ترسی ئەوەی هەیە وەکو نارنجۆکێکی ئامادەی تەقاندنەوە بتەقێتەوە و دەوروبەری تێك بدا. بەم چەشنە لێی دوور دەکەوتنەوە، بێجگە لە مەجید کە هەر جارێ ئەیبینی، جیا لە دەرخستنی ئەو تووڕەیی‌یە لە روومەت و هاوارێك لە دڵەوە کە بە زۆر لێوی کلیلکراوی دەهاتە دەرێ بەرپەرچی نەئەدایەوە، هەر ئەمە مەجیدی دەورووژاند تاکو گێچەڵەکانی خۆی کۆتایی نەهێنێ و دەروێش بکاتە ئامێری پێکەنین و گاڵتەی خۆی.

رۆژێك کاتی بانگی نیوەڕۆ کە مەجید لە هەڤاڵانی جودا ببووەوە و لە سێبەری دیوارەکەوە دەچووەوە بەرەو ماڵەوە. کۆڵانی گەرماوەی «حاجی مەقسوودی» چۆڵ بوو. لەبەر دەرکی حەمامەکە ناوەڕاستی کۆڵانەکە حەوزێکی دوونهۆمی هەبوو کە لە دەمی کۆترێك کە لە حەوزی سەرووی دانرابوو ئاو فوارەی دەکرد و لە لێواری حەوزی سەرووی بەرەو حەوزی خوارەوە دەهات، گەڵا و لقەکانی دارچنارەکانی قەراغ چۆمەکە خۆیان دەلەراندەوە و مەجید کەوتە خەیاڵێ کە گۆرانییەك بچڕێت:

- چووی بۆ سەفەر ئەی بێ‌هەواڵ لە خەمی دڵەوە...

لە پێچی کۆڵانەکەوە تێپەڕی. لە سەرچاوەی ئاگردانی حەمامەکەوە تێپەڕی و سەرخۆشانە دەستی بە رۆیشتن بە پیلکانەکاندا بە دەمیەوە گۆرانیشی دەخوێند:

- هەر کوێ بچم یادت هەر کات... لە بیرم جیا نابێتەوە هیچ سات...

نەگەیشتبووە ناوەڕاستی پلێکانەکە دەرویش غەفوور وەکو ئەجەلی موعەللەق لە بەرپێی شین بوو. گۆرانییەکە لە سەر زاریەوە قرتا و بە پەلە کەوتەوە یادی ئەو قسانەی کە سەبارەت بە مردووی زیندوو بیستبووی. سەرنجی پشتی خۆیدا و کۆڵانەکە چۆڵ بوو. ویستی خۆی بێ‌خەیاڵ بکات -وەکو ئەوەی کە هیچ شتێ رووی نەداوە- لە حاڵێکدا بە دڵەڕاوکێیەوە دەروێشی سەرنج ئەدا. پلەیەکی دیکەی تێپەڕاند. دەروێش وەکو هەمیشە سەری داخستبوو و چاوی دەروێش نواڕیە پلەیەکی دیکە هاتە خوارێ و پێی گەیشت. مەجید هەستی کرد کە

ئیدی دڵی لێنادات، دەروێش راوەستا، راستەوخۆ سەرنجی ئەوی دا. مەجید لە جێی خۆی وشك ببوو و چاوەکانی واق مابوون. تووڕەیی لە چاوەکانی دەروێشەوە تیشکیان دەهاویشت و مەجیدیش لە ژێر ئەو تیشکانەوە خەریکبوو دەسووتا.

دەروێش نزیك بووەوە. مەجید چووە پاشەوە و لکایە دیواری حەمامەکەوە. دەروێش ئەو دەستەی کە بەرەڵابوو خستیە دەوری گەرووی مەجید و تیژایی شیشەکەشی هێنایە قەراغ لەشیدا. گوشاری دەستەکانی دەروێش بە ئەندازەیەك بوو کە سەری مەجید وەکو شتێکی وشك کوترا بە دیوارکەدا و لکا پێیدا. رێگای هەناسەی بەسترا لەسەر مەجیدڕا. هەستی ئەوەی کرد کە دەمی وشك بووە. هەرچی خۆشی و تەڕی بووە بەر لەمە لە چاڵی قورگی چووەتە خوارێ و وشك کراوەتەوە. چاوەکانی لە ترسان وشك بوون و رەنگی لە رووخساری نەماوە، وەکو مردوویەك کە ساڵانێکە مردبێت، دەستەکانی بێجووڵە بێ بەرەنگاری وەکو چێوی وشك ئاوێزان کراون، وەکو ئەوەی بەر لە ئێستا جووڵەیەکیان نەبووە.

دەروێش هیچی نەدەووت. تەنیا بە دەمی داخراو و کلیلکراو، بە چاوانی ئاگراوی سەرنجی ئەم گەنجەی ئەدا و دەنگێك وەکو هاوار —نەڕاندن– وەکو ئەوەی کە لە قووڵایی دڵەوە دەربێت دەگەیشتە گوێی. وەکو دەنگ و قیڕە و هاوارێکی ناو دڵی چیایەکی گڕکانی لە کوڵاندن دایە، بەڵام کاتی دەربازبوونی نەگەیشتووە.

دەروێش لە گوشاری دەستی کەم کردەوە، بەڵام مەجید هەروەها تیژایی شیشەکەی هەست دەکرد. مەجید دەستەکانی تا ئەنێشکی دەروێش بەرز کردەوە و لە دەستی ئاڵاند. دەروێش بۆ ساتێ گوشاری دەستی زیاد کردەوە. دوایی ددانەکانی بەیەك دادا بە شێوەیەك کە مەجید دەنگی ئەم ددانانەی دەبیست. بەریدا و دوایی پشتی کردەوە. سەری داخست و وەکو ئەوەی هیچێك رووی نەداوە، لە پلیکانەکانەوە چووە خوارێ، سەرنجی پاشی خۆی نەدا و لە پشتی پێچی کۆڵانەکەوە لە چاو ون بوو. مەجید سەری سووڕمابوو. بە هەراسانەوە هەنگاوێك بەرەودوا چوو. بە پەلە هەڵگەڕایەوە، پلیکانەکەی بە توندی تێپەڕاند و هەڵات. مەجید دەرگیری ئەو رۆژەی لەگەڵ دەروێش، هیچ کات بۆ کەس نەووتەوە، تەنانەت بۆ نزیکترین هەڤاڵانیشی، هەستی دەکرد دەروێش بە دژواری سووکایەتی پێکردووە بە چەشنێ کە هیچ قسە و دەردەدڵێك ناتوانێ زامی ئەو سووکایەتییە سارێژ بکاتەوە.

پاش ئەو رۆژە ئیدی خۆی دوور دەخستەوە لە نزیکبوونەوە لە دەروێش. تەنانەت ئەگەریش جارجاریش نەویستانە رووبەڕووی ئەبووە بە وریایی و ترسەوە و تێکەڵاوی رێز و ئیحترامێکی

تایبەت و زۆر کە لە چاو پێکەوتن لەگەڵ بوونـەوەرێکی بێوێنـە بـەدی ئـەهات زۆر هـێمن و لەسەرخۆ لە پاڵیدا تێئەپەری، لە حاڵێکدا لە ژێر چاویەوە سەرنجی ئەوی ئەدا، دەرویش خـۆی وەکو ئەوەی کە ئەو گەنجە هەر ناناسێ هەر بەو چەشنە لەگەڵ شیشە درێژەکان و سەرەشۆڕە و چاوە گڕاوەییەکانیەوە تێدەپەڕی و بەردەوام ئەو تووڕە و دەمارگرژییە نهێنییە و شاراوەیە، ئەو تووڕەییە چەقیوە و دژایەتییە توندە لەوەی کە لە دەوروبەری تێدەپەڕی لە هـەمووی جووڵـە و بزاوت و وردوردی ئەندامەکانی هەست دەکرا.

١٣٦٨ی کۆچی هەتاوی

# ڕۆژێك ئەوین و خۆشەویستی، دەستی جوانی هەڵدەگوشێ

**«ئەحمەد شاملوو»**

**لاسار**

گەرما و هەڵمی سووتێنەری ئەو ڕۆژەی مانگی خەرمانان، تەنانەت گەماڵی لە پێ دەخست و هەرکەسو پەنای بردبووە سێبەرێکەوە. دوو مۆتۆری چۆپا(chopa) لە ژێر هەتاوەوە لە قەراغی شۆستەدا دانرابوون و لە ژێر تیشکی سووتێنەری هەتاودا ئەدرەوشانەوە. دوکانی تایبەتی دروستکردنەوەی مۆتۆرەکان کراوەبوون. دەرگای فەنەری و کۆنی تەعمیرگاکان هەڵدرابوون و ڕۆنی لای دەرگاکان داشۆڕدرابوون و دیوارە سپییەکەی پیس کردبوو.

جیا لەمە، شوێنی دەستە ڕۆنییە و چەوەرکان لەسەر ڕەنگی سپی «شیری» چیمەنتۆ ئاسەواری دانابوو. ئەم چیمەنتۆوە دوکاندارەکان پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، هاوکات لەگەڵ ۲۵۰۰مین ساڵی دەسەڵاتی شایی و بە فەرمانی شارەوانی لێدرابوو. چیمەنتۆ بە دژواری لەسەر کاگڵی دیوارەکان درابوو و رووخساری گاڵتەچییانەی پێدابوون.

لە پاڵ دەرگای یەکێك لەو تەعمیرگانە دوو پیاو ڕاوەستابوون. یەکێکیان دوو سەروێنی کوردی بەستبوو بە سەر و ڕوومەتیدا و تەنیا چاوەکانی دیاربوون. ماندوویی و سووری چاوانی ئەم پیاوە لە ژێر برژانگە تۆزاوییەکانیەوە دیاربوو. لە شتێك تووڕە بوو و دۆخێکی تووڕەییانەی هەبوو. درێژایی شەقامەکەی تێپەڕاند و کەمێك سەرنجی لەسەر ئاپۆڕەی بەردەمی سینەما «شەهریار» ڕاوەستا و پاشان بەرەو ئەو پیاوەی کە لە پاڵی ڕاوەستابوو وتی:

- بۆچی بەرۆکت پێ نەگرت، عەبدول؟

چاوە پڕپرسیارەکانی کە لەم کاتە زۆر ماندووتر پیشان دەدران لە سەرووی عەبدولەوە رای داشتن.

عەبدول مەیلەو رەش بوو و سمێڵێکی باریك و شۆڕی هەبوو. لە ژێر سەرنجی هەڤاڵەکەیەوە بێدەنگ ما. پاشان وەکو ئەوەی سەری لێ شێوابێ و بیەوێ خۆی رزگار بکات. وتی:

- بە گیانی کاك غولام نەبێ بە گیانی خۆم بێ من لێرە نەبووم. بەر لە پێی تۆ هاتم. هەڤالان بینیویانە کە سواری کردووە.

دوو پیاویش کە لە ناو دوکانەکە خەریکی مۆتۆرێکی چۆپای تەعمیری بوون، هاوکات سەریان بەرز کردەوە و بۆ ساتێ دەستیان لە کار کێشا. یەکێکیان وتی:

- جاسم پێی وت بایەخی پێ نەدا.

ئەوی دی وتی:

- وتی بە ئێوە رەبتی نییە، بەم تازەیانە زماندرێژی و قولدورمیش بووە. ئێمەش هێشتمانەوە تاکو خۆت بێیتەوە، بە هەر شێوەیەك کە بە باشت زانی.

کاك غولام سەروێنی سەر و رووەمەتی کردەوە، بە تووڕەییەوە شەکێکی لێدا، تۆز و گەردی لێ هەستایەوە، سوورێکی بە سەروێنکە دا، لوولی کرد و خستیە دەوری ملی و وتی:

- ئەرێ وەڵڵا، دەستتان خۆش، دوو کەس نەتانوێرا دەرەقەتی بێن.

عەبدۆل وتی:

- ئەگەر خۆم لێرە ئەبووم دەگەیشتمە خزمەتی، دڵ و جەرگمی دەردەهێنا ئەو ناپیاوە پیسە.

**یەکێ لە تەعمیرکاران وتی:**

- عەبدول وا بیر دەکەیتەوە خۆت زۆر خێرایت؟ ئێمە رێزمان هەبووە بۆ کاك غولام، ئەگەر وا نەئەبوو جڕیمان دەدا. دەمانەوێت بزانین کاك غولام چێ ئەڵێ؟

کاك غولام وتی:

- پێت بەر نەخوات جاسم! ئێمڕۆژ رای بوارد. ئەگەر هاتەوە دەگەمە خزمەتی. بەلام ئەگەر لەمەو بەدوا لەم کارانەی کرد هەر کەسێك بینی ئەمانی پێ نەدا. ئەتوانن لێی بدەن،

به ئەستۆی من، من وەڵامی ئەدەمەوە.

جاسم و هەڤاڵەکەی دیسانەوە خۆیان خەریکی مۆتۆڕەکە کردەوە. کاک غولامیش بە قۆڕەقۆڕ بە عەبدولی وت:

- لە بەیانی تا شەو لە بیابانەکاندا خاكوخۆڵ دەخۆین و مرۆڤ ئەبەین و ئەهێنین. ئێستا ئەو دایك ....... بۆ ئێمە بۆتە بار و ناوبار. باوك سەگە، خۆم هێناومەتە ناو ئەم ئیشە، کەسێك خۆ کەری پێی نەدەدا ئاوی بدات، ئێستا بۆم بووە بە مۆتۆرسوار و قسە لەسەر قسەی ئێمە ئەکات. بێ ئیحترامیش حەدێکی هەیە... خۆ کەسێك نەیدەکردە شاگردی وردەواڵەفرۆشیش، ئێستا تڕی زل بووە. ئەم چەشنە مرۆڤانە ئەگەر بەرەڵا بکرێن سواری مرۆڤیش ئەبن... وا بیری کردۆتەوە! ناهێڵم ئاوێکی خۆش بخواتەوە، لەم شاری قەسرە دەری دەکەم، ئەو دەبێ کاری تەنیا بە سواری کەر بێت...

پاشان سەری لە لای عەبدول لابردەوە و بەرەو لای سینەما شەهریاری کرد. بە چەشنی ئاسایی هەر ڕۆژە، بەردەمی سینەما قەرەباڵغ بوو. ئەوانەی کە دەیانویست بلیت بکڕن هەرکامیان بە پەلە هەوڵی ئەدا بۆ کڕینی بلیت، لە کۆڵ و ملی یەکەوە دەچوونە سەرێ. جارجاریش هەندێ زرم و کوت رووی دەدا و درێژەی دەگەیشتە نێو پارکەکەی ئەو بەر شەقامەکەوە.

هەتاوی پاش نیوەڕۆ تاقەت پڕووکێن بوو. کاك غولام بێ ئوقرە مابوو ئەملا و ئەولای دەکرد. عەبدول پاکەتێ جگەرەی «مێهر»[٣٨]ی لە گیرفانی دەرهێنا و لە بەردەمی کاك غولامەوە رایداشتن. ئەو دانەیەکی دەرهێنا و نایە نێوان لێوە رەش و کرێش لێدراوەکانیەوە. عەبدول شقارتەی دەرهێنا. سەرەتا جگەرەکەی کاك غولام و پاشان هی خۆی داگیرساند.

هێشتا جگەرەکەی کاك غولام کۆتایی پێنەهاتبوو کە عەبدول وتی:

- هات.

جگەرەکەی توور دا. کاك غولام نواڕیە ئەوپەڕی شەقامەکە کە بەرەو «خەسرەوی»[٣٩] دەچوو. بە تووڕەییەوە نەفەسێکی لە جگەرەکەی دا و پاشماوەکەی توور دایە نێو شەقامەکە، ئەو شوێنە کە مۆتۆڕێك هات و راوەستا. ئەو پیاوەی کە لەسەر مۆتۆڕەکە

---

٣٨- جۆرێ جگەرە بوو لە ئێران.

٣٩- شارێکی بچووکی نزیکی قەسری شیرین.

ڕاوەستابوو چاویلکەیەکی ڕەش و پانی لەچاو کردبوو تا ئەو دوو کەسەی بینی ڕاوەستا و بە هێمنییەوە دابەزی و مۆتۆڕەکەی لەسەر جەگەوە ڕاوەستاند.

بێپەلە چاویلکەکەی دەرهێنا لە چاوی و خستیە سەر ئاوێنەی مۆتۆڕەکەوە. کورتەباڵا و خرتۆڵ و ڕوومەتخر بوو. ڕەنگە لە شێوەی سەرنجی کاك غولام و عەبدول وای بۆچووبێ کە پێشوازێکی خراپی لێ دەکرێ، چونکە هەربەو چەشنە لە بەردەم مۆتۆڕەکە ڕاوەستا و جووڵەی نەکرد، تەنیا سەرێکی بە نیشانەی سڵاو جووڵاندەوە.

عەبدول هاتە پێشەوە و بە ڕووخسارێکی ماف‌بەدەستانە وتی:

- مەمێ[٤٠] دیسانەوە قۆڕەقۆڕت کردووە؟

تاکو مەمێ خۆی ئامادەی وەڵامدانەوە بکات و بڵێت، یاکو چلۆن خۆی لە دەستیان ڕزگار بکات، کاکە غولامیش هات، عەبدول کە سنگ بە سنگی مەمێ ڕاوستابوو لای کردەوە و بە زمانێکی هەڕەشەوە وتی:

- بێشوناس! تا ئێستا ئیحترامی ئەو چەند پیاڵەی کە پێکەوە لێمان داوە ڕامگرتووە کە ئەوندە زمانت درێژ کردووە، ئەبوا هەر یەکەم جار تۆم تێدەگەیاند.

وێڕای ئەوەی کە لە ڕوومەتی مەمێدا ڕووخساری ترسی هەبوو و لێوە هەتاولێدراوەکانی بە دژایەتییەوە وتی:

- کاکە غولام چیم کردووە کە بێخۆ ئەلێی! مەگەر ئیختیاری خۆم...

کاکە غولام ئیزنی نەدا کە مەمێ ڕستەکەی خۆی کۆتایی پێبهێنێ، دەستی بەرز کردەوە کە:

- ناکەس نرخ و بایەخ دەهێنیتە خوارێ و دەڵێی چیم کردووە؟

ئەمەی وت و زللەیکی توندی کوتایە بەر گوێی مەمێدا. مەمێ چووە پاشەوە و کوترا بە مۆتۆڕەکەدا. کاك غولام بە پەلە یەخەی کراسەکاڵەبووە و تۆزاوییەکەی گرت و کێشای. دوگمەکانی هەڵکەندران. بەڵام یەخەکەی هەر لە دەستی کاك غولامەوە بوو.

کاك غولام هەڵی سووڕاند بەرەو لای دوکانەکە، هاوکات بە چۆکی کۆتایە ناو سکی مەمێدا، پای مەمێ گیری کرد لە شۆستەکەدا و کەوت. تا هەستایەوە عەبدول لە پشتەوە لە باوەشی گرت و بەرزی کردەوە.

---

٤٠- بچووك کراوی محەممەد.

مەمێ بە تێکۆشانەوە مەچەکی دەستی گرت. ویستی خۆی رزگار بکات، بەڵام دەستەکانی عەبدول بە قورسی قوفڵی کەمەری ببوون و رێگەی رزگاری نەبوو. مەمێ هاواری کرد:

- وێڵم کەن، چیم کردووە مەگەر؟

- نرخ و بایەخ دەشکێنی بۆ مشتەری! قۆڕەقۆڕ دەکەی؟

هەروەها کە عەبدول ئەوی بەرەو لای دوکانەکە دەبرد ئەویش بە پەلەقاژێیەوە وتی:

- بە تۆ رەبتی نییە. بە هەر شێوەیەك بخوازم سوار دەکەم.

کاتێ کە عەبدول چووە ناو دوکانەکەوە مەمێی کۆتایە ئەرزیدا و خۆشی لەگەڵی تلایەوە.

جاسم و هەڤاڵەکەی مۆتۆرە تەعمیرییەکەیان کێشایە ئەوپەڕی دوکانەکەوە. کاك غولامیش دەرگای دوکانەکەی داخست، بە شێوەیەك کە بە چەشنێ کە بە خۆچەماندن ئەبوو بچیتە ناو دوکانەکەوە. چووە لای سەر مەمێ، شەقێکی لێدا و وتی:

- بێدایك و باوك بێخۆ ئەکەی، بە خۆڕایی سوار ئەکەی. موسافیر نرخی هەیە مەگەر نەمانووت نرخی پازدە قەرانە؟ هەرزانتر سواریان دەکەی کاری ئەوانی دیکە خراپ دەکەی؟

مەمێ تێکۆشا هەستێتەوە، عەبدول قورسایی خۆی خستە سەر سنگی مەمێدا و دوو دەستی مشتی کوتا بە روومەتیدا. خوێن لە لووتی هات. مەمێ هاواری لێ بەرز بوو:

- لێم مەدە ناپیاو! لێم مەدە!

عەبدول وێڵی کرد، بەڵام نەیانهێشت بەرز بێتەوە. مەمێ هەر بەو شێوە دانیشتبوو و خوێنی لووتی بە قەراخی کراسەکەی کە لە پانتۆڵەکانیەوە دەرهاتبوو سڕی. کاك غولام هەروەها لە بان سەرییەوە راوەستابوو. ئەم جار بە زمانێکی ئارامترەوە وتی:

- مەمێ ئەم جار کەربازی دەرمەهێنە! هەر پیشەیەك ژمارە و بەرنامەیەکی هەیە. مۆتۆر سوار دەبێ لە سەر نۆرەی خۆی راوەستێت، ئەگەر موسافیرێك بوو سواری بکات، بە نۆرە. ئەویش پازدە قەران! نە ئەوەی کە هەر کەسێك هات نرخێك بڵێت و موسافیرەکانی قۆڕەقۆڕ بکەن. تێگەیشتی؟! تیگەیشتی؟ یان دیسان کەرفامت بکەم؟!

مەمێ وەڵامی دایەوە:

- بە ئێوە چی؟ مۆتۆر هی خۆمە، یەك تمەن وەردەگرم.

جاسم کە تا ئەم کاتە لەوپەڕی دوکانەکەوە بوو، تووڕە بوو وتی:

- بێخۆ ئەکەی!

خۆی گەیاندە مەمێ و لەقەیکی لە قنگی دا وتی:

- بە گۆڕ باوکت پێ‌ئەکەنی یەك تمەنی سوار بکەیت!

مەمیش دەستی کرد بە هاوار و قیژەقیژ:

- چیتان دەوێ لە گیانم، وێڵم کەن، ئێوە چکارەن؟ بە ئێوە چی؟ خۆ مەگەر ئەم وڵاتە خاوەنی نییە؟

کاك غولاّم وتی:

- بێدەنگ بە وەکو ژن...

لە هەراوهۆریایەك لەو دەرگا نیوەکراوەیەی دوکانەوە دەردەهات و چەند مۆتۆرسوار و تەعمیرکارێك لە دوکانەکانی درواسێدا بوون پێگەیشتن، لەو دەرگا نیوەکراوەیە هاتنە ناوەوە و هەرکامەو ئەم باسەی دەبیست لایەنگری کاك غولاّم و هەڤالانی دەکرد، هەرکام بە نیازێك هەڕەشەیەکی دەکرد.

- دیسانەوە نرخەکانی بردووە سەرەوە؟ باشتان پێ‌کردووە.

- ناهێڵین ئیدی کەسێك سوار بکەیت مەمێ.

- ئەم نانتە ئەکەینە خشت.

- ئەگەر کاك غولاّم ئیزن بدات، دەتبەسین بەم مۆتورەدا، دەتخەینە نێو ئەلوەندەوە[٤١] تا بچیت بۆ عێراق.

هەر جارەکە مەمێ ئەیویست هەستێتەوە بە لەقەیەکی کەسێك دادەکوترایەوە. جوێن و خۆسن و هەڕەشەکان بە تەواوی ترساندبوویان. خوێناو لە لووتی هاتبوو وەکو تیکەیەك گۆشتی شل و دافیلێقاو لەسەر ئەرزیدا لوولی دەخواردەوە و بەردەوام ئەیووت:

- من یەك تمەن وەردەگرم، یەك تمەن!

دیسانەوە شەقیکی لێدەدرا و هاواری لێ بەرز بووەوە:

- لێم مەدەن ناپیاوەکان، لێم مەدەن بە ئێوە رەبتی نییە.

لە ئاکامدا یەکێك لە مۆتۆرسوارەکان ناوبژیوانی کرد، دەست بە داوێنی کاك غولاّم بوو کە ئیدی نەدات لە مەمێ. مەمێش لەم هەلە کەڵکی وەرگرت، بە نیوە هەستایەوە و بە

---

٤١- ناوی چۆمێکە لە شارەکانی قەسر و خانەقیندا.

شەلەشەل خۆی کشاندە ئەوپەڕی دوکانەکە، چەند شتیان کۆتایە سەری دا.

ئەو کەسەی کە ناوبژیوانی دەکرد، داوای لە کاك غولاّم کرد کۆتا بێت.

کاك غولاّم بە مەمێی وت:

- ئەم جارەش بە بۆنەی کاك عەباسەوە، بەلاّم خوا لە بان سەرەوە بینەرە، ئەمە کەرەتی کۆتاییت نەبێ، سەرت بە سلاّمەتی بەرەو پێش ناڕوات، خۆ کاری موسافیر بردن بێهۆ نییە.

کاك عەباسیش چووە لای مەمێ. رووەمەتی ئارەقکردووی مەمێ لەگەڵ خۆڵ ورۆنی ناو دوکان تێکەڵ ببوو، لە حاڵێکدا کە هەناسەی سوار ببوو خوێناوی لێوی بە پشتی دەستی سڕی و بە کاك عەباسی وت:

- کاك عەباس مەگەر من نۆکەری ئەمانەم کە یاسام بۆ دادەنێن، من تەنیا یەك تمەن وەردەگرم.

کاك غولاّم هێرشی بۆ هێنا، بەلاّم کاك عەباس بەرۆکی پێگرت:

- وێڵی کە، کەرە، تێناگات.

ئێستا خەریکی لاسارییە، کوتەککاری کراوە، دەیەوێ بە لاساری قەرەبووی بکاتەوە. سبەینێ باش ئەبێت. مەمێ کە کەمێك دڵ و جەرگی پەیدا کردبوو بە هەڕەشەوە وتی:

- مەگەر پێت نەگەم. ئەمڕۆ خۆ بووی بە شێر.

کاك عەباس وتی:

- مەمێ بێدەنگ بە، هەستە بچۆ.

مەمێ بە هێمنی هەستایەوە. تەواوی جلوبەرگی خاکی و رۆنی ببوو. کراسەکەی تا سەری ناوکی کرابووەوە و سنگی پڕمووی کە تێکەلاّوی خاكوخۆڵ ببوو، دیار بوو، گێژ و وڕ لە حاڵێکدا کە سەرنجی مۆتۆرسوارەکانی ئەدا تاکو لێی نەدەن لە دوکانەکە چووە دەرێ.

کاك غولاّم وتی:

- ئەم جارەش بە بۆنەی سمێڵی کاك عەباسەوە . بچۆ، بچۆ...

مەمێ سواری موتورەکەی بوو. کراسەکەی کۆ کردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. هەندێلی لێدا، رۆشنی کرد و لەسەر جەکەکە دایهێنا. دەستی برد چاویلکەکەی هەڵگرێت بەلاّم پاشگەز بووە. هەمووی مۆتۆرسوارەکان لە شۆستەکەدا کۆ ببوونەوە و وەکو ئەوەی کە

ئەو بە نەخۆشییەکی پیسی تووشیار بووبێ تەماشایان دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە شوێنی بلیت فرۆشتنی سینەما داخرابوو، بەڵام قەرەباڵغی دیسان بەردەوام بوو. کڕیارانی سکانسی دوایی چاوەڕوان بوون.

مەمێ گازی لێدا و بەرەو تەماشاچییەکان وتی:

- بێخۆ دەڵێن، من تەنیا یەك تمەن وەردەگرم.

تاکو کاك غولام هەنگاوێك بەرەو لای بگوزاێتەوە، مۆتۆر لە جێگەی خۆی هەڵکەنرا و ڕۆیشت.

کاك غولام هاواری کرد:

- بۆ سەگ چ ترساندن، چ کوشتن.

لەو کاتە هەمووی موتور سوارەکان پێکەوە پێکەنین.

**١٣٦٥ی کۆچی هەتاوی**

# خاسه ژن

ئەڵڵایار کۆتەکەی لەبەر کـرد و جگەرەیـەکی داگیرسـاند. تووڕەییـەکی بـەرەڵای لەسـەر جووڵەی دیاربوو، تەنانەت بای ژێر چاوەکانی ئەوی دەلەراندەوە.

خاسەژن چاوی لە ئەڵڵایار هەڵنەدەگرت و بـە شـێوەیەك لێـی دەنـواڕی کـە پاڕانـەوە لـە نیگایدا بەرچاو دەکەوت. وتی:

- چی ئەزانی. رەنگە ماف و مووچەکەتیان دایەوە.

ئەڵڵایار دەستی کردە نێو گیرفانی راستی پانتۆڵە کوردییەکـەی و چـەقۆیەکی دەرهێنـا و دەسەکەی لە نێو دەستی خۆی گوشی، بە شێوەیەك کە خاسـەژن دەیتـوانی سـاردییەکەی لـە دڵیدا هەست پێ بکات.

هەرچی ببوو، پێی براکەی لـە لایـەك، و لـە لاێکـی دیکـەوە مێردەکـەی. ئـەڵڵایار لـە گۆڕێدابوو و لە ئاکامی هەڵگرژانی ئەو دوانە دەترسا. هەردوویان خۆشەویسـتی ئـەو بـوون و جەرگ و دڵی. بەم پێیە شتێ جیا لەمانە، ئەوی لەگەڵ ئـەڵڵایار پێوەنـد دابـوو و مەبەسـتی ئەوەی نەبوو کە لە کاری براکەی پشتیوانی بکات، تەنیا لە ئاکامی هەڵگرژانی نێوانیان دەترسا.

دژایەتی نێوان ئەوان ژیانی بۆ ئەم کردبووە ژاری مار و لەم نێوانـەش بـەرەو هـەر لایـەك دەچوو وەڵامی نەباشی ئەبیست و بۆنێك لـە رێککـەوتن نەدەگەیشـتە لـووتی و کـەوابوو تـا ئەوپەڕی شێتی خۆی پەرێشان ئەبینی.

ئەڵڵایار وتی:

- ئەوندە رێزم بۆیان داناوە هەرچیان کرد هاوڕایان بووم، ئێستا زمانیان درێژ بووە. ئـەمجار ئیدی کۆتا نایەم. یان پارەی ئەو گەنمەی کە بردوویانە دەیدەن یان کە پێشانیان دەدەم کـە مـن کەر و گەمژە نیم کە سوارم بن.

خاسەژن وتی:

- راست دەبێژی دەبێ مافی خۆمان بدەنێ.

خاسەژن ئەیەویست خۆی لە پاڵی مێردەی قەرار بدات و لە دڵیشەوە وابوو. بەڵام ئەڵڵایار ئەوندە دڵی پڕ بوو و رقی لە براکانی ژنەکەی هەبوو کە ددان جیڕەیکی کرد وتی:

- قسەی بێخۆ بکەن تێکیان دەدەم.

خاسەژن وتی:

- دەیدەن، بە خوا دەیدەن. خۆ من لەگەڵ محەمەدیار قسەم کردووە بە خراپی تێگەیشتووی خۆیشت کە قسە بکەیت تەواوە، تەنیا بە تووڕەیی‌یەوە مەچۆ.

ئەڵڵایار چووە لای دەرگای ژوورەکەوە و وتی:

- ئەگەر قەبووڵیان هەبوو کە بەم چەشنە نەدەبوو. بێئێزنی من زەوی بایریان[٤٢] کێڵاوە، ئێستا بە بیانووی ئەوەی کە خۆیان لەسەری کاریان کردووە نایانەوێ بەشی من بدەن. هەر ئەمرۆژ لەگەڵ محەمەدیار بوو بە قاڵمان. بڕیار وا بوو کە دیکەی براکانت ئاگادار بکاتەوە و تاکو ئەمشەو قسەکانمان بکەین. بە ئەنقەست خستیە ئەمشەو. دیارە دەیەوێ بەشی من نەدات و خۆ من ئەو دەناسم نەکو برا بچووکەکانی. من زەوییەکەم بە ئەو کرێ داوە. ئەو مافی ئەوەی نەبوو بەشی بایری زەوییەکە بکێڵێ. خۆ ئێستا کێڵاوییەتی، دەبێ هەمووی بدا بە من. بەم کارەی زەوییەکەی خراپ کردووە. دەبێ تاوانمان بداتەوە. خۆ ئێستا ناپیاوەتی کردووە، من گشتیم دەوێ.

خاسەژنناڵەیەکی کرد:

- بە خودا سوێندت دەدەم کە شەڕ مەکە. بە قسە دروستی بکەن. تو گیانی خۆت قەسەم لاساری مەکە. هەرچی بن، خۆ برای منن. چاوتان لە چاوی یەکەوەیە.

ئەڵڵایار هاواری کرد:

- برای تۆن، بن، دەبێ کڵاو بنێنە سەر من؟

پاشان بە تووڕەیی‌یەکی توند روو بە خاسەژن بە زمانێکی هەڕەشەوە وتی:

- تۆش خەتاباری.

و بە دەستی هێڵی (نیشانی) لە سەر دیوارەکەوە کێشا.

---

٤٢- زەوینێك کە چەند ساڵ نەکێڵدرێت تاکو بەهێز بێتەوە.

خاسەژن لە سووچێکی ژوورەکەدا گرمۆڵە بوو، کزی کرد و وتی:

- بە خوا من خەتابار نیم. ئەگەر ئەمزانی کە دەیەوێ ئەو زەوییە بکێڵێ نەمدەهێشت و بەپەلە ئاگادارتم دەکرد. خۆت خۆ لە کرماشان بووی و منیش زایفەی[43] ناو ماڵ، خۆ ئاگاداری زەوییەکان نیم.

ئەڵڵایار تای دەرگای لێکدا و هاواری کرد:

- دەستتان پێکەوە یەکێکە و هاوکارن. چارەنووست دیاری دەکەم. ئێستا دەچم مافم لەوان وەردەگرمەوە.

خاسەژن فرمێسك لە چاوانی هاتە خوارێ دەستی کرد بە چەمەری و گریان.

پاشان بەرەولای دوو کوڕەکەی کە لە سووچێکی ماڵەکە گرمۆڵە ببوون سەرنجی دا و وتی:

- باوانەکانم! خەم نەخۆن! ئیدی وەختیە بخەفن.

جاجمەکەی لەسەر پێخەفەکان لابرد و رایخست تاکو مندالەکان بخەوێنێ، وتی:

- ئەزیزەکانم! مەترسن خۆم لەگەڵ خاڵۆکانتان قسەم کردووە، دروست ئەبێ، ئێوە بنوون!

کوڕە گەورەکە کە حەوتساڵان بوو و سەری تاشراوی پێشانی ئەدا کە لە قوتابخانەیە، هەستایەوە و سنگی دایە بەرەوە و وتی:

- دایە ئەگەر گەرەکتە بچم بە دووی باوکمدا، تاکو ئەگەر شەڕیان کرد هاریکاری بکەم.

خاسەژن وتی:

- ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی کوڕم، شێرەکەم، خاڵۆکانتان ئەو شێوە کەسانێك نین کە لەگەڵ باوکتان شەڕ بکەن. خەیاڵتان راحەت بێت. ئێوە بنوون شێرەکانم.

خاسەژن لە رۆژانی پێشوو و لەسەر گەلێك رێگەچارە بیری کردبووەوە تاکو ئەم گێچەڵ و کێشەیە چارەسەر بکات و وێڕای ئەوەی کە دەیزانی براکانی رێز بۆ ئەڵڵایار دادەنێن، دیسانەوە لە قووڵایی دڵیەوە نیگەران بوو کە نەکو تووڕەیی ئەڵڵایار ببێتە هۆی شەڕ و ئاژاوە.

ئەڵڵایار کە خوێن، خەریك بوو خوێنی دەخواردەوە و لە لێواری دیوارە کاگڵییەکانی گوندەوە دەڕۆیشت.

لە گەیشتن بە ماڵی ژن براکەی (محەممەدیار) بەپەلە نەبوو، ئەیویست بە باشی رێگەچارەکانی بدۆزێتەوە. کلاشی پێی لەسەر خاکەوە رادەکێشا، جگەرەشی دەکێشا، هێڵ و نیشانی دەکێشا و قۆڕەقۆڕی دەکرد:

---

٤٣- بە هۆی هەندێ داب و نەریتی کۆنەپەرستانە، بە ژن دەڵێن زایفە.

- به بۆنەی ئەم کارەی براکەشی بووبێ تەڵاقی ئەدەم... لە سەرەتا ئەبێ بەرنامەی ئەم زەوییەی لەگەڵ براکەی ڕۆشن بکەمەوە. بە منی کەر بڵێن کە خوشکی ئەم پیاوە نامەردەم بە ژنی وەرگرتووە، خۆ کچی مامم یەك ساڵە لە کرماشان چاوەڕوانمە. ئیدی بەسە. کەرییەتی بەسە. هەم مافم لە براکەی وەردەگرم هەم تەڵاقی ئەدەم. باوك ناپیاو، لێشیان بەرەنگاری دەکات. دەڵێی لەگەڵیان قسەی کردووە، ئەوان نایانەوێ مافی من بخۆن. مرۆڤی ساویلکەی دەست کەوتووە، هەر ئەم ڕۆژە خۆم لەگەڵ محەممەدیار قسەم کردووە.

ئەڵڵایار لە کرماشان خەریکی کاری قیرتاو بوو. ئەم کارەش تەنیا لە سێ یان چوار مانگی ساڵ دەوامی هەبوو. لە درێژایی ئەم ماوەیە بە زۆری لە ماڵی مامەی میوان بوو. بە ئارامی هۆگری دۆتمامی «مەلووس» کە ژنێکی شووکردوو و تەڵاقدراو بوو ببوو. دوتمامی لەگەڵی قسە و بەڵێن و قەراری دابوو کە بیخوازێ. ئەوەی کە دانیشتووی کرماشان بن و لە گوند جیا ببنەوە.

ئەڵڵایار ئەم دەست و ئەودەستی ئەکرد و بۆ چلۆنایەتی ڕێگەچارە، سەری لێشوابوو. هەستی بە کوڕەکانی ببووە بەربەست، ئەو بەڵێنەی کە بە «مەلووس» دابووی بە ئەنجامی بگەیەنێت. لە درێژایی ئەم ماوەیە زۆر دەمارگرژی دەکرد تاکو دەهاتەوە گوند بیانوویەکی لە خاسەژن دەگرت و بەپەلە دەگەڕایەوە شار. بە شێوەیەك کە بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو نەیتوانی لەسەر کاروباری کشتوکاڵییەوە بمێنێتەوە.

زەوییەکەی دابووە کرێ بە ژنبراکەی (محەممەدیار) بەشی بایرەکەشیان مەعلووم کردبوو. کاتێ ئاگادار بووە محەممەدیار ئەو بەشەی لە زەوییەکەشی کێڵاوە ئیدی دۆخ تێپەڕی کردبوو و گەنمەکان چەکەرەیان کردبوو و بەڵێنی لە محەممەدیار وەرگرت کە بەرهەمەکە هی ئەو بێت و ئەمرۆژیش کە پارەکەی ویست و محەممەدیار هەندێ تەفرە ڕۆیشت کە دەبێ لەگەڵ دیکەی براکانی راوێژ بکات و قسەی خستە ئەمشەو کە دابنیشین و تەکلیفی دیاری بکەین، و لەسەر ئیجارەی ئەمساڵیش ڕێك بکەون. بەم بۆنەوە ئەڵڵایار وای دەزانی کە ئەوان دەیانەوێ فریوی بدەن و بەشەکەی پێنەدەن. لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکەوە کە باسی مەلووس هاتبووە نێوانەوە لە دڵی خۆیەوە لە ئاستی محەممەدیار و تەنانەت خودی خاسەژنیش هەستی خۆشەویستی کەمتری دەکرد و تا حەدێك ڕەفتارێکی بێگانەیشی لەگەڵ محەممەدیار دەنواند و پێی بەدگومان ببوو. خوا ئەزانێ ڕەنگە لە دڵەوە ڕازی بووبێ کە بابەتێکی بۆ شەڕ و دژایەتی دۆزیوەتەوە تاکو بیکاتە بیانوو و لەگەڵ محەممەدیار ببێتە شەڕیان و ڕێگا بۆ تەڵاقی خاسەژن دروست بکات.

هەر بەم بۆنەوە ئەمڕۆژ ئەوەندە لەگەڵ محەممەدیار قسەی کردبوو کە لەگەڵ کەسێکی خراپیش قسە دەکات، ئەو محەممەدیاری بە دزی و ناپیاوەتی تاوانبار کردبوو. محەممەدیار لە بەرانبەری هەڵسوکەوتی نەیارانەی ئەڵلایار، رەنگە لەژێر کاریگەری ئەم کردەوەیەی ئەڵلایار بوو کە لە وەڵامی رێکوپێك بۆ دانی مافی بەشەکەی خۆی پاشگەزی دەکردەوە و وتی:

- بێ وەرگرتنی رای براکانی ناتوانێ بەڵێن بدات و ئاکامی خستە سەر قسەکانی ئەمشەو.

ئەڵلایار زۆر تووڕە بوو. ئەو وێنایەی کە لە خاسەژن هەیبوو و ئەو هەڵسوکەوتەی کە دەیویست لەگەڵی بکات لە دڵیدا جەنجاڵێکی بەدیهێنابوو و خاسەژن لە ئەندامی براکانی ژمارە دەکرد و بۆی دەردەکەوت کە دەبێ هەرچی زووتر تەلاقی بدات و بۆ هەمیشە لە شار نیشتەجێ بێت، تاکو ئەگەر هەلی بۆ رەخسا زەوییەکەش بفرۆشێت و لە گێچەڵی کشتوکاڵی و ئیجارەدان رزگار بێت و لە شاریش خۆی خەریکی کاری بەنایی بکات کە لە بەرایی کەمێك فێری ببوو، بەم چەشنە هاوینان کاری قیرتاو بکات و لە هەمووی گرینگتر، ئەو دەگەیشتە موڕادی خۆی و دەیتوانی لەگەڵ دۆتمامی خۆی زەماوەند بکات و لە گلەییەکانی خۆی رزگار بکات. لە لایەکەوە زەوییەکانی باوکی کە بە هۆی پشتیوانی نەکردنی مەجبوور بوو ئیجارەیان بدات. هەروەها ژن و منداڵەکانی کە دانیشتووی گوند بوون و لەگەڵ دایکی ئەڵلایار پێکەوە لە ماڵێ بوون. لە لایەکی دیکەوە نیشتەجێبوون و لە شار و کاری بەنایی و قیرتاوکاری لەگەڵ گەیشتن بە دۆتمامی شارنشینی خۆی ترووسکەی نزیکاتییان بە ئەو دا.

پتر لە یەك ساڵ ئەبوو، لەو کاتەوە کە دوتمامی تەلاقی وەرگرتبوو و ئەڵلایاریش ئەویندار نازەکانی ببوو. لە هاتوچۆکانی بۆ گوند ماندوو ببوو و هەر جارە کە دەچووە گوند لای خاسەژن و کوڕەکانی، پتر لە هەفتەیەك دەوامی نەدەهێنا و دەگەڕایەوە بۆ شار. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە بێکار بوو و سەبری مانەوەی لە گوند نەبوو. ئەو ئەوینەی کە بە مەلووس هەبووی بەرەولای خۆی رای دەکێشا، کە هیچ کات ئەو کردەوانەوەی کە مەلووس ئەیزانی لەگەڵی بیکات لە درێژایی ئەم هەشت ساڵەدا هیچ کات ژنەکەی نەیتوانیبووی بیکات. کە ئەو کچێکی گوندی و ژنێکی دێنشین بوو. ئەڵلایار لە درێژایی چەندین ساڵی کرێکاری و ئیشکردن لە شارەکانی کاشان و کرماشان وەکو بەنایی و قیرتاوکردن ناوبانگی دەرکردبوو و داهاتی ئەم کارانەش لە کاری زەوی زۆرتر بوو.

تەنیا ئەم زەوییەی باوکی، بیرەوەری و ئەوینی لە دڵی هیشتبووە لە رۆژەکانی رابردوو، کە

هێشتا نەیتوانیبوو دڵی رازی بکات بیفرۆشێ و جارێ بە ئیجارەدانی دڵی خۆی رازی کردبوو.

ئەمە دیارە کە لە ئاکامدا بە هی ئەڵڵایار نابێ. چونکە وەسوەسە کراوە کە دڵی لە زەوی و ژنە گوندییەکەی لەگەڵ کوڕەکانی بکەنێ و بە کارکردن لە کرماشان لەگەڵ مەلووس زەماوەند بکات کە بەڕاستی دڵی لێ ستاندبوو و بیر و هۆشی لێ بڕیبوو و بە ناز و لەنجە دڵی لێ سەندبوو. کاتێ بێ ئەو نەیدەتوانی بە سەر بەرێت نەیدەتوانی لە گوند بمێنێتەوە.

لەم هەڵسوکەوتە ئەو کارەی کە محەممەدیار لەگەڵ زەوییەکە کردی و ئەو بەشەی کە خەواندبوویان، کێلابووی و ئەو هەستەی کە خاسەژنیش لە براکانی پشتیوانی دەکات ئەڵڵایاری زۆر تووڕە کردبوو کە هەم بەشی خۆی وەربگرێت و نرخی فرۆشتنی زەوییەکە بڵێت و هەم دڵی خۆی یەکڕایی بکاتەوە و ژنەکەشی تەڵاق بدات. و کوڕەکانی بە لای دایکییەوە لە گوندێ دابنێ تاکو خوا چی ئەوێ...

ئەوەی کە پتر لە هەموو شتێ بۆی بایەخی هەبوو بێجگە لە زەوی کە دەیزانی لایەنگری هەیە و تەنیا چاوەڕوانن ئەو کەی دەیفرۆشێ؟ تاکو هەڵیمژن، ژنەکەی خاسەژن بوو کە ئەم گێچەڵەی براکەی بیانوویەکی باش بوو تاکو گوشاری بۆ بهێنی و تەڵاقی بدات تا بە تاقی بگاتە وساڵی دوتمامی خۆی و بۆ هەمیشە شارنشین بێت و لە کرماشان خەریکی کار بێت.

کاتێ چووە نزیکی ماڵی محەممەدیارەوە دەرگا نیوەکراوەکەی کردەوە و چووە ناوەوە. ئەوەی کە هەموو ژمارە و بەرنامەی لەگەڵی خۆی کردبوو، هەمووی بە ئاکام گەیاندبوو.

گەماڵێك لە بان ماڵەکەوە خەریکی وەڕین بوو و هاتنی ئەوی هەواڵ دەدا. محەممەدیار دەرکەوت و خۆشهاتی وت:

- ئەڵڵایار تۆی؟ وەرە پێشێ. وەرە بان چاو هاتی.

کە قسە و کەلام و رەفتاری ژنبراکەی لە ئیمڕۆژ کە دیبووی تا ئێستا کە چووبووە ناو ماڵەکەی جیاوازی ئەدی، یاکو رەنگە ئاوەها بیری ئەکردەوە و ئێستاکە ئەیبینی محەممەدیار بە خۆشحاڵی لە پلیکانەکانەوە هاتە پیریەوە، بە ئەندازەی هەنگاوەکانی کە چووبووە ناوماڵی محەممەدیار، خۆشەویستی ئەویش چووە ناودڵی محەممەدیار. لە ساتێك وا ئەوی بینی، هەڤاڵی کۆنی دەشت و چیا، لە منالییەوە تا ئەم چەند ساڵەی دواییە کە هێشتا نەچووبووە شار.

خەمێ لە دڵی چەکەرەی کرد لە یادی چیایەك کە نەدەکرا ئەندامەکانی بژمێرێ و بیڵییەوە. گەلێك بیرەوەری لە منالەکانی بەرەی پێشووی ئەم گوندە کە ئێستا هەموویان پیاوبوون و هەندێکیان لە بیریان کردبوو ئەو بیرەوەرییانە، و تەنیا ئەم ساتەوەختانە، وەبیر

دەهاتنەوە. بێ دەربڕینی ئەوین و رق و هەڵسوکەوت تاکەکەسی و ویستی ماددی. کە گوند هەر ئەو گوندەیە و چاوەکان لە ناو چاوان، چیا و دەشت نە دوور، بەڵکو نزیك، دڵەکان بە تووڕەییەکی ئاگراوی و هەڵاتوو، دەتوانی ببیتە پێشمەرگە، گیانفیدا بیت و گیانباز بێت بۆ خۆشەویستی، بۆ میهرەبانی. پاش ئاگرە تیژەکەی ئەڵڵایار بە ئەندازەی حەوت پلیکان کە چووە سەرێ تا گەیشتە هەیوانەکە، گەلێك لە گرەکانی بوونە خۆڵەمیش و دانیشتە سەر خەرمانی شەرم و روودەربایسی و باسی تەعارف فەرموو فەرموو هاتە پێشێ.

ئەڵڵایار لە ژێر گلەییەکانی خۆیدا ژن براکەی ورد کرد و ئەویش بە پێچەوانەی وێنای پێشووی ئەڵڵایار، بە بێدەنگی و جووڵاندنەوەی سەر، خەتاباری خۆی قەبووڵ کرد. وا دیاربوو بەر لە گەیشتنی ئەو، براکان پێکەوە لەسەر چلۆنایەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ زاواکەیان رێك کەوتبێتن. بە کردەوە شتێ بۆ قسە نەبوو و بە ئەندازەی خواردنی چەند پیاڵە چایی و کێشانی چەند جگەرەیەکی تەماکۆ محەممەدیار بەڵێنی دا کە ئەو پارەیەی کە لە فرۆشتنی بەرهەمی زەوییە بایرەکە بە دەست دێت بیدات بە ئەڵڵایار و تەنیا بەشی تـوو و زەحمەتی خۆیان کەم بکاتەوە. ئەڵلایار پەسندی کرد. ئاگاداری کردنەوە کە هەرکەس زەوییەکەی بە نرخی باش بکرێت، دەیفرۆشێ کە دەیەوێ بۆ هەمیشە بچێ.

ئەڵڵایار بە شێوەیەك لەگەڵ محەممەدیار مامەڵەی دەکرد کە ئەوندە نەکەوێتە ناو رودربایسییەوە و ویستی رۆیشتنی بۆ شار لە کیس نەچێ، هەروەها ئەم ساڵەش قەبووڵی نەکرد کە زەوییەکەی بدات بە ئیجارە بە محەممەدیار، و پاشگەزی کردە بە روونبوونەوەی دۆخی فرۆشتنی زەوییەکەی بە چەشنی نەقدی. ئەگەر زەوییەکەی نەفرۆشرێ یاکو وەرزی کشتوکاڵ بگات ئەوکاتە دەیدات بەکرێ. محەممەدیاری خستە نێو بێسەروشوێنییەوە.

تا خواری پلیکانەکان، محەممەدیار ئەوی بەڕێ کرد. کاتێ گەیشتنە چەقی دەرگاکە ئەڵڵایار پاڕایەوە کە ئیدی خەجاڵەتی نەدات، کە خۆی ئەچێت و دەرگا تەنگەکەی کردەوە و رۆیشت. وێڕای کورتە وەستانێ تاکو جگەرەیەك داگیرسێنێ، بینی کە محەممەدیار بەرەو پلیکانەکان گەڕایەوە.

ئەڵڵایار لە پاڵ دیوارە کاگڵییەکەوە کەوتە رێ بەرەو ماڵ، کە لە چەند مەتری، لە تاریکایی لێواری کورتە دیواری کاگڵییەکەی حەساری ماڵەکە سێبەرێکی بینی کە خۆی لکاندبووە بە دیوارەکە، لە دەستیدا شتێ وەکو کارد یان چەقۆ کە سپیایەتییەکەی لەو تاریکاییە دیاربوو.

له کتوپڕ، لەرە کەوتە لەشی و لە مێشکی تێپەڕی:

- ناپیاو محەممەدیار! کەسی بۆم داناوە تاکو بمکوژێ.

ئەڵڵایار راوەستا. جگەرەکەی داخست. دەستی کردە گیرفانیدا چەقۆکەی دەرهێنا. بەر لەوەی تێخەکەی دەربهێنێ سێبەرەکە لە جێگەی خۆی جووڵەی کرد و لە دیوارەکە هاتە ئەم لاترەوە.

ئەوەی کە بینی ترسەکەی رژا. سێبەری ژنێك بوو کە سەروێنکەی وەکو چارشێو بەستبوو بە سەریدا، کەوا و کراسی لەبەرکردبوو. لە ژێر ئەوانیشەوە پانتۆڵی کوردی (شەرواڵ) لەبەر کردبوو. هەنگاوێکی بەرەو لای ئەڵڵایار گواستەوە.

ئەڵڵایار هەستایەوە سەر پەنجەی پێی. لە بەرزی دیوارەکاگلییەکەوە سەرنجی ژن براکەیدا، کەسێك نەدەبینرا. خاسەژن لە بەردەمی راوەستابوو و چاوەکانی بە تاریکایی کۆڵانی گوند تیشکیان ئەداوە لەسەری دڵی ساردوسڕ و تژی لە پرسیاری ئەڵڵایار.

- لێرە چی ئەکەی؟

خاسەژن کە دەستی لەسەر چەقۆکەیەوە بوو هێنایە خوارێ وتی:

- لە پشتی سەرتەوە هاتمە ئێرە و راوەستام، وتم نەکو ببێتە قسەتان و شەڕتان ببێت، بێم هاریکاریت بکەم، کاتێ لە ماڵەوە هاتیتە دەر، زۆر تووڕە بوویت.

ئەڵڵایار، بێدەنگ، سەرنجی دەستەکانی خاسەژنی ئەدا و سەرنجی لەشی کە دەلەرزی لەم سەرمای شەوە.

پرسیاری کرد:

- مناڵەکانت جێ هێشتووە؟

- ئەوانم خەواندووە. نەمهێشت کەسێك بزانێت. لە پشتی سەرتەوە هاتم. ترسام کە شەڕ بکەوێتە نێوانتان. هاتمە پشتی ئەم دیوارە راوەستام، وتم ئەگەر گرم و قاڵێك بوو بچمە نێو ماڵەوە بکەومە نێو بژیوانی و نەهێڵم براکەم ئازارت بدات.

پاشان خاسەژن خۆی دا بە دەستی گریانەوە:

- خۆ من بێجگە لە تۆ کەسێکم نییە. ئەگەر وا بێت و براکانم لەگەڵت شەڕ بکەن من لەگەڵ تۆم، تۆ باوکی مناڵەکانمی. مەگەر ئەبێ بە تەنیات بهێڵم.

ئەڵڵایار بۆ ماوەیەك بێدەنگ ما. پاشان دەستی ژنەکەی لە مەچەکەوە گرت و کێشای:

- وەرە بچینە ماڵەوە. شەوانە دەرەوە ساردە.

ئەو دوانە کۆڵانە چۆڵەکانی گوندیان هاوڕێ لەگەڵ وەڕینی سەگەکان لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە، تێیان پەڕاند تاکو گەیشتنە ماڵی خۆیان.

خاسەژن هێشتا هەر دەلەرزی و لێدانی دەمارەکانی لە مشتی ئەڵڵایار زۆر لە کاتی پێشوو لێی ئەدا و فرمێسك لە چاوانی ئەباری...

ئەڵڵایار لە هەناو و دڵەوە هەستی دەکرد کە پشت و پشتیوانی راستەقیتەی ئەو، خاسەژنە، ژنەکەی، دایکی منداڵەکانی و هەرچی لە خەیاڵیدا گوزەرابوو لەگەڵ کچەمامەکەی «مەلووس» هەموویان تێکچوون و وەکو فرمیسکەکانی خاسەژن لە هەبوونی ئەڵڵایار جیا بوونەوە.

وێناکانی بەر لەم شەوەی لێی جیا بوونەوە، وەکو دووکەڵی هەناسەی شەوێکی پاییزی. کە ئەیزانی هەیە و تەنانەت دەیتوانی بیبینی، بەڵام لە ئاکامدا دەچێ، ئاوەهای کە هیچ کاتێ لە دەروونەوە هەڵنەستابێتەوە.

دەستی خستە دەوری ملی شانە لەرزۆکەکانی ژنەکەی تاکو زووتر بگەنە ماڵەوە و خۆی لە پشت سەریەوە ئەهات. ئەڵڵایار ئەم ژنە بەئەمەگ و بەوەفایەی هەر سەیر دەکرد بە حەزەوە، و لەو کاتە لە دڵی خۆیشی شەرمی هەبوو تەنانەت لە وەبیرهێنانەوەی ناوی کچەمامەکەی لە شار.

خاسەژن چەقۆ تێغەدرێژەکەی کە هی راوچییەتی ئەڵڵایار بوو لە دەستی گرتبوو بە خۆڕاگری لە پلیکانەکانی ماڵەوەیان چووە سەرێ. لەسەری پلیکانەکانەوە هەڵگەڕایەوە بە هیوایەکی ژیانەوە. سەرنجێکی شووەکەی دا کە ئەوین لە دڵی بزەی دەهات. ئەڵڵایار بە شادمانی و خوشحاڵییەوە، بە گیانی چاو و دڵ سەیری ئەکرد. کە ئیدی تێگەیشتبوو باوان و سامانی راستەقینەی ئەوە، ژنەکەی «خاسەژن».

**١٣٧٤ی کۆچی**

**هەتاوی- کرماشان**

# کەژاڵ

لە یەکێك لە یەکەمین رۆژەکانی پاییزدا کارەساتێ رووی دا کە هەموو شتێکی بۆ کەژاڵ گۆڕی. هەموو ساڵێك لەم کاتە گوند پڕ ئەبوو لە پەڕەسێلکە. پەڕەسێلکەکان هەموو جێگایەك ئەچوون و گەیشتنی خەزانی بەپەلە و زستانی بە تاوهاتوویان هەواڵ دەدا، کە سەرما دێت و دەبێ لە بیری ئازۆقە و سووتەمەنی بیت. هەر بەم بۆنەوە خەڵکی بە پەڕەسێلکەکانیان دەووت قاسد، قاسدی پاییزی و زستانی لەبەردەم، بەڵام ئەمساڵ پەرسێلکەکان هەواڵێکی گرینگیان لە پشتی هەر دەلاقەیکی دارینەوە و لەسەربانی گڵێنی هەر بانێکەوە جاڕدا.

کەژاڵ ژنێکی گەنج بوو و زۆر جوان. وەکو ئەو لە گوندەکانی ئەو دڤەرە پەیدا نەدەکرا. پاش ساڵانی منداڵی و کایەکردن و ساڵانی گەنجییەتی و سەرخۆشی لە جوانی و پاشان زەماوەند و هیواکان و بڕواکان و کارکردن لە سەحرا و کشتوکاڵ، ئێستا بە هەبوونی سێ منداڵ تێگەیشتبوو بزربوویەکی هەیە. یان دەستی کەم ئەوەی کە لە ژیانیدا شتێکی کەم هەیە، کە خۆشی بە رێكوپێکی نازانێ چییە.

زۆربەی سات‌وکات تێدەفکری کە شتێ هەیە و هەر خەریکە بزر ئەبێ، خەریکە لە کیس دەچێ و ئەو ناتوانێ بەرگری لێ بکات. چونکە سەیری ئەملاوئەولای خۆی ئەدا و بیری ساڵانی تێپەڕیوی تەمەنی خۆی ئەکردەوە، تەواوی دووپاتبوونەوە بوو، هەستی دەکرد شتێ لە دەروون وردەوردە خەریکە ون دەبێ. کەژاڵ نەدیدەزانی چلۆن بێت، چی بکات خێر و باشی لەچی دایە تاکو لەگەڵ پەرسێلکەکانی ئەو پاییزە هەواڵێك هات و لە هەمووی پەرچین و دیوارەکانەوە تێپەڕی.

هەموان ئاگادار بوونەوە کە یاوەر (شووەکەی کەژاڵ) گۆزەیەکی ژێر خاکی دۆزیوەتەوە، ئاوەها و بەم شێوەیە.

ئەو گۆزەیەی لە کاتی هەڵکۆڵینی زەوییەکەی دۆزیبوویەوە. ئەم هەواڵە بەرلەوەی کە یاوەر

خۆی پیشان بدات و کەژاڵ ئەوی دیبێ هەموان بیستیان. تاکو لە ئاکام یاوەر لەگەڵ گۆزەیەکە چووە ناو حەوشی ماڵەوە. کەژاڵ لە لای بیری ئاوەکە راوستابوو:

- بە خۆشی هاتبی.

- ئەم جارە بە تەواوی. لە نێو زەویدا گۆزەیەکم دۆزییەوە.

وێڕای ئەوەی کە گۆزەیەکەی پیشانی کەژاڵ ئەدا گۆرانییەك کە خۆی بۆ کەژاڵی هۆنیبووەوە بە کوردی چڕی:

- ... هەڤاڵی من کەژاڵە/ ئەو جوانترین ژنی جیهانی‌یە/ بەنرخترین عەتیقەیەکە کە کەسێك هەیەتی/ کەژاڵ هەمووی لەشی ئەڵماسە/ وەکو مانگ، دەدرەوشێ لە دڵی شەودا/ ئەوەی کە خۆشیم ئەوێ کەژاڵە...

کەژاڵ بە خۆشییەوە سەیری دەکرد، بە بزەیەکی دڵگیر و یاوەریش بۆ ئەو.

- کەژاڵ دۆڵچەکەی[٤٤] پڕ لە ئاو بکە تاکو ئەم گۆزەیە بشۆم.

کەژاڵ بە دۆڵچە لە بیرەکە ئاوی دەرهێنا، کردی بە دەستی یاوەردا. گۆزەکە شۆردرا و قوڕ و خاکەکەی لابرا و وێنەیەك دەرکەوت، تەواو ڕووناك دەرکەوت و ئاسکێکی جوان و بەژنزراڤ لەگەڵ پێی بەرز و سەروملی ڕێكوپێك. کە خەریك بوو هەڵدەهات. دوو دەستەکانی ئاسکەکە بە شێوەیەك وێنەکرابوون کە وەکو ئەوەی کە لە هەوادایە و ڕاوچییەکی بێ‌دەمامك، تیروکەوان لە دەست، خەریکی لێدانیەتی. لەناکاو کەژاڵ شتێکی بینی کە تاکو ئەمرۆژ نەیدیبوو. ئاسکەکە جوان بوو. زۆر جوان، و لە هەموو شتێ گرینگتر، وەکو زیندوو دیار بوو و هەروەها خەریکی هەڵاتن بوو. ئەم هەڵاتنەشی جوان بوو. ئەندامەکان ڕێكوپێك، سەروملی خۆڕاگر. هیچ کات نەتدەتوانی تێبگەی کە ترساوە. ئەم وێنەیە وەها وێنایەکی هەبوو کە بە یەك سەرنج لە سەری، خۆشی ژیان و زیرەکی و هەڵاتن بەردەوام هەست دەکرا. گرینگتر لەمانە، جوانی لەکیس نەچووی ئاسکەکە بوو. هەمووی ئەمانە نە تەنیا کەژاڵ هەستی پێ دەکرد، بەڵکو تێگەیشت.

یاوەر بە شادمانی و خۆشحاڵییەوە لە پلیکانە بەردییەکانەوە دەچووە سەرێ و گۆرانی دەچڕی:

- دەمەوێ بچمە چیا / بۆ ڕاوی کارمامزێ / کەژاڵەم کوا تفەنگەکەم؟

---

٤٤- کاسەی ئاو بۆ دەرهێنانی ئاو لە بیر، دۆڵچە.

کەژاڵ دۆڵچە بە دەستیەوە لە لای بیرەکە ناوەڕاستی حەوشەکەیەوە، شوێنێ کە ئاوی زولاڵی زۆری هەبوو. پاشان چەمایەوە سەیری ئەو بیرە و لەو قوولایەی وەکو ئاوێنە لەنێو ئەو ئاوە زولاڵە تماشای خۆی کرد. ئاخ ئەو بە جوانی ئەو سەردەمانە نەماوە، لۆچی پێستی، وەکو هێڵگەلی ورد ورد، نەکو زۆر بەرچاو، بەڵام هەبوون دیاربوون، مەخابن! مەخابن! ئەو وەکو رابردوو جوان نەبوو. بەر لەمانە جوانییەکی زۆر سەیری هەبوو، بەڵام ئێستا زۆرتر خۆشەویست بوو تاکو جوان. لە خۆی پرسیاری کرد:

- بەم زووانە؟ هێشتا سی ساڵم تەمەنە.

وەکو ئەوەی کە وەکو دارێك تەکاندبێتیان، بیری کردەوە کە هەر ئێستایە کە بەشەکانی گرینگی هەبوونی، دڵی و تەنانەت روحی دەڕژێتە دەرێ. بە هەراسانییەوە بەرەو هەیوان، بەو ژوورەی کە یاوەر تێیدا بوو سەرنجی راکێشا.

- یانی یاوەر تێگەیشتووە؟ بە حەتمی تێگەیشتووە! خۆ بۆچی بۆم گۆرانی دەخوێنێ؟! نە ئەو منی خۆش ئەوێ، بە هەر شێوەیەك بم ئەوینداری منە. خۆی ئەمەی هەزار جار وتووە. لە باشی و خراپی خۆم خۆیدا.

و هاوارێك لە دەروونییەوە هەستایەوە:

- ئاخ لەم ژیانە بێ وەفایە. ئاخ لە گەنجییەتی و جوانی کە لە کیس چوو... مەخابن...

ئەگەر لەو کاتە بکرابا دەروونی کەژاڵ دەردەهات و دەنگی پەرۆشی کە لە دڵی شیوەنی دەکرد دەکرا بە وردی بیبیسی، لەم هەموو بێوەفایی و زۆرداریییە کە رابواردنی تەمەن لە مافی ئەو کردوویەتی دەبێ مرۆڤ بگریت.

لە هەمان رۆژی دۆزینەوەی گۆزییەکەوە، خەڵکی گوند، بە کۆ و تاك دەهاتن، گۆزییەکەیان سەیر دەکرد و هەر کەس شتێکی دەووت:

- ئەم گۆزەیە ژێر خاکییە. رەنگە لە ئەملاوئەولا لەم شتانە دیسان هەبێ.

- یاوەر چیت بە پارەکانی کرد. نەکو قایمت[٤٥] کردبێ، تاکو لە کاتی خۆی بچی...

- خوا ئەزانێ ئەو هی چەند ساڵی کۆنە، بە داخەوە خاڵییە.

- یاوەر! ئەو شوێنەی کە دۆزیوەتەوە نیشانی بدە. رەنگە شتی دیکەی تێدا بێت.

- جوولەکەیەك دەناسم کە شتی ژێرخاکی دەکڕێ. ئەگەر دەتەوێ بچین بۆ لای.

---

٤٥- قایم، حەشاردراو، شاردنەوە.

- دەڵێن ئامێرێك هەیە كە گەنج (ژێرخاكی) دەدۆزێتەوە، ئەم ئەتێقەفرۆشانە دەبێ هەیانبێ. ئەگەر لەگەڵیان مامەڵە بكەیت رەنگە زێڕ و خشڵیش بدۆزیتەوە.

یاوەر بیسەری قسەی هەموان بوو، بەڵام ئەترسا بڵێت كە ئەوەی لە كوێ دۆزیوەتەوە:

- وا بزانم شتێ نەبێ، خۆم گەڕام شتێكم نەدۆزیوەتەوە.

- نە بە باشی نەگەڕاوی و مەرجم هەیە كە دیسانەوە هەیە. لە بەنرخەكانی هەیە. دەبێ بە باشی بگەڕی بە ئامێر. تاكو چەند رۆژێ ئەم گۆزەیە هەر لەسەر زمانی خەڵكی گوندەوە بوو، هەموویان بە چێژ و سەرسووڕمانەوە سەیری گۆزەكەیان كرد، ستایشی سازێنەوەكەیان دەكرد و هەندێ شتیان دەووت كەسێك نەیدەتوانی بڵێ كە هی چ سەردەمێكە. ئەیانزانی كە گۆزەیەكی كۆنە. ئەوەی كە شتێكی كۆنتر لەوەیان نەدیبوو و لە بیریان نەبوو. بە تەنیا ئەمە كەژاڵ بوو كە توندتر لە جاری یەكەم و بە حەزتر لە هەر جارێ، بە سەرنج، تماشای گۆزەیەكەی ئەدا، بۆ دۆزینەوەی شتێكی گرینگتر كە نامۆ و حەشاردراو بەرچاو دەهات، بە گۆزەیەك بە ئەندازەیەكی ئاسایی و نەقشێكی هەڵكوڵراو، راوچییەك لەگەڵ تیروكەوانێك بەرەو ئاسكێكی هەڵاتوو خەریكی هاوێشتنی تیرە. و هەر جاریش دڵنیاتر دەبوو كە شتێكی تایبەت لەم وێنەیە شاردراوەتەوە، پێناسەیەكی قووڵ كە كەسانی دیكە لێی بێخەبەرن، لەودا ئاسكی جوان هەڵاتووە و ئەو راوچییە ناكاو حەیرانە.

ئەم وێنەیە ئەوەندە پسپۆڕانە لەسەر دەورادەوری گۆزەكە هەڵكوڵڕابوو كە وەكو زیندوو بەرچاو دەكەوت، وەكو ئەوەی كە دیمەنێكی راستەقینەیە كە هەر ئێستا لە حاڵی روودانە و ساتێكی دیكە تیر لە دەمی كەوانەوە دەهاوێژرێ و بە حەتمی ئاسكەكەش لەسەر خاك دەتلێتەوە. بەڵام نا، ئاسكەكە خەریكە هەڵدێت و تیر هێشتا لە دەمی كەوانەكەوەیە. وەكو ئەوەی كە گیری كردووە و راوچییەكە ناتوانێ دەستی لە تیرەكە جیا بكاتەوە. رەنگە ئەویش شەیدای جوانی راوی خۆی بووە و چووەتە نێو حەیرانی و خەونەوە... یاكو ئەویندار و شەیدای ئەو ئاسكە جوانە بووە، دڵی لە دەست داوە و تەنیا لەشی ماوەتەوە و ئاسكێ لە حاڵی هەڵاتن. گەلێك ساڵ رێگای تێپەڕاندووە تاكو بەم ساڵە گەیشتووە، لە لەوەڕگەی ساڵانی زۆر پێش گەیشتۆتە دەشتی ئەم ساڵانە. هەر بەو جوانییە هەر بەو توندییە لە هەڵاتن. بێ ئەوەی كە بتوانێ بەرەو پشت بگەڕێتەوە. هەڵاتنێك لە بەربڵاوی كات، لەو سەردەمە بۆ ئەم سەردەمە.

كەژاڵ بیری دەكردەوە كە ئەگەر پێیە چالاكەكانی ئاسكەكە نەدەبوون، نەیدەتوانی لە

چنگی مەرگ هەڵبێت  و هەروەها زیندوو و جوان بمێنێتەوە. توندیەکەی ژیانی پێداوە و خۆ ڕەنگە ئەم ڕاوەش، لەسەر خاك ئەتلایەوە و نەقشی ڕاوچی سەرکەوتوو لە حاڵێدا کە پێی لەسەر جەستەی ئاسکەکەدا بوو و بە وێنە دەکێشرا.

یاوەر بۆ ماوەیەك دیلی وەسوەسە و قسەکان بوو. بە هاریکاری چەند کەسێ، لە پاڵی ئەو شوێنەی کە گۆزەکەی دۆزیبۆوە. هەڵیانکۆڵی، بەڵام شتێکیان نەدۆزەیەوە. لە ئاکامدا سەفەری کرماشانی ڕاگرت.

خۆ پێویستی نەبوو ئاوەها گۆزەیەکی گڵێن پیشانی ئەتێقەناس بدات. هێدی هێدی لە ئاستی بایەخی ئەم گۆزەیەوە بێتەوفیر مایەوە. بە تایبەت کە کەژاڵی ئەدی کە بە چ سەیرێکی تایبەتەوە تژی لە سەرسوڕمان و جارجاریش داخ، سەرنجی وێنەی گۆزەکەی ئەدا و دەستی پێدا ئەهێنا، و هەر جاریش کە باسی فرۆشتنی دەهاتە گۆڕێ دەیووت:

- دا حەیفە. لێت بە خۆڕایی وەری دەگرن، بیهێڵەوە بۆ یادگاری.

بە تەواوی لە وەسوەسەکانی خۆی جیا کردەوە. بەم پێیە ئەم گۆزەیە پاش ساڵانی حەشاردراوی لە دڵی خاك، هاتە نێو ژوورەکەوە، لەسەر تاقی ماڵەکەوە دەرکەوت و مایەوە و بێجگە لە کەژاڵ هێدی هێدی ئەم بابەتە لە بیرەوەرییەکان دەتاردرا و دەستی کەم خەریك بوو فەرامۆش ئەکرا.

کەمێك لە شەو ڕاببوارد بوو کە کەژاڵ لە خەو هەستا. وەکو ئەوەی کە سروەیەکی سووك بە نەوازشەوە لە خەو ڕایچڵەکاندبێ. یاوەر و سێ کوڕەکەی لە خەودابوون لە پاڵی یەکدا. مانگ لە دەلاقە تیشكپژێنی ناو ماڵی ئەکرد و هەموو شتێ لە سایە ڕۆشنێکی جوان و خەیاڵاویدا نوقم ببوو. چرا لامپایەکی ناو تاقەکە لە پاڵ گۆزەکەوە، بە تروسکەیەکی کەمەوە ئەدرەوشایەوە. کەژاڵ سەری بەرز کردەوە و سەرنجی گۆزەکەی دا. ڕاوچییەکە نەدەبینرا، وەکو ئەوەی کە لە بنەڕەتدا هەر نەبووە و تەنیا خەیاڵێکی ترسێنەر بوو. تاکو ئاسکەکە بترسێنێ و هەڵبێت.

لەم کاتە ئاسکی جوان و بەژنزراڤ سەروملی جوانی لار کردبووە و تماشای کەژاڵی دەکرد:

- خوایا! چەند جوانە!

تیشکی چرا لامپاکە دەلەرایەوە و لە بەردەمی ئەو تیشکەدا، ئاسکی جوان لەگەڵ کەژاڵ دەئاخەڤی و قسەی دەکرد:

- وەکو من ئاسکی چالاك و زیرەك زۆر بووە و ئاسەوارێك لە هیچ کامیان نەماوەتەوە، بەڵام ئەبینی

که من هێشتا زیندووم و جوان. هەڵاتنی من لە تیری ڕاوچی هۆی مانەوەی ژیانم نەبووە، بەڵکو ئەوەی کە منی لەسەر ئەم گۆزەیە داناوە و ژیانی پێم دا و جوانی هێشتمەوە. ئەمە سەمبۆلی مانەوەی منە. بووم بە نەقش و وێنە لەسەر ئەم گۆزە گڵییە کەمنرخەوە پاش تێپەڕینی ئەم هەموو ساڵە دیسانەوە جوان و زیندووم. بە بەرهەمهاتنی ئەم گۆزە گڵییە بە دەوامی ژیانی من مانای بەخشی بووە هۆی بەردەوامی جوانی مـن. چونکە من لەسەر ئەم گۆزەیەوە بووم و هەم، تا ئەویش هەیە منیش هەم، کە هەروەها هەیە هەر هەیە ئەو کەسەی کە منی بەم چەشنە بە نەقش و وێنە کرد. مەرگ و تێکچوون نەیتوانی لە درێـژایی ئـەم سـاڵانە لەسەرمان زاڵ بێت و دەستی ڕاوچی هێشتا بە تیرەکەوەیە، کە ئەویش لە باردۆخی ئێمە شەیدا و حـەیران ماوەتەوە. ئەگەر تۆیش ئەتەوێ ببیتە وەکو ئێمە، بەرهەم بهێنە و بسازێنە...

کەژاڵ لە نووستندا بوو یاکو خەون؟ نەیدەزانی. یاکو لـە حـاڵی ژیـان بـوو یـان بێـداری؟ نەیدەزانی. کە ونبووی خۆی دۆزیوەتەوە و ئەوەی کە جوانی بە بەردەوامی دەهێڵێتەوە، ئەوین بە هەرمان لە دڵی ژیایەوە و ژیانەوەیەك بەردەوام وەکو خزر.

ئەمە هەر ئەو شتەی بوو کە ئەیویست، بەڵام لە دەربڕینی بێهێز بوو چەشنێك بێمـەرگی و گەیشتن بە مانەوەی هەتاهەتایی بەڵام ... چلۆن؟...

- تۆیش بەرهەم بهێنە! لە من بسازێنە!؟ داهێنانەوە... تاکو لەسـەر مـەرگ زاڵ بیـت و بگەیت بە ژیانێکی هەتاهەتایی.

کەژاڵ لە نووستن دابوو یاکو خەون؟ نەیدەزانی.

وەکو بەرەبەیان لە خەوڕا هەستا، سەرنجی ئاوێنەی دا، جوان بوو. پاش نـانی بـەیانی، بـە بزەیەك کە زۆر زۆرتر جوانتری دەکرد، ڕوو بە یاوەر وتی:

- دەمەوێ ببمە گۆزەساز و شتێ وەکو ئەم گۆزەیە بە بەرهەم بهێنم.

یاوەر سەرنجی گۆزەیەکەی دا و پاشان منداڵەکانیش و ئەو کاتـەش کـەژاڵیش کـە پـتر لـە هەموو کاتێ جوانتر ببوو.

- ئەم کارە ڕێکار و مامۆستای هەیە. ئامێری خۆی دەوێ.

- فێری ئەبم! بە دڵم داهاتووە کە ئەتوانم دروسـتی بکـەم. بـەڵێن ئـەدەم جـوانترین شـت دروست بکەم. و بۆ تۆیش جوانترین ئاسك لە نێوان جوانترین گوڵەکاندا.

١٣٧١ی کۆچی هەتاوی

# وەرزی کۆچ

هەتاو بە تەواوی چووەتە خوارەوە، دۆست و دوژمن لە یەك ناناسێندرێن. دەنگی مۆتۆری کامیۆنەکە سەری لە قەدیر شێواندووە. قەدیر تاك و ماندووە.

وەرزی کۆچە. رانەپەزێك لە جادەوە تێدەپەڕێ. شوانی لاو لە ناو جادەکە خۆی راوستاوە تاکو پەزەکان تێپەڕن. بەردەوام گۆچانەکەی بەرز دەکاتەوە و هەر سەرنجی کامیۆنەکە ئەدات.

قەدیر خۆی لەسەر سوکانی (فەرمان) ئۆتومبێل (ماشین)ەکە چەماندۆتەوە، چاوە زەقەکانی بڕیوەتە شوان و پەزەکان و فەرمانەکەشی لە نێو دەستەکانی دەگوشێ. بە داخەوە تورموزەکەی کەمێك نزم ئەبێتەوە. هەر تا ئێستایە کە قەدیر لە شووشەی بەرەوە بە سەرەوە فڕێ بدرێتە دەرێ. پەزەکان وەکو سێبەرگەلی سپیپۆش هەڵدێن، دوور دەبنەوە و لە دەشتایی شەودا بڵاو دەبنەوە. زەنگۆڵەکانی ناو ملیان زەنگی مەرگ لێدەدەن. شوان دەناڵێنێ و کڵاوی بە سەرەوە نییە. شوان هاوار دەکا و خوێنینە. جادە چۆڵ و شەویش دڵی قەدیری داگیر کردووە، بە سەر دادەدات و بە دەوری خۆیا دەخولێتەوە. قەدیر دڵی پڕ حورس بووە و دەرفەتی گریانی نییە. شوان دەناڵێنێ:

- ... دایکە... ئا... خ... دایکە...

قەدیر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. جادە چۆڵە و سیسرکەکان گۆرانی شەوانەیان دەخوێنن بێپسانەوە. و جۆگەلەیەك لەو نزیکانەیە لە ژێر جادەکەوە تێدەپەڕێ و پردێکی بچووك.

چرای کامیوونەکە رۆشنە و دەنگی مۆتۆرەکە کەسەر و داخدارە.

قەدیر شانەکانی شوانە بەرز ئەکاتەوە. ئێسقانەکانی دەرهاتوون، شوانە سووکە. هەناسەیەکی سووك دەکێشێ. بەرەو رۆیشتنە حەتمی. قەدیر چی بکات؟ پردێکی بچووکە لێرە، حەشارگەیەك.

سێبەری پەزەکان لە دەشتی تاریکدا بڵاوەیان کردووە و دەنگی زەنگۆڵەکانیش وەکو زەنگی

لەگۆڕنانە. لە نێوان دەمی کراوەی شوانەکەوە ئاخێکی درێژ دەردێت بە بەرزایی ئەم شەوە. شوان بە تەنیا دەمێنێتەوە و خوێنین. قەدیر دێت. هاوار و ناڵینەکانی شوان بەرەو کزی دەچن. رادەوەستێ. سەرنجی پاشەوەی ئەدا، بەرەو پردەکەوە. و دیسان دێت. با دەنگی ناڵینی شوانەکە دەهێنێ کە ئاخێکی درێژی تێدایە. قەدیر دیسانەوە رائەوەستێ و سەرنجی پردەکە ئەدا. گوێ رادەگرێ. باهۆز کە دەناڵێنێ:

- ئا... خ... دایکە... ئاخ... خ...

بە دەور خۆی دەخولێتەوە قەدیر، پاشان بە هەنگاوگەلی درێژ و بە پەلە بەرەو لای کامیۆنەکە دەچێ. باگژە هەڵدەکات. ناڵینەکە لەگەڵیەتی. جادە چۆڵە و دەشتایی شەو کوژاوە و خامۆشە. قەدیر گوێ رادەدێرێ. دەنگی زەنگۆڵەکان دوور کەوتۆتەوە. دژوارە شوفێری لە شەودا. قەدیر تەنیا گرمۆڵەیە. پێی لەسەر گاز گوشار دەهێنێ و هەروەها گوشاری بۆ دەهێنێ. مۆتۆری کامیۆنەکە دەناڵێنێ بە درێژایی، وەکو ئاخێکی درێژ و لەمێژ. قەدیر فرمانەکە لە نێو دەستەکانی دەگوشێ. ئەو لەسەر سەندەڵییەکەوە بێئۆقرەیە. خۆ دەخاتە سەر فرمانەکە و سەری بەرەولای شووشەکەی بەرووی نزیك ئەکاتەوە. لە نێوان ناڵینە درێژەکەی مۆتۆرەکەوە، ناڵینی شوانە ئەبیسێ، تورموز لە ژێر پێی قەدیر دیلە. هەر ئێستایەکە ئەو بە سەرەوە لە شووشەکەوە فڕێ بدرێتە دەرێ. شوانی گەنج لە سەر رێگاوە راوستاوە خوێنین. گۆچانەکەی بە هەوا دەسووڕێنێنتەوە. رچاوە قەدیر و لە شوانی لاو تێدەپەڕێ.

بەڵام هاواری ئەو لە بایەکە گیڤەگیڤ دەکات و لە دەنگی مۆتۆری کامیۆنەکەیە کە دەناڵێنێ:

- ئا... خ... دایکە... ئا... خ...

قەدیر پاکەتێ جگەرە دەردەهێنێ. بە گڕی شقارتە دەستەکانی دەلەرزن، قامکەکانیشی. قەدیر لە ئەبهامی دووکەڵی جگەرەکەدا سەرنجڕاکێش ئەبێ. دژوارە تەنیایی لە شەودا. رادیۆکەی دەکاتەوە و دووکەڵی جگەرەکە دەردەدات لە دەمیەوە، کە لەرزۆکە. ئەو ناڵینە لە دەنگی رادیۆکەش شیوەن دەکات و چ زۆر حەکایەتێکی لە خۆی حەشارداوە. ئاخێکی تاقەتپڕوکێن و بەرز ژووری کامیۆنی پڕکردووە و قەدیریش.

قەدیر سەرنجی جادەکە ئەدا کە لە کتوپڕ دەستانی قوفڵی فرمانەکە ئەبن. چاوانی لە کاسە دەرئەپەڕن، دووکەڵی جگەرە لە پشتی ددانە کلیلکراوەکانیەوە بەندە. جادەکەش ئەو شوانە گەنجە بەستوویەتی و لەسەری چێو گۆچانەکەیەوە خوێنێکی سوور و درەوشاوە، لەو تاریکاییە

دیاره، ئەو درەوشاوەیی‌یە خوێناوییە، چاوانی قەدیر بۆ لای خۆی سەرنج ڕاکێش کرد.

ئێستا ئەو نالێنە لە گیانی قەدیر دایە و دلێشی وا، ئێستایە کە دلّی راوەستێت.

قەدیری لە شوانەکە تێناپەڕێ. ناتوانێ کە تێپەرێت. لە جادەکە خۆی لائەدات. گیڤەی بـا ڕەوانەی دەکەن و قەدیر دەنالێنێ بەرز و درێژ:

-...ئا ... خ...

شەوە و جادەی ژیان چۆڵ. هیچ دەنگێك نییە، تەنانەت نالّەیەکی کورت و بایش راوستاوە بۆ سەرنج، لە بێدەنگیدا.

**١٣٧١ی کۆچی هەتاو**

# خەمی نان

بەڕێوەبەری هۆتێل «داریوش»[٤٦] سەری لە پەنجەرەی سەر شەقامەکەوە دەرهێنا و وتی:

- نێرەکەر بێدەنگ بە! بۆچی ئەم هەموو هاوارە دەکەی. یالّلا کەلوپەلت کۆکەرەوە و لێرە بچۆ. گێلاّسم هەیە گێلاّسم هەیە.

- گێلاّس سەرت بخوات!

سەرم بەرز راگرتبوو. سەرنجێکم ئەدا و نەمدەوێرا قسە بکەم. دەمبەدەمبوون خۆ گالّتەجاڕ نییە. وێڕای ئەوەی کە هێشتا هەتاو نەهاتبووە ناوەڕاستی ئاسمان، گەرما بێدادی دەکرد و تیشکی ساف و راستەوخۆ دەی دا بە ناو گلێنەی چاوەکانم و دەیانیسووتاند. بۆ ساتێك چاوم داخست و سەرم گێژ بوو خەریك بوو بکەوم. ئەو دەنگە لە سەرووی سەرمەوە هاواری کرد:

- کەتوکوێر! بێدەنگ بە! وەگەرنا دەدەم کەمێکت لێ بدەن.

دەنگی داخستنی دەلاقەکەم لە بانی سەرمەوە بیست و لەگەلّ بیستنی دەنگی پێکەنینگەلێ چاوەکانم کردەوە. دوو دانە کوڕەکەی «غولاّم هەویجی» خەریکی فرۆشتنی گەنمەشامی بوون. بە قاقاوە پێدەکەنین. لێیان تووڕە بووم و وتم:

- بێدەنگ بن، بخنکێن.

کوڕە گەورەکە کە لانی کەم دوو سالّ لە من بچووکتر بوو لە پۆلی دووەمی مامناوەندی لە پێنج دەرسدا کەوتبوو وتی:

- خۆتی.

---

٤٦- ناوی ئوتێلێکی کرماشان لە سەردەمی پاشایەتی.

و بارۆشه چڵك گرتووەكەی گرتە دەستەوە و بارۆشەی خەڵوزەكانی كرد:
- خەتای خۆتە ئەوندە هاوار ئەكەی. ئەگەر كەسێك حەز بكات دەكڕێت. خۆ خەڵكی كوێر نین و بە گرم‌وقاڵ خۆ كڕیار نایەت.
لە تووڕەیی خوێن خوێنمی دەخواردەوە. شەیتان دەیگوت:
- ئێستا كە باوكیان رۆیشتووە بۆ بازاڕێ تاكو گێزەر بكڕێ هەردووكیان شەل‌وپەتێ بكەم. بە هەر شێوەیەك بوو خۆم پێ گیرا و بێ سەرنجیانم كرد.
تەبەقەی گێلاسە سوور و درشتەكانم دانابووە سەر سندوقی میوە و تەرازووكەیشم لە پاڵی. نیوەڕۆ خەریك بوو ئەهات، لە سبەینێوە تاكو ئێستا بە كۆ دە كیلۆم نەفرۆشتبوو. چەند رۆژێ ئەبوو كە كەل‌وپەلەكەم لە بەردەم هوتێل داریوشدا دادەنا - نزیكی چوارڕێیانی ئۆجاق- و ئەملاو ئەولام دوكانی میوەفرۆشی نەبوو. هەر بەم بۆنەوە كڕیاری كەمم لێ دەكەوت. رەنگە بەو بۆنەوە كە گێلاس میوەیەكی گرانە . ئەڵبەت بۆ من سوودێكی باشی هەبوو. كەمێك ئەم دەست و ئەو دەستم كرد، شووشەكانی پەنجەرەی هۆتێلم تماشا كرد، لە ئاكام ئۆقرەم نەهێنا بۆ وەرگرتنی كڕیار، هاوارم كرد:
- ئا...ی ... گێلاسم هەیە گێلاسەكانی سەراوە(٤٧) دروشت و ئاودارن، وەرن و بیبەن، بە خوراییە بە خۆڕاییی! گێلاسی سەراو! دروشت و ئاودار!
چەند كەسێ لە لای مەیدانی «شەهنازەوە» دەهاتنە خوارێ. دیسانەوە دەستم كرد بە هاوار كردن تاكو رەنگە لێم شتێ بكڕن.
من كە بەم تەمەن و باڵا و ئەندازەوە نەمدەتوانی پشووكانی هاوینان كرێكاری بكەم، تاكو پارەیەك بۆ كاتی قوتابخانە دەربهێنم. وردەواڵەفرۆشی لە زۆركاری سەختی كرێكاریش باشتر بوو و داهاتیش زۆرتر. ئەگەر موزاحیم نەدەبوون و دەیانهێشت كە كاسبی بكەم، لەوانە و تەنانەت دیپلۆم وەرگرتنیش و بەبەرێوەبەربوونیش باشتر بوو. دایكم هەمیشە دەیگوت:
- رۆڵە! بە خێرایی خەریكی كەسب و كار بە و توانات هەبێ، چونكە لە هەرچی كرێكاری و كارمەندییە، نان و ئاوی زۆرتری تێدایە. مەگەر لە كاری باوكت چ خێرێكمان بینی . بیست ساڵی بەردەوامە كرێكاری كارگەیە، هیچمان بە هیچ

---

٤٧- شوێنێكی لێواری كرماشانە كە زۆر ئاو و هەوای خۆشە.

نەکردووە، یەکمان نەکردووە بە دوو. هەر ئەمەیە کە ئەیبینی و مەجبوورم رۆڵەی گیانم هەموو بەیانییەك لە خەو رایچەڵەکێنم و بینێرمە مەیدان. تەبەقی مێوە و تەرازوو بەم قورسییە هەڵبگریٚ، ئەملا و ئەولا بچێت کاسبی بکات، تاکو نان دەربهێنێ.

پاشان فرمێسك لە چاوانی کۆ ئەبووەوە و لە باوەشمی دەگرت. سەرمی ماچ دەکردە و ئەیووت: - رۆڵە! خوا بکات زەحمەتەکانت لـەکیس نەچـن و سـەرت لـەنێو سـەراندا وەدیار بکەویٚ، سەربەرز بیت، ئاتاجی ناپیاو نەبی. ناوی خوا بهێنە و بچـۆ بـە دووی کارەکەتدا.

- دوو کیلۆم بۆ بکێشە کورە!

دوو پیاو لە بەردەمم راوستابوون. پەشۆکام و بەپەلە وتم:

- هی سەراوە! زۆر ئاودارە...

پیاوەکان پێکەنین. بەپەلە گێلاسم کردە ناو پاکەت. دوو کیلۆم کێشا و پێیانم دا و ئەوەی کە لە بەرێوبەری هۆتێلەکەم بیستبوو لە مێشکم پەڕی و بووە پـارە چـووە نـاو کیسەی ئاوێزانکراوی دەوری ملم. دایکم کیسەیەکی دروست کردبوو، کە بەنێکی درێژی هەبوو و دەمخستە دەوری ملم تاکو پارەکانم ون نەبن یاکو نەیاندزن.

هەرچی بەرەو نێوەڕۆ دەچووین، هەوا گـەرمتر ئـەبوو و مـرۆڤیش سەرلێشـێواوتر. راوەستابوومە ژێر سێبەری یەکێك لە دارەبەنی لێوار شـەقامەکە و چـاوەڕوانی کڕیـار بووم. کورە گەورەکەی غوڵام هەویجی گەنمەشامیی دەخستە سەر خەڵوزە گڕگرتووەکان و بارۆشەیانی دەکرد، تەپوتۆز و دووکەڵێکی خنکاوی ریٚ دەخسـت. پاشـان کـە دەبـوون وەکو کەباب بە مەقاش دەری دەهێنان، دەیخستنە نێو سەتڵی ئاو و خویٚ لەبەردەستی، تاکو تازە بمێننەوە. برا بچووکەکەی راوەسـتابوو، لـە بـەردەمی مێـزی ئـاوی گێـزەر فرۆشتنی باوکیان، تاکو بێتەوە.

لەم کاتە ماشینی شارەوانی راوەستا لە نزیکمدا. ئاخ لە دەروونم دەرهـات. خۆیـان بوون ئەوان کە کاریان کۆکردنەوەی کەلوپەلی وردەواڵەفرۆشییەکان بوو. تاکو بـە خـۆم داهاتم کە کارێك بکەم، درەنگ(دێر) ببوو، من کە نەمدەتوانی تەبەقەیك میوەی پڕ لە گێلاس و تەرازوو بەم قورسییە هەڵبگرم و لە نێو شەقامدا هـەڵبێم، تـاکو شـتیٚ لـە کەلوپەلەکەم نەبەن یاکو رام نەگرن.

بێهۆ سەرنجی ئەملا و ئەولام دا. هیوایەك نەبوو. گیرم کردبوو و ڕێگای هەڵاتنم نەبوو. پیاوێك لە ئۆتوبێل(ماشین)ی شارەوانییەوە هاتە خوارێ و یەکڕاست هاتە لای تەبەقی گێلاسەکانم. خوێنسارد و بێسەرنج . وەکو ئەوەی تیرێك کە بۆ من هاوێژراوە لەگەڵ کەسێکی دیکە کاری پێ نەبوو. پەشووکابووم. لە دەوری تەبەقی گێلاسەکان و تەرازووەکەم خولامەوە و پاڕامەوە.

- تو بە عەلی سوێند مەیانبە... تۆ بە ئەو کەسەی کە دەیپەرستی...

هەنگاوێك مابوو بگات کە خۆم خستە بەردەمی و خۆم بە پێیدا لکاند و دەستم لە دەوری کەمەری گرمۆڵە کرد و بە ناڵینەوە وتم:

- تۆ بە عەلی سوێند مەیانبە، نانەکەم لێ وەرمەگرە.

چاوە بێ هەستەکانی ساف بڕیبووە سەر تەبەقی گێلاسەکان و وەکو ئەوەی کە مرۆڤ نەبوو، ماشینێك بوو کە کۆکیان کردبوو تاکو کەلوپەلەکەم تێك بدات و نانەکەم لێ بسێنێت.

وتی:

- بچۆ ئەو لاوە، سەرەخۆر.

و منی وەکو کوتە پەڕۆێك لە خۆی دوور کردەوە و فڕێمی دایە ئەولاوە. ئەوکاتە نواڕییە سەر گێلاسەکان کە سوور بوون و دروشت و ئاودار و هی سەراوی خۆمان بوو.

چەمایەوە کەفەی تەرازووەکانی هەڵگرت و لەسەر یەکی دانا و سەنگی تەرازوەکانیش لەسەری هەڕەشەی کرد کە:

- جارێکی دیکە بتبینم لەو دەڤەرە، کەلوپەلت تێك دەدەم.خۆیشت ئەدەمە دەستی پۆلیس تاکو ئیدی بێهۆ نەبیتە لەمپەڕی تێپەڕین و گواستنەوە و گەیاندن و گرموقاڵیش نەخەیتە ناو ئەم شۆستەیە.

فرمێسك لە چاوانم کۆ ببووە و دیسانەوە دەپاڕامەوە:

- گیانی ئیمام زەمان[٤٨] مەیبە. دەچمە شوێنیکی دیکە... لە بنەڕەتدا دەچمە سوراغی کارێکی دیکە.

بە توندی خۆم ڕاگرت بە مەچەکی دەستەکانیدا. بە تووڕەییەوە سەرنجمی دا و ئاگر

---

٤٨- ئیمام مەهدی.

لە چاوانم ئەباری:

- رووت کەم کەرەوە، سەرەخۆر! تەبەقەکەت دەرژێنمەوە ناو جۆگەلەی ئاوەکە، ها! تاکو تێگەیشتبی.

دەستەکانم شل بوون و بە ترسەوە خۆم کێشایە دوایەوە:

- گیانی منالەکانت مەیانبە. بە عەلی سوێند ئیدی کاسبی ناکەم.

پیاو بێ تەوەجۆ پشتی کردە لای ماشینەکەوە و رۆیشت و وتی:

- عەلی بدا لە هەناوت. ئاسایشی کۆمەڵگات تێکداوە و سوێند بە گیانیشی دەخۆی؟ کەسانی وەکو تۆ ئەم کۆمەڵگایەیان گەندەڵ کردووە. ئەوندە زمانت درێژ کردووە کە هاتوویت لە ژێر هوتێلێکی ژمارە یەکەوە وردەواڵەفرۆشی دەکەیت. دەنگ و گرم و قاڵت، ئاسایشی خەڵکی تێکداوە، بەچکەی کەر!

بێ ئۆقرە لە دەمم دەرچوو:

- خۆتی...

پیاوەکە ئەوەی لە دەستی بوو فڕێی دایە ناو ئۆتاقی ماشێنی شارەوانییەوە و گەڕایەوە و دای بە ناو گوێمدا. گێژ ببووم و چەند خولەك نەمزانی چی بووە و لە کوێم. کە وریا بوومەوە، دیم سەرنجی چاوانم ئەدا و دەمزانی چاوەڕوانە ئەگەر بجووڵێمەوە، جووڵەم دەبڕێ. بێپسانەوە یەك‌دوو مەترێ بەرەو پاشەوە هەلاتم، پاشان راوەستام و گەڕامەوە. بەباشی بیرم نەماوە. بە حەتمی فرمێسکم دەهاتە خوارێ، بەلام هەنێسکم نەدەدا.

نالەیەکم کرد:

- بۆ لێم ئەدەی؟!

نەڕاندی بە سەرم دا:

- بچۆ ون بە! زمانت کورت کەرەوە.

رۆیشت و سواری ماشینەکە بوو. بەرلەوەی ماشینەکە لێ بخورێت، رام کرد و خۆم لکاند بە دەرگەی لای ئەودا.

- دەرەقەتی من دێیت؟ ئەم هەموو وردەواڵەفرۆشە رژاوە ناو شەقام، تەنیا کارت بە منە؟ ئەگەر پیاوی...»

سەرنجی پڕڕقی کەوتە سەرم و قسەی ناو دەمم وشك بوو. وتی:

- بە تۆ رەبتی نییە گەماڵ باوکی بەرەڵڵا!...

تا ویستی دەرگاکە بکاتەوە و دابەزێت شوفێرەکە دەستی نایە سەر پێی و وتی:

- لێی گەڕێ! منالە.

لێی خوڕی و ماشین کەوتە جوولە و منیش بە دەستەکانم لکاو بووم بە پەنجەرەی ماشینەکەوە و رام دەکرد. پیاوەکە بە مشتیەوە کوتایە سەر دەستمدا. لە ماشینەکە جودا بوومەوە. ماشین توندتر بووە و دوور کەوتەوە. شوێنی ئەو مشتەی کە لێمدرابوو کزەکزەی دەرکرد. هەمووی ئێسقانە وردودروشتی دەستم تەزیبوو و بێ‌هەست ببوو. لەسەر ئەرزێ دانیشتم وەکو ئەوەی دەستم وشك بووبێت، ماڵیم و لە فرەیی ئێش سەرم بەرز کردەوە. هەتاو لکابوو بە سەرمیچی ئاسماندا و دارە خاكگرتووەکانی لێواری شەقامیش بێ جوولە و بێدەنگ بوون. لە نێو دڵم جیهانێك خەم و ئێش ئاژاوەی دەکرد. لە دەستی ناپیاوەتی ئەو ناپیاوە گەرما و هەڵمی هەتاوی نیوەڕۆ بێ‌ئۆقرە ببووم و خەریك بوو گڕ بگرم. لەو شوێنەی کە دانیشتیبووم، نزیك بوو پڕ بە دڵ بگریم.

هەستامەوە، هاتمە لای تەرازووەی بێ کێش و بێ سەنگەکانەوە و لەقەیەکی توندم لێیان دا.

تەرازووەکە هەڵگەڕا و کوڕەکانی غولام هەویجی کە تا ئەم کاتە دیار نەبوو چی دەکەن و لە کوێ بوون پێکەنین. پێکەنینیان لە هەرچی جوێن و سووکایەتی و زللە، بۆم خراپتر بوو. هاوارم کرد:

- ناپیاوان! پێم پێ دەکەنن؟ بە خۆتان پێبکەنن کە باج دەدەن.

کوڕە گەورەکە وەڵامی دایەوە:

- بزانە چی دەڵێی بێ فەڕ. یەکێکیتر لێت دەدا، رقت لەسەر ئێمە و تەرازووەکەت دەرژێنێت؟

- بی فەڕ باوکتە کە بە هەموو کەس باج ئەدات تاکو کاسبی بکات. هەرچی بم لە ئێوە باشترم.

- وەهۆی لووسکە هەرچی دەمانەویست وەڵامت نەدەینەوە زمانت درێژتر ئەبێ.

پاشان بارۆشەکەی دەستی بەرەو من فڕی دا. سەرم دزییەوە و چوومە لای مەنگەڵەکەیەوە. دووکەڵی خەڵوز چووە ناو چاوانم. زللەیەکم دایە ناو گوێی

براگەورەکەی. برا بچووکەکە دەستی لە ملم خست و بەرەو لای خۆی کێشای. بەسەرەو هاتمە ئەرزێ دا و بە زگەوە کەوتمە سەر کیسە گەنمەشامییەکان. برا بچووکەکە لەسەر پێیەکانم دانیشت و براگەورەش لەسەر و ملم گۆشاری هێنا و هەرچی جوێن و سووکایەتی فێر ببوون و دەگەیشتە دەمیان خستیانە بارم و لێیان دەدام. هاوارم کرد:

- یا! عەلی...

ناو دڵم لەرزی و لە ژێر دەست و پێیان هەستامەوە و بە مشت کوتامە ناو سنگی براگەورەکەوە. ئەوی دیکە هەڵاتە لای سەندەڵی ئاوی گێزەرفرۆشی باوکی و بە دووی شتێ ئەگەڕا و ئەمیش رای کردە ناو شەقام هاوارم کرد:

- باوك ناپیاو! دەتاندڕێنم...

هەڵگەڕامەوە بەرەو لای برای بچووکەکەی بچم و هێشتا خەریك بووم جوێنی پڕسووکایەتیم ئەدا. لەم کاتە کەسێك لە پشتی سەرمەوە دایە بە تەوقی سەرم دا و هەڵمی گەڕانە سەر ئەرزی. پاشان لێدانی دوایی درایە بە سەرمدا. چاوانم چوونە رەشاییدا، زەوی خەریك بوو لە ژێر پێمەوە دەسووڕا. هەموو شتێ تاریك و لێڵ ئەمبینی. بەتل خواردنەوە چوومە لای یەکێك لە دارەکان و دەستم پێی گرت. چەند خولەك تویێڵم لکاندە پێیدا...

دەنگی غولام هەویجیم ئەبیست کە دەینەڕاند:

- ئەگەر بۆت بەس نییە، با دیسانەوە بگەمە خزمەتت. باوکە ناپیاو! لە باتی دەستت نەیشێت لە منالەکانم ئەدەی؟ بێ وەفا!

لەو حالەی کە سەرم گێژواژ بوو و هەموو شتێ بە لێڵی دیاربوو و دڵ منیشی لێڵ کردبوو، وتم:

- لە من دەدەی؟ بۆت دەڵێم...

و خۆم تۆندتر کرد کە بە سەرمەوە بدەمە ناو زگییەوە.

غولام هەویجی وتی:

- وەکو ئەوەی کە فێری ئەدەب و رێز نەبوویت دەبێ تێکت بدەم تاکو ببیتە مرۆڤ.

بە رقەوە هاتە لامەوە کە کوڕەگەورەکەی رای کردە ناوەڕاستی من و ئەو راوەستا و وتی:

- جەناب بەرەلاّی کە مەئموورەکان هاتن سەنگ و کێشی تەرازووەکانیان برد، ئەو کاتە لەگەڵمان لار بووە و کەوتە شەڕەوە.

- باشە بە ئێمە چی، ئەوان شڕتیان کردووە، بۆ ئێمە خۆت بە زل کردووە؟

سەر و گوێ و ملم کزەی دەهات و بە دەمی کەف کردووە هاوارم کرد:

- ئەگەر دیسانەوە دەستتان لێم بخوات یانێ لێم بدەن، باوکتان دەر دێنم! وا بیر دەکەنەوە من بێخاوەنم پێشانتان ئەدەم. سەبر کەن.

غولاّم هەویجی کوتای بە سنگی کوڕەگەورەکەی و وتی:

- یابوو وەرە ئەم لاوە بزانم لە کەیەوە بوویتە خاوەنی؟

کوڕە گەوەرەکە نالاّندی:

- گیانی گەورەمان بەرەلاّی کە.

بە دەمەلاسکێوە وتم:

- بەڵێ بەرەلاّی کە. لێی مەدە.

غولاّم هەویجی رووی کردە کوڕە گەورەکەی و وتی:

- هەمووی خەتای تۆوە. مرۆڤ ناتوانێ کاتژمێرێك بە تەنیا جێتان بهێڵێ بەلای ئەم کەلوپەلانەوە، شوێنی مامەڵە دەکەنە جێگەی شەڕ. ئاخۆ یابوو بۆ خۆت تێوەگلانی ئەم گەوجە ئەکەی. ئەو ئەگەر مرۆڤ بوو گوێڕایەڵی قسەم بوو تاکو مەئموورەکان نەینە سەردەمەوە.

رق و تووڕە ببووم و نزیك بوو بگریم.

- راست ئەڵێی وەکو خۆی باجم نەداوە.

- چ باجێکمان داوە گەوج و کەر، بە ئێمە چی کە مەئموورەکان کێشی تەرازووەکەتیان بردووە.

- ئەگەر باجت نەداوە، خۆ بۆ لەگەڵ ئێوە کارێکیان نەبوو و تەنیا هاتنە سەردەمی منەوە.

- دی ئیتر خەتای خۆتە. لەوەی کە زۆر هاوار دەکەی لێت سکالاّیان کردووە.

ئەمە هەفتەیەك لێرە کەلوپەلت بلاّو کردۆتەوە و سەری هەموانت بردووە.

- تیکەنان دەرهێنانێ چ پێوەندییەکی بە کەسێکی دیکەوەیە نانی تۆم لێت بڕیوە.

- مەگەر میراتی باوکتانم خواردوە. من میوەفرۆشم لەم دەوروبەرەش خۆ میوەفرۆشی نییە.

- وا نییە. بۆ لە قسە تێ ناگەی؟ ئەو پیاوەی ژووررووە سکالای لێت کردووە بە حەتمی.

ژێری چاوانم دەفڕی و لێوەکانم دەلەرزین. شوێنی زللەکانی غولام هەویجی لەسەر روومەت و پشتی ملم خەریك ببوو کزەی دەهات.

- من لەگەڵ کەسێك کارێکم نییە. خەریکم بۆ خۆم کاسبی دەکەم بانگ دەکەم تاکو کڕیار بێت بە کەسانی دیکە چی...

-سەری ولاتت شێواندووە ئێستا ئەڵێی چیم کردووە. هەرکەس میوەی بوێ چاوی هەیە ئەبینێ حەزی کرد دەیکڕێ. هاوارکردنی ناوێ. ئێرە شەقامە خۆ تاقەوسان نییە کە. من چەند ساڵە لێرە خەریکم ئاومیوە دەفرۆشم و خەریکی کاسبیم. وێڕای ئەمەش سەد جاریش لە دوکاندارەکانی ئەم دەڤەرە ئیزنم وەرگرتووە و پاڕاومەتەوە تاکو موزاحیمم نەبن و بهێڵن تیکە نانێ دەربهێنم. تۆیش لە کەری شەیتان وەرە خوارێ. کاسبیش رێگا و شێوەی هەیە. خۆ هەر ئەبێ لە هەندێ کەس قسە ببیسی خۆ بە خۆزل‌زانین نابێ و ئەویش تۆ بەم بالا و ئەندازەیە لەگەڵ خەڵکی دەکەویتە ناو شەڕ و ئاژاوەوە.

بە دەستی خۆم نەبوو کە فرمێسك لە چاوانم دەڕژایە خوارێ و لەسەر روومەت و ملم کە دەهاتە خوارێ شوێنی زللەکانی زۆرتر کزەی دەهات.

- لەگەڵ کێ بە شەڕ کەوتووم؟ خەتای ئەم کوڕە ناپیاوانەتە. لە سەرەتاوە ئەوان دەستیان پێکرد. مەئموورەکان کێش و سەنگی تەرازووەکەمیان بردووە و ئەمان بە جێگەی ئەوە ناوجی بکەن پێکەنین و سووکایەتییان بە من کرد. مەگەر ئەم گێلاسانە چەند سوودی تێدایە؟ ئەم هەفتەیە ئەوندە کاسبیم نەکردووە کە بتوانم دیسانەوە سەنگ و کێشی تەرازوو بکڕمەوە.

غولام هەویجی نواڕییە سەر کوڕەکانیدا و لێیان بە تووڕەییەوە وتی:

- بۆ ئاژاوە دەنێنەوە. بەم شێوە گەرەکتانە بۆخوێندنی وانەکانتان پارە بەدەست بهێنن؟ کەرە تەمەڵەکان! ئەوەش لە وانەکانتان. ئەمەش لەو یەك قەرانەی کە کاسبی

دەکەن. سەرەخۆر بچۆ لای کارەکەتەوە راوەستە بزانم. خۆت ئەزانی چ گوێکت خواردووە کە بوویتە ناوبژیوان، لێت نەدەم؟

کوڕە گەورەکەی کە خۆی کۆ کردەوە چووە لای ئاگر و خەڵووزەکەیەوە و راوەستا. غولام هەویجی بارۆشەکەی لەسەر ئەرز بەرز کردەوە. بەرەو لای فڕێی دا.

- بیگرە خەریکی کارت بە.

ئەو کاتە، وەکو دڵی بۆم سووتابێ قسەکانی لەو شێوە بەم شێوە گۆڕا و وتی:

- بە کورتی بۆ خۆم دەڵێم بە هەر کەسێ رزقی خۆی پێ دەدرێ. ئێمە خۆ بەخێڵ نین. کوڕە! پەرداخێ ئاو بهێنە بیە بە دەستیەوە ئەوندە نەلەرزێ.

پێیەکانم لە تووڕەیی خەریك بوون ئەلەرزین. بە توندی لە سەر ئەرزی رایانم گرت و وتم:

- کێ ئەلەرزێ؟ ئاوم ناوێ! کاتی خۆی دێمە خزمەتتان!

- لا اله الا الله گیانەکەم! هاتی و لەگەڵمان ناکریت. بۆ خۆت ئەڵێم.

پەرداخە ئاوەکە کە کوڕە بچووکەکە لە نێو سەتڵەکە دەری هێنابوو وەری گرت و بۆ من درێژی کردەوە.

- وەریگرە بێخو، تاکو دۆخت باش بێتەوە.

- نامەوێ! ئاوی تۆم بۆ چیە. زللەم لێئەدەی و ئاویشم دەدەی.

بە دەستم دەم و لێوم پاك کردەوە و لە پاڵ تەبەقی گێلاسەکانەوە کە سوور و دروشت بوون دانیشتم. خۆ بە دروشتی ئەو کۆپلە خەمەی کە لە گەرووم گیری کردبوو و هەرچی ئەمەویست کە بە لای ئەوانەوە نەگیرم نەدەکرا. بەردەوام دەستە خۆڵیەکان ئەهێنا بە ڕوومەتمدا و هەر ئاوی چاوانیشم هەر دەڕژایە خوارێ.

غولام هەویجی لە پاڵم دانیشت.

- وەرە ماچت بکەمەوە. ئەمانە وەکو برای تۆن. بێهۆ ئەکەن کە لەگەڵت ئاژاوە دەکەن. کاتێ من هاتم تۆ خەریکی جوێندان بووی. بە کورتی لە دەستم دەرچوو و لێتم دا.

هاتە پێشەوە ماچم بکاتەوە. خۆم کێشایە دوایەوە. غولام هەویجی وتی:

- من نۆکەری تۆم، خزمەتکاری تۆم، بێ کێشیش ئەتوانی میوە بفرۆشی. بێکە ناو

پاکەت و لەسەر تەرازووەکەوە کێشانی بکە. کێشی ناوێ! سەنگیش لێی گەڕێ. بیابان تژی لە بەردە. خۆم وەکو بەردی سەنگی کیلۆ بۆت چێ دەکەم یەك کیلۆیی، دوو کیلۆیی ... دەست مەنە بە روومەوە. وەرە ئەم ئاوە بخۆرەوە تاکو کەمێك شاد بیتەوە. پاشان هاتە پێشەوە دەستی خستە دەوری ملم بە زۆر چەند جار چەپ و ڕاستی روومەتمی ماچ کردەوە. پەرداخەکەی دایە دەستم و بۆ کوڕە بچووکەکەی قیژاندی:

- را بکە بچۆ ماڵەوە نانی خواردنی نیوەڕۆمان بۆ بێنە. لە بانگی نیوەڕۆ تێپەڕیوە بە دایکت بڵێ بۆ چوار کەس چێشت بنێرێ.

پاشان بەرەو لای من و بە کەنینەوە وتی:

- رەنگە ئەتویست سەندەویچی شامیکەبابی بخۆی ئەرێ؟ یان هێلکە! ئەمانە کە بە چێشت نابن و شوکر بۆ خوا خەریکی دەبیتە پیاوێك، فرمێسکەکانت بسڕە. عەیبە خەڵکی سەرنجت ئەدەن وەکو پیاوێکی. هەستە بچۆ ناوەڕاستی ئەم گەڕەکە لە ئاوی حەوزەکە دەم و چاوت بشۆرە و وەرەوە. بێ هیوا مەبە. زۆربەی کڕین و فرۆشتن لە دوانیوەڕۆ و قەرەباڵغی دەمەو ئێوارەیە، هەستە براکەم! ئێستا چێشتمان بۆ ئەهێنن پێکەوە ئەیخوین.

بێدەنگ دانیشتبووم و شتێکم نەدەووت. کەمێك لە ئاوی پەرداخەکەم خواردەوە. بە سەختی لە گەووم چووە خوارێ. نەمتوانی پاشماوەکەی بخۆمەوە. پەرداخەکەم دانایە سەر زەوی. بێئەوەی کە لە کۆنترۆڵی خۆمدا بێت ئەو رق و خەمەی ناو گەرووم وازی نەدەهێنا و بێئیختیار فرمێسك لە چاوانم ئەهاتە خوارێ و لەسەر و روومەتمەوە تلی دەخواردەوە و لە دەوری لێوەکانم و لە نێو دەمم سوێرییەکەی هەست پێدەکرا. بەردەوام روومەت و لێوم پاك دەکردەوە و دیسانەوە هەر تەواو نەئەبوو. لە شەرم رووم هەڵگەڕاندەوە و لای حەوزەکان ناوەڕاستی شەقام هەستامەوە رۆیشتمە ئەوێ. ماڵی غولام هەویجی لە قەراغی «ئاوشوڕان»[٤٩]دا بوو و کاتی ئەوەبوو کە کوڕەکەی بە دەستماڵ و بوخچەیەکەوە دەرکەوێت. چەند مشتێ ئاوم پژاندە سەروچاومدا. بێبایەخ بوو هەر فرمێسك دەهات لە چاوانمەوە و هەتاویش لە سەرەوە بە تیژی دەیدا بە تەوقی سەر و ملمدا. جێگەی زللەکان کزەی دەکرد. لە لای حەوزی ناوەڕاستی گەڕەك حەزی

---

٤٩- ناوی گەڕەکێکی کرماشانە.

مەلەکردن کەوتە مێکشمەوە و لە یاد و بیرەوەری ڕۆژێك کە لەگەڵ منداڵانی گەڕەك ڕۆیشتبووینە قەرەسوو سەرووی کۆمپانیای پەترۆلەوە، ئەو شوێنەی کە هێشتا ئاوەکەی نەوتاوی و چەور نەببوو و پاك و خاوێن بوو، هێشتا زبڵ و پیسایی سەلاخخانەیان نەڕژاندبووە ئەوێ، ئاوەکە بۆنی گەنیوی نەدەدا. ئەو ڕۆژەش وەکو ئەمڕۆژ هەوا داغ بوو، بەڵام ئێمە لە نێو ئاوەکە فێنکمان بوو. زۆر حەزم دەکرد کە لەوێ بام و بێدەنگ و لەسەرخۆ، تا ئەو قووڵاییە هەرچی ئێش و ئازارم هەیە لە دڵدا و هەرچی فرمێسك هەیە لە چاوان بشۆردرێن و کەسێك نەتوانێ بیانبینێ و بە حەتمی ئێستاش ئەوێ فینکە و چەندە مرۆڤ لەوێ بێئێش و ئازار ئەبێ، سووك بێ ئێش و خەیاڵ و بێ خەمی نان!

۱۳٦۹ی

کۆچی هەتاوی

# کاتێ کە مەرگ بەخشەری هێمنی و ئارامییە

کچۆڵەیەك کە قەزاوقەدەر وابوو کە بمرێت، لە جێگا درێژ راکشابوو و پێڵووی چاوەکانی لەسەر یەك دانابوو دوکتۆر ئامپوول(دەرزی)ێکی لابەری ئێشی کردبوو ناو سورۆمەکەوە. پاشان بۆ چەند خولەك لە پاڵ جێگەی کچۆڵەکە دانیشت و ئەوەی کە خۆیشی بڕوای پێ نەبوو بۆ دڵگەرم کردن و ئومێدەوارکردنی کچە بەزاریدا هێنا:

- کچۆڵەم! تۆ بەم زوویی‌یە باش ئەبیتەوە، ئەو کاتە دیسانەوە دەچیتەوە قوتابخانە و لەگەڵ هەڤاڵانت یاری دەکەی وەکو رابردوو، ئێستا بە هێمنییەوە بنوو...

ئەو کاتە دوکتۆر لای کردە لای دایکی کچۆڵەوە کە وەکو مردوویەك راوەستابوو. ئاسەوارێك لە هیوا بە روومەتی دوکتۆرەوە دیار نەبوو. مخابن کە کچۆڵە دەمرد. ئەم داخ و کەسەرە بە روونی لە رووخسار و چاوانی دوکتۆر وەدەردەکەوت بۆ دایکی. رەنگە لەم شەوە یان کاتێکی دیکە راست لەو کاتەی کە چاوەڕوان ناکرێ. شێرپەنجەیەکی بێدەرمان دەبووە هۆی ئەم مەرگە ناوادە و نەویستەیە.

دایکی کچۆڵە چەند هەنگاوێ دوور لە جێگەی کچۆڵەکەی راوەستاوە. دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی دڕژاند و پاشان فرمێسکە بێدەنگەکانی بە سووچی رووسەرییەکەی سڕی، تاکو نەکا کچۆڵە چاو بکاتەوە و لێی ئاگادار بێتەوە. بە ئاخ و داخێکی نەووتراوە بە کچۆڵەی بەردەمی نواڕی. لە دۆخێکدا کە ئیدی لانی کەم هیوایەك لە دڵی نەمابوو کە دیسانەوە بتوانێ کچۆڵەکەی ساغ و بەهێز ببینێتەوە.

دایکی ئەیویست شتێ لە دوکتۆر پرسیار بکات. بەڵام لەوەی کە وشەیەك بە زمان دابهێنێ کە کچەکەی لە مەرگی خۆی ئاگادار بکاتەوە هەراسان بوو. ئەوەی کە ئەیویست پرسیار بکات، قووتیدا و بە دوکتۆرەکە وتی:

- ئەڵبەت جەنابی دوکتۆر! ئەڵبەت کچەکەم چاك ئەبێتەوە. خوا یارمەتیمان ئەدا و ئەویش دیسانەوە دەچێتەوە قوتابخانە و لەگەڵ هەڤاڵانی یاری دەکات.

و بەرەو لای کچەکەی کە هەروەها چاوی لێك نابوو درێژەی دا:

- بەر لەوەی بەهار بگات تۆ چاك ئەبیتەوە. ئەو کاتە دەچیتە دەشت و تۆ گوڵ ئەچنی. وەکو ساڵانی پێش.

رەنگە کچۆڵە قسەکانی دایکی ئەبیست و تێدەگەیشت، بەڵام هیچ بەرپەرچێکی نەدەدایەوە. هەروەها بە چاوانی لێك ناوەوە راکشابوو وەکو ئەوەی بە ئەنقەست خۆی کەمتەرخەم بە قسەکانی ئەو پێشان ئەدا.

دایکە بە پەرۆشیەوە لەسەر جێگەی کچەکەی دانیشت. وێڕای ئەوەی کە توێڵی گۆنا سوور و گەرمەکانی بە ماچە حەسرەتبارەکانی تەڕ دەکرد، بەردەوام دووپاتی ئەکردەوە:

- دڵنیام کچۆڵەکەم. دڵنیام. خوا یارمەتی ئەدات و ئێمە دیسانەوە دەچینە دەشت و باخ. کچەکەم بە هێز بە، هیوادار بە...

و پساپسا گۆنا و توێڵی کچەکەی ماچ دەکردەوە.

کاتێ دایکی لە دووی دوکتۆردا لە ژوورەکەی چووە دەرێ، کچۆڵە چاوی کردەوە. لای کردەوە و سەرنجی رۆیشتنی دایکی دا و چونکە هەستی بە چۆڵی ژوور و تەنیایی خۆی کرد فرمێسك لە چاوانی هاتە خوار و نەتەنیا بۆ ئێش و ئازارێ کە چەندین مانگ دەبوو لەش و روحی تێکدەدا و ئازاری ئەدا و بێجگە بە ئامپوول و دەوای لابەری ئێش هێمن و ئارام نەدەبوو، بەڵکو چونکە تێگەیشتبوو کە نەخۆشییەکەی بێدەرمانە و بە حەتمی دەمرێت. ئەو لە ئەزموونی منداڵانە و کەمی خۆی هیچ هەستێکی لە مەرگ نەبوو و نەیدەزانی کاتێ کە دەمرێ چی ئەبێ. تەنیا ئەیزانی تەواوی خەڵکی بۆ ئەوانەی کە دەمرن دەگرین، خەم دەخۆن، ئاخ و داخ دەکەن و شیوەن دەکەن. ئەمە بەس بوو کە تێبگات مەرگ دەبێ شتێکی خەمین و ئازارهێنەر بێت و کەسانی دی بەم چەشنە بێئۆقرەیی و خەمۆکی دەکەن و فرمێسك دەڕژێنن. کەوایە بە دڵنیایییەوە مەرگ شتێکی خراپە کە کەسێك خۆشی ناوێت و هەموان بە شێوەیەکی نادیار و تایبەت لەسەری قسە دەکەن. جیا لەمە نییە چونکە سەبارت بەویش هەر ئەم کردەوەیان هەبوو. ئەگەر بە شێوەی هەڵکەوت وتووێژی دایك و باوکی پێکەوە نەبیستبوو، هیچ کات لە کاتی هاتنی مردنی خۆی تێنەدەگەیشت. دیبووی کە ئەوان چەندە تێدەکۆشن کە لە لای ئەوەوە ئەم وشەیە بە زماندا نەهێنن.

پاشان له لای خۆیانەوە و له چۆڵایی دڵی خۆیانەوە لەسەری قسەوباس دەکەن، دەناڵێنن و فرمێسك دەڕێژن کچۆڵە نەخۆشخانە و پزیشکگەلی جۆراوجۆری بینی یا ئەوان دەهاتن کچۆڵەیان دەدی تاکو دەرمانی بکەن و کچۆڵەش هەر جار لەسەر بێهوودەبوونی ئاکامەکانی تێدەگەیشت، چونکە ئێش ریشەی داکوتابوو له گیانیدا، بێدەنگ نەدەبوو و رانەدەوستا. هەر رۆژ پتر له پێش هەبوونی لێی دەدزرا.

هەستی ئەم ئازارە بێپسانەوە، بە زانست و ئەزموونگەرییەکی زانیارانەی پێویست نەبوو. چون چاوی ساغێك کە روون ئەبینێ و بینینەکەشی بێخەتایە نەخۆشییەکەی کە بە شێوەیەکی بێبەزەیی‌یانە ئازاری دەدا. تێدەگەیشت و رێگای رزگاربوون له دەستی نەدەزانی و نەیدەناسی.

دوکتۆر و دەواکان گۆڕدران و شوێنی له خەستەخانەوە هاتەوە ماڵێ، بەڵام ئێش وەکو ئەندامێکی هەستیار و هەرماو له لەشیەوە مابوو.

ئەو ئەم کچۆڵەیە بە راستی کە نەیدەزانی چلۆن دەتوانێ لەم ئێشە گیانپڕووکێنە رزگار بێت. بە ئەو جۆرەی کە دایك و باوك و پزیشکەکان و دەواکانی ئەم رێگای رزگارییەیان بە ئەندازەی تۆزقاڵێك نەدەتوانی پێشانی بدەن.

کاتێ کە دایکی بە رووخسارێکی هەراسان کە داماوی و پەرۆشی لێی دەبارێ، بەبزەیەکی ساختە لەسەر لێو هاتە ژووری نەخۆشەوە، هێشتا جۆگەلەی فرمێسك لەسەر گۆنای کچەکەی دەهاتە خوار و حەشار نەدەدرایەوە. کەوا سەری سوورما، خۆی گەیاندە لای و روومەتی لکاند بە روومەتیەوە. لەو کاتە خەرمانی کراوەی قژەکانی بۆ چەند ساتێ رێگای هەناسەی کچۆڵەیان بەستبوو. فرمێسکەکانی هەردووکیان تێکەڵ بە یەك ئەبوون و ناڵینەکانیان ببوونە یەکێك هاواری یەك شتیان ئەکرد. دووری، دوورکەوتنەوەی هەتاهەتایی دایك و کچەکەی! و ئێستا هەردووکیان بێپەردەپۆشی، بێهیچ قسەیەك، روون زانیبوویان درەنگ یان زوو دووری گیان تەزێن و هەتاهەتایی دەگات، کاتێ دایك سەری لەسەر روومەتی تێکەڵ بە فرمێسکی کچەکەی هەڵگرت، ئەوندە خۆشەویستییەکی گیانسووتێنەر لە قووڵایی چاوانی تیشکی ئەهاویشت کە پەردەی هەر دڵێکی دەدڕاند و هەر گیانێکی تێك دەدا.

کچۆڵە بە هێمنی و ئەسپاییەوە پرسیاری کرد:

- دایکە! من دەمرم! دروستە؟

دایکی پەشۆکا بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد:

- چی ئەڵێی کچەکەم؟ زمانت گاز بگرە چ کەسێ ئەم قسەیەی کردووە؟ نە کچەکەم تۆ چاك ئەبیتەوە!

کچۆڵە وەك ئەوەی کە بیەوێ لە دایکی سکاڵا بکات وتی:

- دایکە ! درۆم پێ مەڵێن خۆم بیستوومە.

دایکی ئەم جارە هاواری کرد:

- نا... نا، درۆیە! تۆ چاك ئەبیتەوە و وەکو جاران پێکەوە...

کچەکەی قسەی پێ بڕی:

- من ئیدی چاك نابمەوە. نامەوێ دیسانەوە بڵێی کە دەچینەوە دەشت و باخ ... من ئیدی ناتوانم بۆ هیچ شوێنێ بچم. هیچ شوێنێ.

و ئەمەی بە هاوارەوە وت:

- نا ئیدی تەواوە خۆم هەموو شتێ ئەزانم.

دایکی بە دڵەڕاوکێیەوە کچەکەی سەرنج ئەدا. بە دروشمی ڕەدکردنەوە سەری بەرەو چەپ و راستەوە جووڵاندەوە. فرمێسك لە گۆناکانی وەکو تاڤگە دەهاتە خوارێ و دەڕژایە سەر سەرینەکەی. بە راستی داماو ببوو کە بە کچەکەی چی بڵێ. ئەمە ئازارێکی گەورە بوو کە سەبری دایکی بەدەر بوو. دەربڕینی راستی و درکاندن و جەختکردنی بێسەرنج لەسەر ئەم حەقیقەتە کە کچۆڵە، خۆی ئەوەی لە پێشدا بیستبوو و لێی گەیشتبوو مومکین نەبوو. لە حاڵێکدا ئەو کچۆڵەیە ماوەیەك لە رۆژانی تەنیایی لەگەڵ نەخۆشییەکەی خۆی و ئەم بیرە لەسەر بردبوو. لە ئاکامدا بە دروستی تێنەگەیشتبوو کە ئەمە چییە کە بەرەوڕووی دەچێ. ئەمە مەگەر چییە کە ئەو بەرەوڕووی دێت چلۆن دۆخێکە. چلۆن شوێنێکە. کچۆڵە ئەیویست کە بزانێت کە دەبێ چی بکات، ئێستا کە دەبێ بە مەجبووری بمرێت دەبێ چی بکات؟ بێترس ئەم پرسیارە کوشندەیەی لە دایکی دەپرسی:

- دایە! مەرگ چییە؟ دەمخەنە ژێر خاکەوە هەر ئەمە؟ تۆ من دەخەیتە ژێر خاکەوە و من لێت جودا ئەبمەوە؟ بۆ؟ بۆچی من ئەبێ بمرم؟ مردن چییە؟ من ئەبێ چی بکەم کە لێت جیا نەبمەوە؟ دایکە! من دەترسم. زۆر ئەترسم. دەمەوێ لای تۆوە بم.

دایکی نەیدەزانی کە چ رستەگەلێ پێویستە لەم کاتەدا بڵێت، بەڵام رستەگەلی ناخوداگا لە قووڵایی گیانیەوە دەهاتە دەرێ کە ویستی دڵی ئەویان پێشان دەدا:

- کچەکەم، من بەلاتەوە ئەمێنمەوە. هیچ کات جێت ناهێڵم، دڵنیابە.
کچۆلە پرسیاری کرد:
- چلۆن؟ لەو حاڵەتەی کە منت لە ژێر خاك ناوە تەنیا لە بیرت ماوە کە شوێنی گۆڕی دایەگەورەمت پێنیشان دام و گۆرستان و وتت:
- دایەگەورەت لێرەدا نووستووە! خۆت پێشانی منت دا، لە ژێر خاك و بەردەوە. ئایا منیش وەکو ئەو دەخەیتە ژێر خاك و بەردەوە؟ تەنیا! بێ تۆ! ئەو کاتە من چلۆن ئەتوانم تۆ ببینم، باوکم ببینم، چلۆن؟! من تەنیا ئەمێنمەوە هەر کاتێ بیری ئەمانە ئەکەمەوە، لەو رۆژەی کە تێگەیشتم من دەمرم لە ترساندا لەرز دەکەم. دایکە! من دەترسم. دەترسم کە تەنیا بمێنمەوە، لە ژێری ئەم هەموو خاك و بەردەوە، دەترسم!
دایك لە نێوان ناڵێنە بێدەنگ و بێ پسانەوەکان و فرمیسکە بەردەوامەکانی خۆیدا دەیگوت:
- بە جێت ناهێڵم، کچۆڵە، دڵم ترست نەبێ! بە تەنیات ناهێڵمەوە. ئەگەر تۆ بمری منیش ئەمرم. پێکەوە دەمرین. دڵنیابە کچەکەم بیری ئەم شتانە مەکەوە و مەترسە من هیچ کات بەتەنیات ناهێڵمەوە، هێمن و سەرخۆ بە.
جارێکی دی کچەکەی ئامێز و باوەشی گرت و لە حاڵێکدا کە دڵەڕاوکێ و هەراسانییەکی دژوار تەواوی لەشی دەلەرزی دووپاتی دەکردەوە:
- ترست نەبێ کچەکەم! هێمن و لەسەرخۆ بە، کە تەنیات ناهێڵمەوە. لەگەڵت ئەمێنمەوە لەهەر جێگەیەك کە تۆ هەبیت.
ئێستا کچۆڵە بێدەنگ مابوو، لە فرمێسکەکان و ترسانێکی زۆر پڕخەم کە تێکی دابوو یاکو رەنگە لە ژێر کاریگەری دەواکاندا بووبێت چاوی لەسەر یەك نابوو.
دایکی ماندوو و بە ناڵینەوە لای ئەوی بەجێهێشت و وتی:
- دایکی نەیتوانی بە بەڵێنێك کە بە کچەکەی دابوو وەفای هەبێ لەگەڵی بمرێت و بە تەنیایی نەهێڵێتەوە.
کچۆڵە شەوێك لە چۆڵایی خۆیدا لەسەر جێگەی چاوەڕوانی چەندین مانگی ئێش و ئازاری بەردەوام، بۆ هەتاهەتایی چاوی لێکنا.
لەو کاتە لەو دۆخەیدا کە رەوان لەسەر جەستەی بێگیانی خۆی راوەستا بوو، ئەو کچۆڵە

ڕەنگ کاڵەوبووگە کە سپی ببوو وەکو گەچ، کە خۆی بوو سەرنج ئەدا و ئەیبینی کە ئیدی ئێش و ئازاری نییە، دەردی نییە لەسەر ڕووخساری ئارامی و هێمنییەکی قورس دیارە و نەیدەزانی چەندە دەوامی هەیە. چەند لەو حاڵەتە بە سەر ئەبا، تاکو دایکی کە بۆ سەردانی ئەو ئەهات لە مەرگی تێگەیشت. ئەیبینی کە دایکی بە حاڵەتێکی پاڕانەوە شیوەن و هاوار و بە گریانەوە باوکی بانگ ئەکا. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو کە لە دەوری ئەو جەستە ئازاردیتووەی وەکو دارە (چێو) قەرەباڵغ بوو. تەنانەت دراوسێ و خزمەکانیش هەبوون و هەرکەس و بۆ خۆی لە نمایشی چەمەریدا کاری خۆی دەکرد. خۆی بە پێشەنگ پێشان دەدا.

لەم حاڵەتە کە کچۆڵە هەروەها بێنیگەرانی و لە هێمنی و ئارامییەکی قورس، ئەم دیمەنە کێبەڕکێیەی لە گریاندا سەرنج دەدا و نەیدەتوانی ئەوان لە دۆخی بێئێش و ئازاری خۆ بە ئاگا بکاتەوە.

کچۆڵە لەسەر جەستەی ڕچاوی وەك چێوی خۆی ڕاوەستابوو. سەرنجی دایکی دەدا کە دەستی خستبووە نێوان قژ و پەلکەکانیەوە و دەستەکانی دەکوتایە سەر سنگی بێئۆقرەیەوە و لەسەر هەر بەشێکی قسەکانیدا کە بە زاریدا دەهات لە دووری کچە هاوار و هەراسان دەیناڵاند و بێپسانەوە هاوار و فرمێسکی دەڕژاند، بەڵام کچۆڵە نەیدەتوانی لەگەڵ دایکی قسە بکات و ئارامی بکاتەوە و لە گریان و ناڵاندن پاشگەزی بکاتەوە پێی بڵێ کە ئێستا ئەو ئارام و ڕاحەتە و کێشەیەکی نییە. ئەو ئیدی لە ئێش و ئازار بە دوورە. لە شتێك هەراسان نییە و بە تەواوی لە ئارامی و هێمنی دایە! بە دایکی بڵێ:

- دایکم مەرگ دژوار نییە. ئەوەی کە تێگەیشتبوو خراپ نییە. ترس لە مەرگ تەنیا لە کاتێ بوو کە هێشتا نەمردبوو. ئێستا ئیدی هیچ هەراسێك نییە و هیچ ئازارێك نییە. ئارامی و هێمنییەکی هەتاهەتاییە و بەس.

ئەو کات لە ژێر تێگەیشتنی ئەم بێدەردی و ئازارییەدا لەسەر ڕووداوگەلێ کە لە بەردەمی لەسەر پەیکەرەی بێگیانییەوە تێدەپەڕی پێدەکەنی. هەر بەم شێوەیە لە ڕوومەتی بووکەڵەی بێخوێنی کچۆڵە لە جێگای مەرگدا، هێڵێکی بزەدار و هێمنانە، لە دوو لای لێوەکانییەوە لکا بە گۆناکانییەوە، دایکی بێخۆ لە ئێشی دەروون لە جێگای بزە و ئارامشی زاڵ بەسەر کچەکەدا، بێهۆش کەوت.

**١٣٧٣ی**

**کۆچی هەتاوی**